# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی

ساڵی سی و یەکەم (١٤١٦)- (٣)ی حوزەیرانی ٢٠٢٤


بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان / بازنەی گفتوگۆ

## هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا

# بەبێ هەرێمی کوردستان دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق مانای نییە

"چوارچێوەی هەمانگیی شیعە جددین لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی

"حزبی شیوعیی عێراق، سیستمی فیدراڵی بە بناغەی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە عێراقدا لە قەڵەم دەدات

"ئەوەی عێراقی دروستکراوی ڕاگرتووە، سیستمی سەنتراڵی و دیکتاتۆرییەت بووە، نەک دیموکراتی و فیدراڵییەت






١١٧

# پەیوەندیی تەلەفۆنیی جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق ٢٢/ ئازاری/٢٠١٣

**ڕۆژی ٢٤ی ئازاری ٢٠١٣، جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا گەیشتە بەغداو، تەلەفۆنی بۆ کردم، لە پەیوەندییەکەیدا ئەم خاڵانەی باس کرد:**

- ستایشێکی زۆری هەرێمی کوردستانی کرد و پشتگیریی ئەمەریکای بۆ هەرێمی کوردستان دووپات کردەوە و داکۆکیی کردەوە، کە زۆر ڕاشکاوانە قسە لەگەڵ مالیکی دەکات.
- داوای کرد وەزیرە کوردەکان بگەڕێنەوە بەغدا.
- بەڵێنی دا جارێکی تر کە هاتەوە، سەردانی هەولێریش بکات.
- خۆشحاڵیی خۆی نیشان دا لە پێشڤەچوون و گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا.

**دواتر منیش بەم شێوەیە ڕا و بۆچوونەکانم بۆ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا خستەڕوو:**

- پێویستە زەمینە خۆش بکرێت و کەشێکی گونجاو بڕەخسێندرێت بۆ ئەوەی وەزیرەکانمان بگەڕێنەوە بەغدا.
- ئێمە دەستوورێکمان هەیە و لەسەر بنەمای ئەو دەستوورەوە بە شەراکەت ڕازی بووین، بەڵام بەداخەوە دەستوور بەتەواوی پشتگوێ خراوە.
- ئەگەر بەغدا بەردەوام بێت لەسەر ئەم هەڵوێستە نەرێنییەی خۆی بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان، ئەوە ناچار دەبین بیر لە بژارەکانی تر بکەینەوە.

## چاپکراوی نوێ




(هەڵوێست و خەباتی بارزانی لە زاری موحسین دزەیی) ناونیشانی دواکتێبی نووسەر(زانیار سەردار قرگەیی)یە کە لەم دواییەدا چاپ کراوە. ئەم کتێبە باس لە ژیان و خەباتی کەسایەتییەکی سیاسی و ڕووناکبیر و یاساناس و تێکۆشەری ڕێی کوردایەتی و ڕێبازی بارزانیی نەمر دەکات.

پێشەکی ئەم کتێبە لەلایەن بەڕێز فازل میرانی بەرپرسی دەستەی کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە نووسراوە، لە بەشێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە موحسین دزەیی، جگە لەوەی ڕۆڵەیماڵباتێکی ناوداری هەولێرە، ئەو بەش بەحاڵی خۆی، پیاوێکی زۆر دیاری کۆڕی خەبات و کوردایەتیشە، دزەیی بە ڕێڕەوی ڕاست و دروست و بەردەوامی لە کۆڕی خەبات و شۆڕش و پارتایەتیدا، متمانەی بارزانیی مەزن، مەلا مستەفای بەدەست هێنا.

زانیار قرگەیی قۆناغ بە قۆناغی ژیانی خەباتی سیاسی و کوردایەتی و پێشمەرگایەتیی ئەو کەڵە خەباتگێڕەی لەم کتێبەدا خستووەتە ڕوو، وەك کوردێکی پاك و دڵسۆز و خەمخۆر، لە زۆر شوێن و ناوچەدا ئەرك و کاروبارەکانی بە سەرکەوتوویی جێبەجێ کردوون، لە هەر شوێنێ بووبێت بە ئینساف و ڕاستگۆیی و پاکی خزمەتی کردووە و جێدەستی دیار بووە.

قۆناغەکانی ژیانی خەباتی سیاسی و کوردایەتیی موحسین دزەیی لەوەوە دەست پێ دەکات کە قوتابی بووە لە قۆناغی دواناوەندی، دواتر کە چۆتە کۆلیژی یاسا لە ساڵی ١٩٥٠، لەوێ زیاتر هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی لە ناخیدا سەری هەڵداوە، ئەم هەستە هانی داوە زیاتر لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، چونکە ئەو کاتە پارتی تاکە حزبی نەتەوەیی بووە، کە داکۆکی لە مافی گەلی کورد دەکرد، لە ساڵی ١٩٦٣ چووەتە ناو شۆڕشەوە و بووەتە ئەندامی حزب.

ئەوەی مایەی شانازییە بۆ موحسین دزەیی ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی پارێزەرێکی ڕووناکبیر بووەن یەکێك بووە لەو کەسانەی کە دڵسۆز و هاوکارێکی باشی ڕێبازی مستەفا بارزانیی نەمر بووە، لە دانووستانی ساڵی ١٩٧٠ ڕۆڵێکی باڵای بینیوە، جێی متمانەی بارزانیی نەمر و کاك ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی بووە، بەتایبەتیش کە ساڵانێکی زۆر پلەو پۆستی نوێنەری تایبەتیی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە.

موحسین دزەیی هۆگری کتێب و خوێندنەوەیە، یەکەم کەس بووە لە لە ساڵی ١٩٥٣ وەك گەنجێکی شاری هەولێر، دیوانی (سافی هیرانی)ی شاعیری لەسەر ئەرکی خۆی چاپ کردووە، دۆستایەتیی بەتینی لەگەڵ زۆر لە نووسەر و ڕووناکبیرانی کورد و عەرەب و بیانی هەیە.

ئەوەندە ماوە بڵێین لە کۆتایی ئەم کتێبەدا، نووسەر بەشێکی بۆ وێنەکان تەرخان کردووە، کە دەیان وێنەی ئەرشیفن لەگەڵ سەرکردەکانی پارتی و کورد و کەسایەتی دیکەی سیاسی و بیانی و ڕۆشنبیران و پێشمەرگە، دەستخۆشی لە نووسەری ئەم کتێبە دەکەین، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم «



## شۆڕشی گوڵان و بوێریی ئافرەتانی کوردستان



«

ئاگا عەبدوڵڵا:

## ئامانجم ئەوەیە فاشن هاوسێکی تایبەت بە کارەکەم هەبێت و خانمانی دیکەش فێر بکەم





ئەنوشکا شانکار: «

## مۆسیقا کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی هزری مرۆڤدا


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگران:
کەمال ئاکرەیی
هاوکار ڕەحمان

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
*Web: www.gulanmedia.com*

## ئەوین ئامانج

**بۆ ئامانجێک هەوڵ دەدەم کە دەبێت تێبکۆشم لە پێناو بەدیهێنانی**



## سیستەمی GPS بۆ سیمکارت و نێت




## هۆکارەکانی ئازاری قاچ



### حەڤدەیەمین ئەڵقەی بازنەی گفتۆگۆ

# هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا



ڕۆژی ١٢ی ئایاری ٢٠٢٤ بە ئامادەبوونی د.سالار عوسمان بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بازنەی گفتوگۆ حەڤدەیەمین کۆبوونەوەی خۆی گرێ دا، وەك ئامادەکارییەك بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە لەسەر پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی.

لەم کۆبوونەوەیدا کە ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ (شڤان حەمدی، مەحفووز مایی، پ.د. نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد) ئامادەی بوون، چەندین پرسی گرنگ و هەستیار تایبەت بە گوزەرانی خەڵك و مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردن و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی تاوتوێ کران. کۆبوونەوەکە دوای گۆڕینەوەی بیروبۆچوونەکان، بڕیاری دا، حەڤدەیەمین گفتوگۆ بە ناونیشانی «هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵی عێراقدا» بێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

- لە ئێستادا هەوڵێکی زۆر ڕاشکاوانە و جددی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی هەیە، لەمەش زیاتر نییەتپاکی لە هەردوو لاوە دەبینرێت، کە مەبەستیانە ئەو کێشە کەڵەکەبووانە چارەسەر بکرێن، یان چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.
- ئاستی شاندەکانی حکومەتی فیدراڵی بۆ هەرێم ئاستێکی بەرزە و لەسەر ئاستی سەرۆك وەزیرانە، لە هەمان کاتدا ئاستی ئەو شاندانەی هەرێمی کوردستانیش کە دەچنە بەغدا، دیسان لە ئاستی بەرزە و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتیی شاندەکانی هەرێم دەکەن.
- جۆرێك لێکتێگەیشتن بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی دروست بووە، بۆ ئەمەش یەکێك لە دۆسیە گرنگەکانی سەردانی محەمەد شیاع سوودانی بۆ واشنتۆن، پرسی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی عێراق بووە لەگەڵ هەرێم و لەسەردانی شاندی هەرێمی کوردستانیش بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی بۆ تاران، دیسان یەکێك لە پرسە سەرەکییەکان ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بووە.

کۆبوونەوەکە بڕیاری دا، ئەم گفتوگۆ گرنگە لە ڕۆژی ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٤ لە هۆڵی بەش بەڕێوە بچێت و بازنەی گفتوگۆشی ڕاسپارد، کە ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئەنجام بدرێت و ڕای تێکرای پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لە خۆی بگرێت و بۆ گفتوگۆکەش ئەم بەڕێزانە بانگهێشت بکرێن:

١- د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پ.د.ك.
٢- ڕائید فەهمی، سکرتێری حزبی شیوعیی عێراق.
٣- وائیل ئەلرەکابی، سیاسەتمەدار و توێژەری سیاسی لە برایانی عەرەبی شیعە.
٤- موئەیەد ئەلجحێشی، سەرۆکی سەنتەری پشتیوانیی فیدراڵی لە برایانی عەرەبی سوننە.
٥- ئەبو کاروان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستان.
٦- عیماد ئەلمسافر، شرۆڤەوانی سیاسی لە برایانی عەرەبی شیعە.
٧- د.جەمال کۆچەر، پەلەمانتاری عێراق لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان.
٨- د.فەرهاد ئەتروشی، سیاسەتمەدار و پیسپۆڕی بواری یاسا.

- ئەندامانی بازنەی گفتوگۆ

«شڤان حەمدی، مەحفووز مایی، پ.د.نەزاکەت حسێن، د.جەلال ئەحمەد، فەرهاد محەمەد».



## ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ

# هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا

«هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا»، ناونیشانی حەڤدەیەمین چالاکیی کەلتووریی بازنەی گفتوگۆ بوو. بۆ ئەم گفتوگۆیە کە نوێنەری لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق و پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد، عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە) تیایدا ئامادە بوون، بازنەی گفتوگۆ بۆ ئەوەی وەك ڕایەڵەیەك ڕای شەقامیش لەگەڵ دیدوبۆچوونی ئامادەبووانی گفتوگۆکە پێکەوە گرێ بداتەوە، ڕاپۆرتێکی مەیدانی ئامادە کردبوو، کە تیایدا ڕاوبۆچوونی ژمارەیەك ئاکادیمیستی عێراقی (کورد و عەرەب) وەرگرتبوو. ئەم ڕاپۆرتە لەسەر سکرین پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکە بۆ ئامادەبووان نمایش کرا، کە لێرەدا پوختەیەکی دەخەینەڕوو:

د.ڕەنج محەمەد ماموستای زانکۆ - دهۆک-:

# بەشێک لەو سەرکردە سیاسییانەی لە بەغدا لە دەسەڵاتدان، بڕوایان بە تاکڕەوی هەیە، نەک پێکەوە کارکردن و پێکەوەژیان

**د.ڕەنج محەمەد، مامۆستای زانکۆیە لە پارێزگای دهۆك و بۆ ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا) بەمجۆرە دید و تێڕوانینی لەسەر ئیشکالیەت و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی خستەڕوو:**

○○○

ئەو ئیشكالیەت و كێشانەی لە پەیوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و حكومەتی فیدراڵی هەن، دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوون و بیركردنەوەی بەشێك لەو سەركردە سیاسییانەی كە ئێستا لە بەغدا لە دەسەڵاتدان. ئەو سەركردانە بڕوایان بە تاكڕەوی و سیاسەتی «سفر – یەك» هەیە، كە ئەمەش لەگەڵ بنەماكانی «هاوبەشی و هاوسەنگی و پێكەوەسازان» یەك ناگرێتەوە.

سەركردە سیاسییەكانی عێراق دابەش دەبن بۆ سەر دوو بەش، بەشێكیان كە بڕوایان بە كاری پێكەوەیی و پێكەوەژیان و فیدراڵییەت هەیە، ئەمانە ئەو سەركردە سیاسییانەن كە لەناو دەسەڵات كاریگەرییان نییە، یان لەدەرەوەی دەسەڵاتن، بەشێكی دیكەیان كە بڕوایان بە كاری پێكەوەیی و پێكەوەژیان و فیدراڵییەت نیە، ئەمانە ئەو سەركردانەن كە لەناو پرۆسە سیاسییەكەن و خاوەنی دەسەڵاتن، زۆر جاریش ئەسڵەن لە بری بەكارهێنانی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا، زۆر ڕاشكاوانە سیتسمی سەنتراڵی بەكار دەهێنن و باسی دەسەڵاتی سەنتراڵی دەكەن.

لایەنێكی دیكە كە دەخوازم ئاماژەی پێ بكەم، پرسی دەستوور و یاسایە لە عێراقدا، ئەگەر باسی دەستوور بكەین، ئەوا هەموو عێراقییەكان بە ئامادەبوونی كۆی سەركردە سیاسییەكانی و هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی، دەنگیان بەم دەستوورە داوە و ئەم دەستوورەیان پەسەند كردووە. لەم دەستوورەدا لانی كەمی مافەكانی گەلی كوردستان دابین كراوە، بۆیە هەموو عێراقییەكان بە خۆشحاڵییەوە وەك دەستوورێكی گەورە و دەستكەوتێك بۆ عێراق و هەرێمی كوردستان پێشوازییان لێ كرد.

ئەم دەستوورە دەبێت بنەمایەك بێت بۆ داڕشتنی یاساكان لە دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەم پێ كرد، ئەو سەركردە سیاسییانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە لەبەغدا، نایانەوێت لەسەر بنەمای دەستوور یاساكان دابڕێژدرێن، بەڵكو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی مەزهەبیی خۆیان، دەیانەوێت یاساكان پەسەند بكرێن. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بكەم سەركردە سیاسییەكانی ئێستای دەسەڵات لە عێراقدا زیاتر لە هاندەری یاریی تۆپی پێ دەچن. ئەوان بەوجۆرە سەیری گەمەكە ناكەن كە یاسا و ڕێسای خۆی هەیە و پێویستی بە كاری پێكەوەیی و هەماهەنگی هەیە، بەڵكو بەو جۆرە ڕەفتار دەكەن، كە دەبێت هەر براوە بن، كاتێكیش دەدۆڕێن، ناوبژیوان تاوانبار دەكەن. كەواتە لە دوماهیدا دەگەینە ئەوەی چۆن هاندەرێكی تۆپی پێ بەو جۆرە سەیری گەمەكە دەكات لە دەرەوەی یاسا و ڕێسا و كاری پێكەوەیی، بەشێك لە سەركردە سیاسییەكانی عێراقیش، لە دەرەوەی یاسا و دەستوور و بنەماكانی هاوبەشی و هاوسەنگی و پێكەوەسازان سەیری پرۆسەی حوكمڕانی لە دەوڵەتی عێراقدا دەكەن، هۆكاری سەرەكیی ئەم ئیشكالیەتەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو سەركردە سیاسییانە باكگراوندیكی مەزهەبییان هەیە و پەروەردە نەكراون بۆ ئەوەی لە سیستمێكی دیموكراتی و فیدراڵی حوكمڕانی بكەن.



**ئەو سەرکردە سیاسییانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە لەبەغدا، نایانەوێت لەسەر بنەمای دەستوور یاساکان دابڕێژدرێن، بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی مەزهەبیی خۆیان، دەیانەوێت یاساکان پەسەند بکرێن**

### د.ڕەعد ئەلعزاوی مامۆستای زانکۆ:

# سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ـەوە گەل و چیا دروستی کردوون و لەمجۆرە سەرکردانە لە بەغدا نییە

**د.ڕەعد ئەلعزاوی، مامۆستای زانکۆیە و یەکێکە لەو عەرەبە عێراقییانەی کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە و سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، بەمجۆرە بۆ ڕاپۆرتەکەی بازنەی گفتوگۆ هاتە ئاخاوتن:**

○○○



پێش هەموو شت دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، چوارچێوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە ڕووە تیۆرییەکەیەوە لە دیدگای لامەرکەزییەتەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم چوارچێوەش لە سەرانسەری جیهاندا باشترین میکانیزمە بۆ چارەسەری کێشەی دەوڵەتە فرەنەتەوەکان. جێگەی ئاماژەپێکردنە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە هەتا ئێستا بە هۆی نەگونجان، یان چارەسەرنەکردنێکی سەردەمیانە بۆ کێشەی فرەنەتەوەیی ٥٠٠ شەڕی ناوخۆیی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ڕوویان داوە. ئەمە یەکەمیان.

دووەم: چوارچێوەی یاسایی بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ چەسپێنراوە و ئەم چوارچێوەیەش لە هیچەوە ناهاتووە، بەڵکو چەند پێشینەیەکی هەیە، لەوانە:

- با بگەڕێینەوە بۆ دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٥٨، من وای دەبینم زەعیم عەبدولکەریم قاسم، دەرکی بەو ڕاستییە کردبێت، کە هیچ چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و لە عێراقدا بەتایبەتی بوونی نابێت، بێجگە لە چارەسەرکردنی لەناو چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستووریدا، هەر بۆیە لە دەستووری ١٩٥٨ بە دەق نووسراوە: «کورد لەگەڵ عەرەب هاوبەشن لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا»، ئەمە دووبارە بووەتەوە لە دوای عەبدولکەریم قاسم و هاتنی سەرکردە قەومییەکانی عەرەب و لە دەستوورەکانی ساڵانی ١٩٦٣، ١٩٦٤ هەروەها لە ساڵی ١٩٧٠ لە دەستووری بەعسییەکاندا هاتووە: «عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکدێت کە کورد و عەرەبە و دەبێت بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بکەن بەرەو باشتر».
- دەتوانم بڵێم: دەستووری عێراقی ٢٠٠٥ چوارچێوەیەکی پێگەیشتووتری وەرگرت و تیایدا دەسەڵات و بەرپرسیاریەتییەکان و جۆری بەشداریکردن دیاری کران، بەڵام تێنەگەیشتن لە لامەرکەزییەت و فیدراڵییەت بوونی نەبوو. بەرپرسانی بەغدا زۆربەیان لەو حزبانە نەبوون کە دیموکراتین و هەیکەلەی دیموکراتیان هەیە و لە ڕێگەی کۆنگرە و هەڵبژاردنەوە هەڵبژێردرابن، سەرکەوتن بۆ دەسەڵات و کاتێك گەیشتنە دەسەڵات هەوڵیان دا، ئەم دەسەڵاتە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن، ئەم حاڵەتە جۆرە ئیشکالیەتێکی لەنێوان پارتە دێرینە کوردییەکان دروست کرد، کە بنکەی ڕێکخستنەکانیان لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و

پرۆگرامی دیموکراتی بونیاد نرابوون، بەڵام ئەو پارتانەی دوای **٢٠٠٣** دامەزرابوون، تەنیا لە پێناوی گەیشتنە دەسەڵات دامەزرابوون.

بە بۆچوونی من، چارەسەری ئەم بارودۆخە بە چالاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دەستپێدەکات، بە ڕێگەی هاریکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەردوولا و بە گەرەنتیی دەستوور دەست پێدەکات، ئەم ئاراستەیەش ئایندەیەکی باشتر بۆ کورد و عەرەب لە عێراقدا بەدەست دەهێنێت. بەڵام لە ئێستادا ئەم ئاراستەیە بوونی نییە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو حزبە سیاسییە عێراقییانەی لە دوای **٢٠٠٣** دامەزراون، لە چەمکی ماددی و ئیعتوباری سیستمی فیدراڵی تێناگەن، لەمەش زیاتر لە بڕیاردانی سیاسیدا سەربەخۆ نین و فەرمان لە هێزە ئیقلیمییەکانەوە وەردەگرن.

ئەو پرسیارەی گرنگە لە خۆمانی بکەین، ئەوەیە کە «ئایا ئامانجی هێزە ئیقلیمییەکان لەگەڵ ئامانج و ستراتیژیەتی گەلی عێراق یەك دەگرێتەوە؟ بێگومان نەخێر، بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم: دەبێت حزبە سیاسییە عێراقییەکان کاریگەریی هێزە ئیقلیمییەکانیان لەسەر نەمێنێت و هەوڵ بدرێت بە ڕێگەی ئامۆژگا و ناوەندەکانی هزر، لە تیۆریی لامەرکەزییەت و سیستمی فیدراڵی باشتر تێبگەن.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە ڕووبەڕووی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دەبێتەوە، ئەوەیە کە چۆن ئامانجە باڵاکانی گەلی عێراق (بە کورد و عەرەبییەوە) دیاری بکەین؟ چۆن دەتوانین ئایندەی خۆمان بونیاد بنێین؟ سەرنج بدەن، چین دەوڵەتێکی دواکەوتووە بەراورد بە هۆنك کۆنگ، ئەمە لە کاتیکدا ڕووبەری چین هەزاران جار لە ڕووبەری هۆنك کۆنگ گەورەترە، بەڵام دەبینی هۆنك کۆنگ گەیشتووەتە پلەی یەکەم لە سەر ئاستی جیهان، تەنانەت لە باکووری چینیش ناوچەیەکی بچووك هەیە پێی دەڵێن «ئەنگۆشیا»، ئەوانیش مافی ئۆتۆنۆمییان وەرگرتووە، زۆریش پێشکەوتوون، بۆیە چارەسەری ڕاستەقینە بۆ کێشەی فرەیی نەتەوەیی لامەرکەزی، یان ئۆتۆنۆمی و فیدراڵییەتە، هەر بۆیە ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین بەرەو پێشکەوتنێکی باشتر هەنگاو هەڵبگرین، ئەوا بەغدا پێویستە لەسەری لەو ڕاستییە تێبگات، کە سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، سەرکەوتنی عێراقە، لەمەش زیاتر دەروازەیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دوو پرسی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا پێویستە چارەسەر بکرێن، یەکەمیان کێشەی فەلەستینە و دووەمیان کێشەی کوردە.

سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەسەر ئەم پرسە زۆر باش پێگەیشتوون و تێگەیشتوون، لەبەر ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، ئەو سەرکردەیانەن کە گەل و چیا هەر لە ساڵی **١٩٦١**ـەوە دروستی کردوون و لە خەبات دانەبڕاون و بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی بەغدا بەراورد ناکرێن. من لەگەڵ زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق و کوردستان ئەزموونم هەیە. سەرنج بدەن، ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هاوپەیمانێکی بە متمانە سەیری هەرێمی کوردستان دەکەن، لە بەرانبەردا سەیر بکەن، چۆن سەیری حکومەتی فیدراڵی عێراق دەکەن، کە حکومەتێك بڕیارەکانی لە دەرەوە بۆ دێت و جێبەجێیان دەکات.

لە دوماهیدا دەمەوێت ئەوە بڵێم پشتیوان بە خوا لە میانەی ئەو دیدارانەی ڕۆژانە سەرۆك مسعود بارزانی لەگەڵ شاندەکان ئەنجامی دەدات، هەروەها لە میانەی سەردانەکانی کاك نێچیرڤان بارزانی و کاك مسرور بارزانی بە بەردەوامی بۆ بەغدا ئەنجامی دەدەن، دەبێتە هۆکاری تێگەیشتن و کامڵبوونی هێزە سیاسییەکان لە بەغدا، لە هەمان کاتدا پێویستە لە ڕێگەی دامەزراوە سیاسی و ئەکادیمییەکانەوە، بەردەوام شرۆڤە و باسی سیستمی فیدراڵی بۆ بەرپرسە عێراقییەکان بکەن، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی باشتر لە چەمکی فیدراڵییەت تێبگەن، بۆ ئەوەی باشتر هەنگاو هەڵبگرین بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیستمە لە پێناوی سەقامگیری و پێشکەوتن لە عێراقدا.

**لە دوای شەڕی دووەمی جیهانەوە هەتا ئێستا بە هۆی نەگونجان، یان چارەسەرنەکردنێکی سەردەمیانە بۆ کێشەی فرەنەتەوەیی ٥٠٠ شەڕی ناوخۆیی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ڕوویان داوە**

**ئەو حزبە سیاسییە عێراقییانەی لە دوای ٢٠٠٣ دامەزراون، لە چەمکی ماددی و ئیعتوباری سیستمی فیدراڵی تێناگەن، لەمەش زیاتر لە بڕیاردانی سیاسیدا سەربەخۆ نین و فەرمان لە هێزە ئیقلیمییەکانەوە وەردەگرن**

**بەغدا پێویستە لەسەری لەو ڕاستییە تێبگات، کە سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، سەرکەوتنی عێراقە، لەمەش زیاتر دەروازەیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. دوو پرسی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستە چارەسەر بکرێن، یەکەمیان کێشەی فەلەستینە و دووەمیان کێشەی کوردە**



**د.جەلال قادر** مامۆستای زانکۆ - سلێمانی-:

# هۆکاری سەرەکیی کێشەکانمان لەگەڵ بەغدا نەبوونی گوتارێکی سیاسیی یەکگرتووی کوردستانییە

**د.جەلال قادر، مامۆستای زانکۆیە لە سلێمانی و سەبارەت بە کێشە و ئاریشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی و تێڕوانینی کورد بۆ عێراقی نوێ و تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی بۆ ڕاپۆرتی مەیدانیی بازنەی گفتوگۆ خستەڕوو:**

○○○

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بە دیدگا و دونیابینییەکی تازەوە سەیری بونیادنانەوەی عێراقی نوێی دەکرد و ئامانجی ئەوە بوو، وڵاتێك بونیاد بنێنەوە کە بنەمای «دیموکراتی و فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی» لەخۆی بگرێت و، ئەم بنەمایانە بچەسپێنرێن. هەر لەم دیدگا و دونیابینییەشەوە دەستپێشخەری کرد بۆ بونیادنانەوەی ئەم عێراقە تازەیە، بەڵام وێڕای ئەوەی لە ٢٠٠٥ دەستووری عێراق نووسرایەوە و دەنگی پێ درا و پەسەند کرا، بەڵام کاری پراکتیکی ئەوەی سەلماند کە ئێمە لە عێراقدا لەگەڵ کۆمەڵێك لایەنی سیاسی و سەرکردەی بڕیاربەدەست

مامەڵە دەکەین، کە بڕوایەکی پتەویان نە بە دیموکراتی هەیە، نە بە سیستمی فیدراڵی و هاوبەشیی ڕاستەقینە لەگەڵ کورددا. ئەم بۆچوونە ڕەها نییە، لەبەر ئەوەی لەوانەیە بەشێك لە سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان بڕوایان بە پرۆسەی دیموکراتی و فیدراڵی هەبێت، بەڵام بە ڕاشکاوی دەڵێم: ئەو نەوەیەی کە لە دوای ٢٠٠٣ هاتنە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئێستا لەناو سەنتەری بڕیاردان و دەسەڵاتدارن، بەو ئاستە بڕوایان بە دیموکراتی و سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا نییە. لەلایەکی دیکەوە کێشەی ئێمە لە لایەك لەگەڵ ئەو سەرکردە و بڕیاربەدەستانەیە کە باوەڕی تەواویان بە دیموکراتی و فیدراڵی نییە، هەر ئەم سەرکردە بڕیاربەدەستانەش خاوەنی بڕیاری سیاسیی خۆیان نین و کاریگەریی دەوڵەتە ئیقلیمییە گەورەکانی دراوسێمانیان لەسەرە.

کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کە کاتێك سەرکردەی بڕیار بەدەست لە عێراقدا بڕوای تەواوی بە دیموکراتی و سیتسمی فیدراڵی نەبوو، ئیدی چۆن پرانسیپی «هاوبەشی و هاوسەنگی و پێکەوەسازانی» کردەیی دێتە ئاراوە؟ بۆیە ئەم پرانسیپانە پێش هەموو شت بڕوابوونە بە بنەماکانی دەستوور و دیموکراتی و پێکەوەژیان، کە ئەم بڕوابوونە بوونی نەبوو، ئیدی ناتوانین بڵێین بە ئاسانی ئەو بنەمایانە دێتە بوون، هەر بۆ نموونە، باس لەوە دەکرێت کە ددانیان ناوە بە ئەزموونی هەرێمی فیدراڵیی کوردستاندا، بەڵام ئەم ددانپێدانانە ئەمری واقیع بووە و بوونی هەبووە، ئەوان نەهاتوون هەرێمێکی فیدراڵی بۆ ئێمە بونیاد بنێن و بڵێن فەرموو ئەمە مافی ئێوەیە.

بەڵام وێڕای هەموو گلەیی و ڕەخنەیەکیشمان لە دەسەڵاتدارانی بڕیار بەدەستی بەغدا، هەندێ پرسیش هەیە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە و دەبێت ڕەخنە لە خۆشمان بگرین. پێش هەموو شت ئێمە دەبوایە کارمان لەسەر دامەزراوەکانی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا بکردایە و پێداگریمان بکردایە کە ئەو دامەزراوانەی پێویستن بۆ تەواوکاریی سیستمی فیدراڵی دروست بکرێن و دابمەزرێن، یان ئەو دامەزراوانەی کە حکومەتێکی فیدراڵی بەرجەستە دەکات، پێداگری بکەن بۆ ئەوەی بونیادی بنێن، ئێمە لەمەدا کەمتەرخەم بووین. هەر بۆ نموونە لە دەستووری عێراقدا هاتووە، دەبێت ئەنجومەنی یاسادانان دوو ئەنجومەن بن، ئەمەش بەو مانایەی دەبێت هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەنجومەنی فیدراڵیش هەبوایە، بەڵام خەممان لە گرنگبوونی ئەم ئەنجومەنە نەکردووەتەوە، بوونی ئەم ئەنجومەن بۆ بەدیهێنانی هاوبەشییەکی ڕاستەقینەی کورد لە عێراقدا زۆر گرنگ بوو. لەلایەکی دیکەوە نەبوونی یەکڕیزی و تەبایی لەناو حزبە سیاسییەکانی کوردستان، هەروەها نەبوونی گوتارێکی سیاسیی یەکگرتووی کوردستانی بۆ قسەکردن لەگەڵ بەغدا و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، ئەمەش هۆکارێکی هەرە سەرەکییە کە حکومەتی فیدراڵیی عێراق وەك دەرفەت قۆستوویەتەوە و ڕێگەی نەداوە هاوبەشییەکی ڕاستەقینەی کورد لە عێراقدا بێتە ئاراوە.

هەر بۆیە لە ئاکامی ئەو تێڕوانینەی سەرکردە بڕیار بەدەستەکانی عێراق کە بڕوایان بە دیموکراتی فیدراڵی نەبووە و پەرتەوازەیی نێوماڵی کورد و نەبوونی گوتارێکی یەکگرتووی کوردستانی، تووشی کۆمەڵێك کێشەی گەورە بووین. هەر بۆیە من وای دەبینم، ئەو واقیعە سیاسییەی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان، کۆمەڵێك ئاماژەی بە سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان داوە، کە هەوڵ بدەن دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە قاڵب بدەن.

لە ئێستادا کە هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن جارێکی دیکە سەرلەنوێ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا ڕێك بخرێنەوە، پێویستمان بەوە هەیە کە گوتاری سیاسیی خۆمان بەرانبەر بە بەغدا یەکگرتوو بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین دیدیگا و ستراتیژیەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دیدگا و ستراتیژیەتی حکومەتی فیدراڵی، هاوتەریب و هاوشان بکەین. ڕاستە عێراق بە تەواوەتی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی نییە، بەڵام بەو جۆرە مامەڵە دەکات کە قسە و بڕیاری کۆتایی دامەزراوەکانی بەغدا یەکلایی بکەنەوە.

**کاری پراکتیکی ئەوەی سەلماند کە ئێمە لە عێراقدا لەگەڵ کۆمەڵێك لایەنی سیاسی و سەرکردەی بڕیاربەدەست مامەڵە دەکەین، کە بڕوایەکی پتەویان نە بە دیموکراتی هەیە، نە بە سیستمی فیدراڵی و هاوبەشیی ڕاستەقینە لەگەڵ کورددا**

**سەرکردە بڕیاربەدەستەکانیش خاوەنی بڕیاری سیاسیی خۆیان نین و کاریگەریی دەوڵەتە ئیقلیمە گەورەکانی دراوسێمانیان لەسەرە**

**ئەو واقیعە سیاسییەی نێوان حزبە سیاسییەکانی کوردستان، کۆمەڵێك ئاماژەی بە سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان داوە، کە هەوڵ بدەن دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە قاڵب بدەن**

**د.غانم عابد** توێژەر و نووسەری سیاسی:

# لایەنە سیاسییەکانی شیعە پێش پێکهێنانی حکومەت هەموو ڕێککەوتن و بەڵێنێک ئیمزا دەکەن، کە حکومەت پێکهات، پاشەکشەی لێ دەکەن

**د.غانم عابد، توێژەر و نووسەرێکی سیاسیی عەرەبی عێراقە و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە، سەبارەت بە ئیشکالیەتی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە لێدوانێکدا بۆ ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ بەمجۆرە دیدوتێڕوانینەکانی خۆی خستەڕوو:**

○○○



**حاڵەتی هاوبەشیی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گۆڕدرا بۆ بەشدارییپێکردنی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا**

لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دیاردەیەکی سەیر هەیە، ئەو دیاردەیەش ئەوەیە کە ڕێککەوتنە سیاسییەکان دەچنە سەرووی دەستوور و یاساکانی دەوڵەتی عێراق. لە کاتی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا، لایەنە سیاسییەکان ئامادەن هەموو بەڵێنێك بدەن و هەموو ڕێککەوتنێك ئیمزا بکەن، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕێککەوتن و بەڵێنانە دەستووری و یاساییش نەبن، تەنیا لە پێناوی ئەوەی حکومەت پێکبهێنرێت، بەڵام کە حکومەت پێکهێنرا، ئەم سیناریۆیانەی لایەنە شیعەکانی عێراق لەگەڵ هەر دوو پێکهاتەی کورد و عەرەبی سوننە چەندین جار دووبارە کراونەتەوە. دەبینین ڕێککەوتن و بەڵێنی نووسراو هەیە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراونەتەوە و هەموو کەسێك بینیویەتی، بەڵام جێبەجێ ناکرێت.

لە ڕێککەوتنی ئەمجارەی پێکهاتەی عەرەبی سوننە لەگەڵ چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، سێ بەڵێنی زۆر گرنگیان پێدایەن کە بریتی بوو لە «لێبوردنی گشتی بۆ زیندانییەکان، گەڕانەوەی ئاوارەکان، هەڵوەشانەوەی دامەزراوەی دادپەروەری و لێپرسینەوە»، ئەوا ئێستا ئەم حکومەتە تەنیا یەك ساڵ تەمەنی ماوە، بەڵام هیچ کام لەم بەڵێنانەی جێبەجێ نەکراون. بۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم: کەموکورتییەکە لە بەغدا و حکومەتی فیدراڵییە، نەك ئەو هاوبەشانەی بۆ پێکهێنانی ئەو حکومەتە ڕێککەوتنیان ئیمزا کردووە. هەتا حکومەت پێکدەهێنن، هەموو بەڵێنێك دەدەن، دواتر دەست بە پاشگەزبوونەوە دەکەن. ئەمە تەنیا لەگەڵ حکومەتەکەی سوودانی نەبووە، بەڵکو لە ٢٠٠٣وە تائێستا ئەم دیاردەیە هەبووە و هەیە.

ئەگەر سەرنج لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بدەین، هەر لە دروستبوونی کابینەی یەکەمی نووری مالیکی لە ٢٠٠٥، ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە کورد هاوبەشی ڕاستەقینەی پرۆسەی سیاسی بێت لە عێراقدا، بەڵام لەگەڵ وەرگرتنی خولی دووەمی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران لەلایەن نووری مالیکییەوە، هاوپەیمانیی نێوان کورد و عەرەبی شیعە دەستی بە تێکچوون کرد، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کورد و عەرەبی شیعە هاوپەیمانیی ستراتیژی لە نێوانیان هەبوو، بەڵام نووری مالیکی لە خولی دووەمی کابینەکەیدا دەستی کرد بە بچووككردنەوەی ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، هەر بۆیە حاڵەتی هاوبەشیی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گۆڕدرا بۆ بەشدارییپێکردنی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا.

ڕەمەزان کیڤلی مامۆستای زانکۆ – زاخۆ-:

# بڕیاربەدەستانی بەغدا لەسەر بنەمای لۆژیکی هێز مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن

ڕەمەزان کیڤلی، مامۆستای زانکۆ زاخۆیە و سەبارەت بە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی تێڕوانین و مامەڵەی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆ ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ بەمجۆرە دیدوبۆچوونەکانی خۆی خستەڕوو:

○○○

زۆر بەداخەوە مامەڵەکردنی دەستەبژێر و سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای «لۆژیکی هێزە»، نەک «هێزی لۆژیک»، ئەم پرانسیپەش لەسەر تێڕوانین و جێبەجێکردنی دەستوور و دارشتنی یاساکانی عێراق ڕەنگدانەوەیەکی زۆر خراپی هەبووە، ئەمەش ڕۆژانە هەستی پێ دەکرێت کە هەوڵێک هەیە و دەیانەوێت هێزی دەوڵەت بە چەندین ڕێگای نادەستووری و نایاسایی بەسەر هەرێمدا فەرز بکەن.

ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق تەواو تەواو پێچەوانە و دژی ئەو دیدگا و بۆچوونەیە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ کاریان بۆ کرد. سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ئامانجی لە بونیادنانەوەی عێراقی نوێ «عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فرەیی» بوو، بەڵام ئەم ئاراستەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو ئایندەیەکی نادیار هەنگاو هەڵدەگرێت. من وای دەبینم، ئەگەر ئەم ئاراستەیە بەردەوام بێت، چارەنووسی عێراق زۆر لە ئێستا خراپتر دەبێت. هۆکاری هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم دەستەبژێر و سەرکردانەی ئێستا لە دەسەڵاتی عێراقدا بڕیار بەدەستن، پاشخانێکی ئایدیۆلۆژی عروبییان هەیە و بڕوایان بە بنەماکانی «دیموکراتی، پێکەوەسازان، دستوور،سەروەریی یاسا» نییە. هەر بۆیە ئێمە ئەگەر سەیری ڕەفتاری ئەوان بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین، هەموویان کار بۆ پێشێلکردنی ئەو دەسەڵاتانە دەکەن، کە هەرێمی کوردستان لە دەستووردا بۆی دیاری کراوە و مافی دەستووریی هەرێمی کوردستانن.

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم بارودۆخە، گرنگە هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خۆی لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و دەوڵەتانی ئیقلیمی و بە پشتبەستن بە دەستوور گوشارێکی گەورە بکاتە سەر حکومەتی عێراق، بۆ ئەوەی بیروبۆچوون و ئەقڵییەتی خۆیان بەرانبەر هەرێمی کوردستان بگۆڕن و ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بگرن.



ئەم دەستەبژێر و سەرکردانەی ئێستا لە دەسەڵاتی عێراقدا بڕیار بەدەستن، پاشخانێکی ئایدیۆلۆژی عروبییان هەیە و بڕوایان بە بنەماکانی «دیموکراتی، پێکەوەسازان، دەستوور، سەروەریی یاسا» نییە

**کارزان ئەحمەد** مامۆستای زانکۆ - سلێمانی-:

# لە دوای ٢٠٠٣ لە عێراقدا تەنیا دەموچاوەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و ئەقڵیەت هەمان ئەقڵییەتی پێشانە



کارزان ئەحمەد، مامۆستای زانکۆیە لە سلێمانی و سەبارەت بەو گرژی و هەڵکشان و داکشانەی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی دەبیندرێن، بەمجۆرە دیدوتێڕوانینەکانی خۆی بۆ ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ خستەڕوو:

○○○

لە سیستمی دەوڵەتە فیدراڵییەکانی جیهاندا، هەموو هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، خاوەنی کۆمەڵێک دەسەڵاتن کە دەتوانن هەرێمەکەی خۆیانی پێ بەڕێوەبەرن، هەروەها حکومەتی فیدراڵیش خاوەنی کۆمەڵێک دەسەڵاتی سنووردارن کە بوارەکانی سیاسەتی «دارایی و دەرەوە و بەرگری» دەگرێتەوە. هەرێمی کوردستانیش وەك هەرێمێکی دەستووریی لەناو دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، دەستووری عێراق کۆمەڵێك دەسەڵاتی بۆ دیاری کردووە، بەڵام بەداخەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردووە هەوڵێك هەیە، بۆ دروستکردنی ئاستەنگ بۆ ئەو دەسەڵاتانە و دەیانەوێت دەسەڵاتەکانی هەرێم کەم بکەنەوە و، ڕێگە نەدەن ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانەی خۆی پیادە بکات، واتە هەوڵیان داوە، بە شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لە قاڵب بدەن و سنوورداری بکەن، ئەمەش هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماتی گرتووەتەوە، بەڵام لە هەموو بوارەکان زیاتر ئالنگاری و هەوڵەکانیان زیاتر لە بواری ئابووریی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە و پەنایان بۆ بڕینی بودجە و مووچەی کوردستان بردووە.

**لەم کابینەیەی د.محەمەد شیاع سوودانی، هەست بە جۆرێک لە کرانەوە و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی دەبینرێت**




لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئاستی هاوبەشیی کوردستان لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا، هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا هەوڵێك هەیە، کە ڕێژەی کورد لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی ئاستەنگی بەئەنقەستی بۆ دروست دەکرێت، ئەمەش لە پێناوی ئەوەیە کە هاوسەنگی و هاوبەشی و پێکەوەسازان وەك بنەمایەك بۆ عێراقی نوێ بوونی نەمێنێت. هەر بۆ نموونە، ئەگەر تەنیا باسی سوپای عێراق بکەین، دەبینین، ڕێژەی کورد لەناو سوپای عێراقدا زۆر کەمە، ئەمە لە کاتێکدا دەبێت کورد لە سوپای عێراقدا بەپێی قەوارە و ژمارەی دانیشتووانی پۆست و بەشداری لە سوپای عێراقدا هەبێت، بەڵام نییەتی.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە، کۆمەڵێك سەرکردە و کەسایەتیی سیاسیمان لە پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق بینیوە، بەڵام بەداخەوە هەر یەکەیان بە جۆرێك کێشەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، ئەمە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە لە دوای ٢٠٠٣وە ئەوەی لە عێراق گۆڕاوە تەنیا دەموچاوەکانە، ئەگەرنا ئەقڵییەت هەمان ئەقڵییەتی شۆڤێنییە کە سەیری هەرێمی کوردستانی پێدەکەن و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

هەوڵەکانی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ لەسەر ئەوە چڕکرایەوە، کە بتوانێت گۆڕانکارییەك لەو ئەقڵییەتە شۆڤێنییە بێنێتە ئاراوە و، بە نییەت پاکی مامەڵە لەگەڵ کورد و هەرێمی کوردستان بکەن و ئەوەی لەسەر ڕێك دەکەوین، وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەهاتەدی.

لەم کابینەیەی د.محەمەد شیاع سوودانی، هەست بە جۆرێك لە کرانەوە و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی دەبینرێت. ئومێدەوارین ئەم کرانەوەیە بەردەوامی هەبێت، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان مەبەستێتی کێشەکانی لەگەڵ بەغدا چارەسەر بێت و هەنگاو بەرەو ئاشتی و سەقامگیری هەڵبگرین، نەك کێشە و پاشاگەردانی.

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا هەوڵێک هەیە، کە ڕێژەی کورد لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدراڵی ئاستەنگی بەئەنقەستی بۆ دروست دەکرێت**



**خالید بادی چاودێری سیاسی - دهۆک-:**

# لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا هیچ ڕژێمێکی عێراقی هەوڵی جددی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم وڵاتەدا نەداوە

**خالید بادی، چاودێری سیاسیی لە پارێزگای دهۆك، سەبارەت بە دیرۆکی چاسەرنەکردنی کێشەی کورد لە عێراق و پەیوەندییەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەمجۆرە دید و تێڕوانین و بۆچوونەکانی بۆ ڕاپۆرتی بازنەی گفتوگۆ خستەڕوو:**

○○○

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق لەماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوودا، ئەو ڕاستییە دەبینین کەوا، هەموو ڕژێمەکانی عێراق بە (پادشایی و کۆمارییەوە، تا دەگاتە ئێستاش) هەر هەموویان دژایەتیی ڕەوایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیان کردووە و دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٩١یش بە دیفاکتۆ هەرێمی کوردستان دروست بوو، دژایەتیی ئەم هەرێمە و ئەم قەوارە سیاسییەی کوردستانیان کردووە، ئەمەش هەمووی لە پێناوی ئەوەیە کوردستان نەگاتە ئامانجی خۆی و گەلی کوردستان مافەکانی بەدەست نەهێنێت.

دیرۆك، درۆ لەگەڵ کەس ناکات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دیرۆك، دیرۆك شاهیدە کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، چ ڕۆڵێکی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە هەبووە، بۆ هێنانەدی برایەتی لەنێوان نەتەوەکانی ئەم ناوچەیەدا، بەڵام دوژمنانی گەلی کوردستان و هەندێك دەوڵەتی ئیقلیمیی زلهێزیش، بوونە ڕێگر بۆ ئەوەی کورد نەگاتە ئامانج و برایەتی و پێکەوەژیان لەنێوان نەتەوەکان دروست نەبێت.

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، هەموو شێوازێکی دڕندانە و نامرۆڤایەتی دژی گەلی کوردستان گیرایە بەر، هەر لە کۆمەڵکوژی و



بە سووتماککردنی خاك و هەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفال و هێرشی کیمیاباران، بەڵام ئەم گەلە خۆڕاگرە مقاوەمەی کرد و تا گەیشتە ئەوەی دوای سەرهەڵدانی بەهاری ١٩٩١ ئەم هەرێمە بێتە بوون. ئەم هەرێمە بەرهەمی ئەو هەموو قوربانیدانەی گەلی کوردستانە و ئەوەی ئێمە داوای دەکەین، مافێکی سادە و سرووشتیی خۆمانە و پێیان دەڵێین: ڕێز لەماف و ئیرادەی ئەم گەلە چەوساوەیە بگرن. ئێمە ڕازین هەرێمێك بین لە چوارچێوەی عێراقدا، بەس ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی ئێمە بگرن. ئەگەر ڕێز لەمافە دەستوورییەکانمان ناگرن، ڕێگەمان بدەن سەربەخۆ بین و خۆمان خۆمان بەڕێوە بەرین، بەڵام ڕێگەشمان نادەن سەربەخۆ بین.

ئێستا لە عێراقدا بەناو «عێراقی نوێ و عێراقی فیدراڵ» هەوڵەکان بەو ئاراستەیەن، بە ڕێگەی دادگای فیدراڵی دژایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بچووك بکەنەوە و دەسەڵاتەکانی سنووردار بکەن. دەیانەوێت بودجە و مووچەی هاووڵاتیانی کوردستان بکەن بە کارتی گوشار و دژی حکومەت و خەڵکی کوردستان بەکاری بهێنن، بۆ ئەوەی ناچارمان بکەن، سازش لەسەر مافە دەستوورییەکانمان بکەین.

هێز و لایەنە سیاسیەکانی عێراق بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتدار و بڕیاربەدەستن لە عێراقدا، زیاتر گرێدراوی ئەو هێزە ئیقلیمییانەن، کە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی حکومەتی عێراق هەیە. عێراق نوقمی گەندەڵی بووە و شەڕی شەفافییەت بە کوردستان دەفرۆشن.

ئەم واقیعەی ئێستا لە عێراق بەڕێوە دەچێت، چیمان پێ دەڵێت و چیمان لەسەر فەرز دەکات؟ بە قەناعەتی من، گرنگە هەموو هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لە مەغزای ئەم واقیعە سیاسییەی ئێستای عێراق تێبگەن. دەبێت بزانن، ئەگەر یەکڕیز و تەبا و خاوەنی یەك گوتاری یەکگرتووە کوردستانی نەبین، ئەوا هەرێمی کوردستان ئەو توانای نابێت ڕووبەرووی ئالنگارییەکان ببێتەوە و تێیانپەڕێنێت.

ئێمە شۆڕش و بەرخۆدانمان کرد، بۆ ئەوەی کوردستان نیشتمانێك بێت بۆ هەموومان و بە جوانترین شێوە بونیادی بنێینەوە و پێشکەوتوو بێت، بۆیە ئەگەر یەکگرتوو نەبین، ئایندەمان ڕۆشن نابێت، بۆ ئەم بارودۆخە زۆر گرنگە بە یەکگرتوویی و بە ڕێگەی دەستووری و یاسایی ئەم قۆناغە تێپەڕێنین.

**ئەم هەرێمە بەرهەمی ئەو هەموو قوربانیدانەی گەلی کوردستانە و ئەوەی ئێمە داوای دەکەین، مافێکی سادە و سرووشتیی خۆمانە و پێیان دەڵێین: ڕێز لەماف و ئیرادەی ئەم گەلە چەوساوەیە بگرن. ئێمە ڕازین هەرێمێک بین لە چوارچێوەی عێراقدا، بەس ڕێز لە مافە دەستوورییەکانی ئێمە بگرن. ئەگەر ڕێز لەمافە دەستوورییەکانمان ناگرن، ڕێگەمان بدەن سەربەخۆ بین و خۆمان خۆمان بەڕێوە بەرین**



## د.سالار عوسمان

بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا کۆمەڵێک کێشەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و ئیرادەیەکی ڕاستەقینە نەبووە بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن

د.سالار عوسمان، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە دەسپێکی گفتوگۆی ئەم جارە (هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی تێڕوانینی حکومەتی فیدڕاڵیی عێراقدا)، سەرەتا لە پەیڤێکدا زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیەی کرد و، ئامادەبوونی ئەو بەشداربووە بەڕێزانەی بەرز نرخاند، کە لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق و کوردستانەوە بۆ ئەم گفتوگۆیە هاتبوون و پێی ڕاگەیاندن: «بەخێر بێن بۆ کوردستان، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و پارتی دیموکراتی کوردستان ماڵێکی گەورەیە بۆ کۆکردنەوەی هەموو عێراقییەکان، ئەمڕۆ لەم هۆڵەدا و ئەو بەشداربووە بەڕێزانەشی بە سکایپ لەگەڵمان ئامادەن، کۆبووینەوە بۆ ئەوەی گەنگەشە و گفتوگۆ لەسەر پرسێکی گرنگ بکەین، پرسێك کە پەیوەندیی بە هەموو عێراق و بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە. بە ڕاشکاوی و برایانە باس لە تێڕوانینی حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق دەکەین، بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان. ئێمە دەزانین جۆرێك لە ئیشکالیات و لیکتێنەگەیشتن لە نێوان حکومەتی فیدڕاڵی و هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەوجا بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی جددی لەسەر ئەم پرسە هەستیارە بکەین، ئێمەی عێراقی بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و جیاوازیی بیروبۆچوونی سیاسیمانەوە، پێویستمان بەوەیە پێکەوە بیرو بۆچوونەکانمان زۆر بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی لەگەڵ یەکتری ئاڵوگۆڕ بکەین».

دوای ئەوەی ئامادەبووانی ئەم گفتوگۆیە تەواوی بیربۆچوونەکانی خۆیان لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەستیارە خستە ڕوو، بەرپرسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم شێوەیە دید و تێڕوانینی خۆی و پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ میوانان خستەڕوو:

میتۆدی بازەی گفتوگۆ کە ئەمڕۆ حەڤدەیەمینی بەڕێوە چۆو، بەو شێوەیە کە منیش و هەڤاڵانم لە بازنەی گفتوگۆ زیاتر گوێ بگرین، ئەگەرنا ئێمەش قسە و باسی خۆمان لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەیە، بۆیە زۆر بە کورتی هەڵوەستە لەسەر چەند ڕەهەندێکی گشتی دەکەم.

دەوڵەتی عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا کۆمەڵێك کێشەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە و ئیرادەیەکی ڕاستەقینە نەبووە بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن، لە سەرووی هەمووشیانەوە کێشەی کورد کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە هەیە.

بەڕێزانی ئەم گفتوگۆیە ئاماژەیان بە پرسێکی گرنگ کرد، ئەویش ئەوەیە کە «عێراق هەر کێشەی بونیادنان و پێکهێنانی هەیە». ئەگەر لەسەر بنەمای ئەم پرسە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەوا دەبێت هەڵوەستە لەسەر ئەوە بکەین، کە دەوڵەتی عێراق لەلایەن بەریتانیا و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی دروست کرا، نەك دروستبوونی ڕەنگدانەوەی خواستی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێت. بۆیە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان (دروستبوون) و (دروستکردن)دا هەیە، کە لێرەدا ناچینە ناو ئەو وردەکارییە.

بە درێژای ئەم مێژووە دوور و درێژە، هەتا ئێستای عێراقی نوێش، کە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە، مێژووی سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا سیستمێکی سەنتراڵی و دیکتاتۆرییەت بووە، ئەمە ڕاستییەکی تاڵمان بۆ ئاشکرا دەکات، بەو مانایەی، ئەوەی عێراقی دروستکراوی ڕاگرتووە، سیستمی سەنتراڵی و دیکتاتۆرییەت بووە، نەك دیموکراتی و لامەرکەزی، یان فیدراڵییەت.

کاتێك دوای ساڵی ٢٠٠٣ قۆناغێکی نوێ لە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەست پێدەکات، عێراقی نوێ دەخاتە بەردەم دووڕیانی پرسیارێك: ئایا دەتوانێت بە پیادەکردنی سیستمێکی دیموکراتی و فیدراڵی خۆی بەڕێوە بەرێت؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە، بۆیە من وای دەبینم، ئەگەر سیستمی دیموکراتی و فیدراڵی بە ڕاستی لە عێراقدا پیادە بکرێت، عێراق وەك «دەوڵەت» جارێکی دیکە کێشەی – دروستبوون-ی بۆ دروست دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی پێکهاتە سەرەکییەکانی کورد و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە پێی ڕازی نین.

ئێمە ئەگەر ڕاشکاوانە لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ بکەین، ئەگەر لە عێراقدا دیموکراسییەتی ڕاستەقینە پیادە بکرێت، ئەوا هەیکەلەی ئێستای دەوڵەتی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام گۆڕانکارییەکی دیموکراسییانە لە چوارچێوەی پیادەکردنی سیستمێکی فیدراڵیی ڕاستەقینەدا کە بەش و پێکهاتە جیاوازەکانی ئەم وڵاتە مافی خۆبەڕێوەبردنیان هەبێت و، جۆرێك لە سەربەخۆیی خۆیان لە چوارچێوەی ئەم عێراقە فیدراڵییەدا هەبێت.

بەداخەوە ئەوەی ئێستا دەیبینین، ئەوەیە کە لە عێراقی ئێستادا کە ناوی عێراقی نوێ و عێراقی فیدراڵییە، لە ڕوانگەی هێز و هەژموونەوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکرێت و دەیانەوێت لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لە بەرانبەردا ڕوانگەی هەرێمی کوردستان «ماف و چارەسەر»ـە، بۆ ئەمەش کورد بە درێژایی مێژوو ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، هەر دەرفەتێك بۆ کورد هاتبێتە پێشەوە، داوای «ماف و چارەسەر»ی کردووە.

لە قۆناغی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ کە سەرباز و فەرماندەکانی تەواوی فەیلەقی ٥ی سوپای عێراق کەوتنە دەستی خەڵکی هەولێر، زۆر ڕێزیان لێ گیرا و بە ڕێزەوە ڕەوانەی لای ماڵ و منداڵەکانیان کرانەوە، بەڵام لە بەرانبەردا لە دوای ڕیفراندۆمی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ بینیمان زۆر بەداخەوە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق پەنای بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی برد و، بینیمان لە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی هەرێم چییان کرد.

لە دوماهیدا دەخوازم جەخت لەوە بکەمەوە کە ڕوانگەی «هەژموون و هێز» لە عێراقی دیموکراسی و فیدراڵیدا سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی ١٠٠ ساڵە ئەم ڕوانگەیە لەگەڵ کورد تاقی دەکرێتەوە و سەرکەوتوو نەبووە، لە بەرانبەریشدا ئەگەر سیاسیی یان دەسەڵاتدارێکی عەرەبی عێراق وا تێگەیشتووە کە ڕوانگەی کورد کە «ماف و چارەسەرە»ـە، ئەمە لە لاوازییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوا بە دڵنیاییەوە پێیان دەڵێین: «بە هەڵە لەم پرسە هەستیارە تێگەیشتوون»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك باس لە دیموکراتی و پێکەوەژیان و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەینەوە، دەبێت ئێمە هەموومان بە دوای چارەسەردا بگەڕێین و بگەینە چارەسەرێکی هاوبەش، لە ئێستا باشترین چارەسەر ئەوەیە، کە ئێمە دستوورێکمان هەیە و هەموومان دەنگمان پێ داوە، با ڕێزی بگرین و جێبەجێی بکەین. دەبێت مادده و بڕگەکانی ئەم دەستوورە بکەینە نەخشە ڕێگە، هەم بۆ چارەسەری کێشەکانمان و هەم بۆ بنەماکانی دەوڵەتی عێراق بە مانا گەورەکەی.

**دەوڵەتی عێراق لەلایەن بەریتانیا و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی دروست کرا، نەک دروستبوونی ڕەنگدانەوەی خواستی تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بێت**

**زیاتر لە ١٠٠ ساڵە، مێژووی سیستمی حوکمڕانی لە عێراقدا سیستمێکی سەنتراڵی و دیکتاتۆرییەت بووە**

**ئەوەی عێراقی دروستکراوی ڕاگرتووە، سیستمی سەنتراڵی و دیکتاتۆرییەت بووە، نەک دیموکراتی و لامەرکەزی، یان فیدراڵییەت**

**ئەگەر لە عێراقدا دیموکراسییەتی ڕاستەقینە پیادە بکرێت، ئەوا هەیکەلەی ئێستای دەوڵەتی عێراق گۆڕانکاری بەسەردا دێت**

**لە عێراقی ئێستادا کە ناوی عێراقی نوێ و عێراقی فیدراڵییە، لە ڕوانگەی هێز و هەژموونەوە سەیری هەرێمی کوردستان دەکرێت و دەیانەوێت لەسەر ئەم بنەمایە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن**



**ڕائید فەهمی**

سکرتێری حزبی شیوعیی عێراق:

# لەسەر ئاستی ناوەند هەوڵێک هەیە دەسەڵاتەکانی هەرێم سنووردار بکەن، وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین بودجە دوادەخەن و گوشار لەسەر هەرێم دروست دەکەن

ڕائید جاهد فەهمی ساڵح، یەکێکە سیاسەتمەدارە دیارەکانی عێراق و لە ساڵی ٢٠١٦ەوە بۆ پۆستی سکرتێری حزبی شیوعیی عێراق هەڵبژێردراوە، لە بواری کاری ئەکادیمییشدا دەرچووی کۆلێژی ئابووریی لەندەنە و هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە پسپۆری ئابووریی زانکۆی لەندەن و بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای زانکۆی سۆربۆنی لە فەرەنسا هەیە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٩٠-٢٠٠٥ وانەبێژ بووە لە دامەزاوە ئەکادیمیەکانی فەرەنسا و هەروەها نوێنەری حزبی شیوعیی عێراق بووە لە فەرەنسا، لە بواری کاری نووسین و ڕۆژنامەگەریشدا یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (الثقافة الجديدة) کە لەلایەن حزبی شیوعیی عێراقییەوە دەردەکرا، هاوکات لە ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٤ سەرنووسەری گۆڤارەکەش بووە. لە بواری کاری حکوومی و بەشداریکردنی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٦- ٢٠١٠ وەزیری زانیاری و تەکنەلۆژیا بووە و ساڵانی ٢٠٠٧-٢٠١١ سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ بووە، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٨ هەڵبژێردرا بۆ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەڵام دوای خۆپیشاندانەکانی تشرین دەستی لەکار کێشاوەتەوە و سەرقاڵی کاری سیاسی بووە هەتا ئێستا، لە گفتوگۆی ئەم جارەشدا (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی حکومەتی فیدڕاڵیی عێراقدا) بە دیدێکی نیشتمانپەروەرانە جیا لەوەی بیروبۆچوونەکانی خستە ڕوو، لە هەمان کاتدا جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، کە مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتیش یەکێکە لە مافەکانی گەلی کوردستان و، بەم جۆرەش دید و تێڕوانین و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی خستە ڕوو:

پێش هەمــوو شــت زۆر سوپاســی بەشــی ڕۆشــنبیری و ڕاگەیاندنــی مەکتەبــی سیاســیی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان دەکــەم، کــە بــۆ ئەم پرسە گرنگە کۆمەڵێك دەستەبژێری لەسەر ئاستی عێــراق بــە جیاوازیــی ئاییــن و نەتــەوە و مەزهەبــەوە کــۆ کردووەتــەوە، ئــەم پرســەی ئەمــڕۆ گفتوگــۆی لەســەر دەکەیــن، ئێجــگار گرنگــە، ئەمــەش نــەك تەنیا بۆ ئێستا، بەڵکو بۆ ئایندەی عێــراق و بــۆ ئــەو بەرێزانەشــی لــەم گفتوگۆیــەدا بەشــدارن.

لێرەوە پێش ئــەوەی بێمــە سەرباسی بارودۆخی ئێستای عێــراق و تێروانینــی لایەنــە عێراقییــەکان سەبارەت بــە هەرێمی کوردســتان، چەند پرسێکی ســەرەکی هــەن، پێویســتە دەستنیشــانیان بکەیــن، لەوانــە:

- هەمــوو لایەنــە سیاســییەکانی عێــراق لــە بەغــدا هەمــان هەڵوێســتیان بەرانبــەر هەرێمــی کوردســتان نییــە، بەڵکــو هەڵوێســتەکان جیــاوازن، بۆیــە ناکرێــت کــە باســی تێروانینــی لایەنــە سیاســییەکانی عێــراق دەکەیــن، هەموویــان بخەینــە یــەك ســەبەتەوە.

- هەندێــك پــرس لــە ســتراکچەری دەوڵەتــی فیدراڵیــدا هــەن گەوهەریــن، سیســتمی فیدراڵــی، لــە دەوڵەتانی فرەنەتەوەدا ئامانجی ئەوەیە کە ئەو کێشانەی لــە نێوان هەرێــم و دەوڵەتــی فیدراڵیــدا دروست دەبێــت، بــە شــێوەی توندوتیــژی چارەســەر نەکرێــت، بەڵکــو بــە دیالــۆگ چارەســەریان بــۆ بدۆزرێتــەوە.

- سیســتمی فیدراڵــی زەمینەیــەك دەرەخســێنێت بۆ ئــەوەی کێشــەکان لە بنەڕەتــەوە چارەسەری بۆ بدۆزێتــەوە، بــۆ ئەمــەش ئاشــکرایە بەڕێوەبردنــی کێشــەکان جیــاوازە لەگــەڵ چارەســەرکردنی کێشــەکان، بۆیــە سیســتمی فیدراڵــی هــەم شێوازێکە بــۆ بەڕێوەبردنــی تەنگژەکان و هەمیش شــێوازێکە بــۆ چارەســەرکردنی تەنگــژەکان.

لــەم چوارچێوەیــەدا و بــە لەبــەر چاوگرتنــی ئــەوەی ئــەو تەنگژانــەی دروست دەبــن لــە نێوان هەرێم و بەغدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت بە ڕێــی دانوســتاندن بــێ پەنابــردن بــۆ توندوتیــژی، هەروەك پێش ساڵی ٢٠٠٣ لە عێراق، بۆیە دەڵێم لــەم ڕووەوە لانــی کــەم دەتوانیــن بڵێیــن فیدراڵییــەت لــە عێراقــدا ســەرکەوتوو بــووە، ئەمــەش یەکێکــە لــەو لایەنــە باشــانەی کــە بــۆ سیســتمی فیدراڵــی تۆمــار دەکرێــت.

لــە عێراقــدا کێشــەی ســەرەکیی فیدراڵــی ئەوەیە کە خەڵکانێکی زۆر لــە بەغدا پێیان وایە فیدراڵییــەت تەنیــا «فیدراڵیەتــی کارگێڕی»یــە، بەڵام ئێمە وەك حزبی شیوعیی عێراق، سیستمی فیدراڵــی بــە بناغــەی چارەســەری کێشــەی نەتەوەیــی لــە عێراقــدا لــە قەڵــەم دەدەیــن. ئەمــە بــەو مانایــەی بــە پلــەی یەکــەم شــێوازێکە بــۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و، پاش ئەویش بۆ چارەسەری کێشە نەتەوەییەکانی دیکەش. ئاشکرایە کێشــەی پارێزگاکانی عێراق وەك (بەســرە، ئەنبــار، نەجــەف و...هتــد) تەنیــا کێشــەی خزمەتگــوزاری و کارگێڕییــان هەیــە، بۆیــە بــۆ ئــەوان گرنگــە بــاس لــە ڕەهەنــدی جوگرافــی و ئیــداری بکــەن.

هەموو لایەنە سیاسییەکانی عێراق لە بەغدا هەمان هەڵوێستیان بەرانبەر هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو هەڵوێستەکان جیاوازن

لایەنێکی دیکە کە گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەم فیدراڵییەتەی ئێستا لە عێراقدا هەیە و هەرێمێــك هەیــە بــە نــاوی هەرێمی کوردســتان، لەوانەیــە لــە بەشــێکیدا فاکتــەری دەرەکی ڕۆڵی تیــا هەبووبێــت، بــەڵام بزاڤــی ڕزگاریخوازیــی کوردستان بە پاڵپشتیی هێزە دیموکراتخوازەکانی عێــراق، لــە خەباتــی چەندیــن دەیــەدا لــە پێنــاو چۆنیەتــی چارەســەرکردنی کێشــەی کــورددا قۆناغــی زۆر گرنگــی بڕیــوە، هــەر بــۆ نموونــە: لــە دەســتووری ســاڵی ١٩٥٨ی عێراقــدا ددان بــە کــورددا نــراوە بــە دەق لــە دەســتوورەکەدا هاتــووە «عــەرەب و کــورد هاوبەشــن لــە عێراقــدا»، لــە ســاڵی ١٩٧٠ حکومەتــی عێــراق دانــی نــاوە بــە یاسای ڕێککەوتنامــەی ١١ی ئــادار کــە پاشــان لــە ســاڵی ١٩٧٤ حکومەتــی عێــراق گەوهــەر و ناوەڕۆکــی ئــەم ئۆتۆنۆمییــەی بەتــاڵ کــردەوە. بۆیــە دەتوانیــن بڵێیــن: ئــەم قۆناغانــە بەرهەمــی خەباتی بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی کوردستان و بزاڤــی دیموکراتیــی عێراقییــە.

سیستمی فیدراڵی هەم شێوازێکە بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەکان و هەمیش شێوازێکە بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەکان

لەلایەکی دیکەوە پێش ساڵی ٢٠٠٣ چەندین زەمینــەی فەراهەمکــراو لــە دوای ســاڵی ١٩٩١ لەبــەردەم حزبــە کوردســتانییەکاندا لــە هەرێمــی کوردســتان هەبــووە، حزبــی شــیوعیی عێراقیــش پێشــنیاری کــردووە، بۆیــە پرســی فیدراڵییــەت بــۆ عێــراق شــتێکی لەنــاکاو و نامــۆ نەبــووە بــۆ گۆڕەپانــی سیاســیی عێــراق.

فیدراڵییەت لە عێراقدا سەرکەوتوو بووە، ئەمەش یەکێکە لەو لایەنە باشانەی کە بۆ سیستمی فیدراڵی تۆمار دەکرێت



لەدوای ساڵی **٢٠٠٣** سیستمی فیدراڵی بۆ عێراق پەسەند کرا، لەسەر بنەمای دابەشکردنی سەروەریی ناوخۆیی و یەکبوونی سەروەریی دەرەکی، ئەمەش بەو مانایەی تەفسیرێکی ڕاستەقینە بۆ ئۆتۆنۆمی کرا، ئەمەش واتە بوونی ئیدارەیەك لە کوردستان و بەشداریش بێت لە بونیادنانی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا.

ئەم هاوبەشییەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا پێویستیی پێکەوەسازان (التوافق)ی لە ناو فیدراڵیی عێراقدا هێنایە ئاراوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە پێکەوسازان بانگەشە بۆ هاوبەشی دەکات، هاوبەشیی هەرێمی کوردستانیش لە ناو سیستمە فیدراڵییەکەدا لەگەڵ چەمکی پێکەوەسازانی عێراقییەکاندا گونجاوە.

لێرەوە ئەگەر بێینە سەر کێشەکان و قسەیان لەسەر بکەین، ئەوا سرووشتی زاڵی کێشەکان لە سیستمی فیدراڵیدا بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، ئەمەش واتە دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی و دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەسەر دیارکردنی ئەم دەسەڵاتانەش بەردەوام کێشمەکێش لە نێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵیدا دروست دەبێت، ئەمەش کارێکی نامۆ نییە و ئەم پرسە هەتا ئێستا لە نێوان حکومەتی ویلایەتەکان و دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی لە ئەمریکاش



هەیە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاریگەری زۆر ئاساییە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگری لەسەر دەسەڵاتەکانی خۆی بکات و لە بەرانبەردا حکومەتی فیدراڵی پێداگری لەسەر دەسەڵاتەکانی خۆی بکات، بەڵام خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەم ململانێییە لە چوارچێوەی ڕێزگرتن بێت لە بنەما و پرانسیپەکانی دەوڵەتی فیدراڵی، کە ئەمەمان کرد، ئیدی گرێی ململانێ و کێشەکان ناگاتە ئەو ئاستەی بگەنە بنبەست و نەکرێنەوە و چارەسەر نەکرێن.

ڕێگەی یەکەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە دەوڵەتی فیدراڵیدا گفتوگۆیە، ئەگەر هەرێم و بەغدا نەیانتوانی بە گفتوگۆ ئەم کێشانە چارەسەر بکەن، لایەنی سێیەم هەیە، کە دەتوانێت دادوەری لە نێوانیان بکات، بۆ نموونە دادگای فیدراڵی، بۆ کێشەکانی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی کە دەبینین گفتوگۆ و دانوستاندن هەیە، ئەمە بە کارێکی ئەرێنی لەقەڵەم دەدرێت، لەمەش زیاتر چەند دامەزراوەیەکی گرنگ هەن، کە دەکرا بەپێی دەستوور دامانبمەزراندایە، وەك ئەنجومەنی فیدراڵی، کە ئەم دامەزراوەیە دەیتوانی ڕۆڵێکی باش لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا بگێڕێت.

لێرەوە دیمە سەر ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە (هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا)، لەسەر ئەم پرسە پێم وایە، دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق تا ڕادەیەکی باش مافە ڕەواکانی بە هەرێمی کوردستان داوە، هەر بۆ نموونە ئەگەر سەیری ماددەی ١١٧ی دەستوور بکەین، کە دەڵێت: «ئەم دەستوورە لە بەرواری پیادەکردنیەوە دان بە هەرێمی کوردستان و ئەو دەسەڵاتەی ئێستایدا دەنێت، وەك هەرێمێکی فیدراڵی»، هەروەها ماددەی ١٤١ دەڵێت: «کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە دەرکراوە بەردەوام دەبێت، بە هەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون— لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان— ئەگەر هەموار نەکرابن، یان هەڵنەوەشابێتنەوە، بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت». کەواتە دەستوور مافە ڕەواکانی بە هەرێمی کوردستان داوە، بەڵام کۆمەڵێك دامەزراوە هەبوون، دەبوو دابمەزرێن و دامانەمەزراندوون، بۆ نموونە: دامەزراوەی گەرەنتیی مافی هەرێمەکان، ماددەی ١٠٥ی دەستوور دەڵێت: «دەستەیەکی گشتی پێك دەهێنرێت، بە مەبەستی پاراستنی مافی هەرێمەکان و ئەو پارێزگایانەی ناکەونە سنووری هیچ هەرێمێکەوە بۆ بەشداریکردنیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە بەڕێوەبردنی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی حکومەتی فیدراڵی»، هەروەها ماددەی ١٠٦ کە دەڵێت: «بە یاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێریکردن و تەرخانکردنی داهاتی فیدراڵی دادەمەزرێنرێت، دەستەکە لە پسپۆڕانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و نوێنەرانیان پێك دێت»، لە ناو بڕگەکانی ئەم ماددە دەستووریەدا، گەرەنتیی شەفافییەت و دادپەروەری دراوە بۆ تەرخانکردنی داهات بۆ حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگاکان، بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە هیچ گوشارێك لەلایەن هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانەوە نەکراوە، بۆ ئەوەی ئەم دامەزراوانە لەعێراقدا دابمەزرێن.

ئیشکالییەتێکی دیکە کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، بریتییە لە تێگەیشتن و قەناعەتی هێز و لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بۆ دەوڵەتی فیدراڵی و تێگەیشتن و قەناعەتی حزبە کوردستانییەکان بۆ هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا.

- سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان: ئایا ئێمە لەسەر سرووشتی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی ڕێك کەوتووین؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەندێك پێیان وایە قەناعەتێکی ئەوتۆ نییە و هەندێك دەڵێن قەناعەتی تەواو بە دەوڵەتی فیدراڵی هەیە، هەروەها هەندێك لایەنی سیاسیی عێراقیش لەسەر ئاوازی سەنترالی دەخوێنێت و، وای دەخوێننەوە کە لە بارودۆخێکی تایبەتیدا فیدراڵییەتیان بەسەردا سەپێندراوە، بمانەوێت، یان نەمانەوێت، بۆچوونی لەم جۆرە هەیە.
- سەبارەت بە خاڵی دووەمیان، خەڵکانێکی زۆر لە کوردستان هەن، وا بیر دەکەنەوە، کە مافی خەڵکی کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ، یان لانیکەم دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵییە، نەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیدا، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی ڕەنگدانەوەی نەرێنی دروست بکات لە جێبەجێکردنی پرانسیپی هاوبەشی لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا.

لەسەر ئاستی ناوەند هەوڵێك هەیە کە جەخت لەوە دەکەنەوە دەسەڵاتەکانی هەرێم سنووردار بکەن، وەك ئێستا دەبینین بودجە دوادەخەن و گوشار لەسەر هەرێم دروست دەکەن. لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەتیش دیسان لە جێبەجێکردنی پرانسیپی هاوبەشی لەسەر هەموو ئاستەکان کێشە هەیە، بۆ نموونە لە هاوبەشیکردنی هەرێم لە سوپا، بونیادی دامەزراوە سەربازییەکان، چارەسەرکردنی کێشەی خاڵە سنوورییەکان، پشتگیریی بانکەکان و... هتد.

ئەمانە هەمووی پێمان دەڵێن: دوو تێگەیشتنی جیاواز لەلایەن هەرێم و حکومەتی فیدراڵییەوە بۆ تەفسیری ماددەکانی دەستوور هەیە، هەر بۆیە کاتێك کێشەیەك دروست دەبێت، داوا دەکرێت حزبەکان بگەڕێنەوە بۆ دەستوور، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە، چۆن تەفسیری

**ئێمە وەک حزبی شیوعیی عێراق، سیستمی فیدراڵی بە بناغەی چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لە عێراقدا لە قەڵەم دەدەین**

**بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان بە پاڵپشتیی هێزە دیموکراتخوازەکانی عێراق، لە خەباتی چەندین دەیەدا لە پێناو چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەی کورددا قۆناغی زۆر گرنگی بڕیوە**

**چەند دامەزراوەیەکی گرنگ هەن، کە دەکرا بەپێی دەستوور دامانبمەزراندایە، وەک ئەنجومەنی فیدراڵی، کە ئەم دامەزراوەیە دەیتوانی ڕۆڵێکی باش لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا بگێڕێت**

ماددە دەستوورییەکان دەکرێن، یان هەوڵێکی هاوبەش هەبێت بۆ ئەوەی بە دەستوور کێشەکان چارەسەر بکەن و کێشەکان تێپەڕێنن.

لە ئێستا دارشتنی یاسای نەوت و گازی فیدراڵیمان هەیە، لە بەرانبەردا ماددەی ١١٢ی دەستووریشمان هەیە کە دەڵێت: «حکومەتی فیدراڵی پێکەوە لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان، نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات». سەرنج بدەن، لە ماددەکە هاتووە: «پێکەوە»، بەڵام کە دێتە سەر تەفسیرکردنی ئەم ماددەیە چەمکی پێکەوە کاری پێ ناکرێت. لە بڕگەی دووەمی هەمان ماددەدا هاتووە و دەڵێت: «حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگڕێژکردنی سیاسەتی ستراتیژیی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز»، ئەگەر ئەم ماددەیەش جێبەجێ بکرایە، ئەو کێشانەی ئێستامان لەسەر کۆنتراکتەکانی نەوت دەبوو، کە ئێستا کۆنتراکتەکانی هەرێم، کۆنتراکتی هاوبەشین و هی ناوەڕاست و باشووریش کۆنتراکتی تێچووی دەرهێنان (خدمة) بێت.

سەبارەت بەم کێشانەی نێوان هەرێم و بەغدا، بۆچوونی من بەوجۆرەیە کە هەتا ئێستاش توانای ئەوەمان ماوە چارەسەری ڕاستەقینە بۆ ئەم کێشانە بدۆزینەوە و چارەسەریان بکەین. ئێستا هەردوولا (هەرێم و بەغدا) لە هەوڵی ئەوەدان کە کێشەکانی بودجە چارەسەر بکەن. وای دەبینم چارەسەری ئەم کێشەیە ڕەنگدانەوەی لە چارەسەرکردنی کۆی کێشەکانی دیکەشدا دەبێت. ئێمە دەبێت هەموومان ئەوە بزانین کە عێراق وەك دەوڵەت بەرژەوەندیی هەیە، بۆیە دەبێت هەموومان هەوڵ بدەین پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی پتەو بکەین، ئەمەش بەو مانایەی بەهێزیی هەرێم دەبێتە هۆکارێك بۆ بەهێزیی حکومەتی فیدراڵی، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە جێبەجێ بکرێت کە سوودی کاری پێکەوەیی لە چوارچێوەی فیدراڵیدا ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنی سیاسییش دەبێت. ئێمە ئەگەر ئابوورییەکی گەورەی یەکگرتوومان هەبێت، ئەوا دەتوانرێت تێچووی بەرهەم کەمتر بکرێتەوە و بازاڕەکانمان باشتر دەبن، بۆیە دەبێت ئەم واقیعە زۆر باش دیراسەت بکەین و پەندی لێ وەربگرین، هەتا دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە فیدراڵییەت باشترین میکانیزمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و بنەمایەکە بۆ دابینکردنی ئاشتیی ناوخۆیی و گەرەنتیی یەکپارچەیی عێراق، ئەوەش ئەو خاڵەیە کە تیایدا هەنگاو بۆ پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەڵدەگرین.

دوایین خاڵ کە دەمەوێت هەڵوەستەی لەسەر بکەم، پرسی دەوڵەتی نەتەوەیی (Nation State) یە، کە بەڕێز فەرهاد ئەترووشی ئاماژەی پێ کرد. من وای دەبینم ئاواتی دەوڵەتی نەتەوەیی مافێکی ڕەوای گەلی کوردە، بەڵام ئێستا ئەوەی هەمانە فیدراڵییە، بۆیە ئێوە کە بەشێکین لەو فیدراڵییەتە پێویستە کاربکەن بۆ ئەوەی ئەم فیدراڵییەتە سەرکەوتوو بێت و داواکارییەکانتان لەو چوارچێوەیەدا چڕ بکەنەوە، سیستمی فیدراڵی لە چەندین وڵات کێشەی فرەنەتەوەیی چارەسەر کردووە، بۆ نموونە سویسرا چوار نەتەوەن، لە فیدراڵییەتی ئەمریکا بە دەیان نەتەوەی جیاواز هەن.

لایەنێکی دیکە باس لە ناسنامەی عێراق کرا، ئایا ناسنامەی دەوڵەتی عێراق (عەرەبی، یان غەیرە عەرەبی)یە، با ڕێك بکەوین کە ناسنامەی عێراق فرەییە، ئەمەش واتە ناسنامەیەکی هاوبەشە و ڕێز لەو فرەییەش دەگرین کە ئەمە زۆر گرنگە.

خاڵێکی دیکە مەسەلەی مافی هاووڵاتیبوونە (المواطنة)، ئەم پرسە بۆ عێراقییەکان زۆر گرنگە، نەبوونی ئەم پێناسەیە یان لاوازبوونی مەترسییە بۆ سەر سەقامگیری و پێشکەوتنی عێراقی فیدراڵی، ئاسەواری نەرێنیشی هەیە بۆ هەموو پێکهاتەکان، لەسەر ئەم پرسەش مادام ئێمە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتووین کە عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی بێت و سەنتراڵیی سادە نەبێت، ئەوا دەکرێت چەمکی هاووڵاتیبوون وەك هاووڵاتیبوونی لێکدراو (المواطنة المركبة) مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەمەش بەو مانایەی چەمکی هاووڵاتیبوون کە پێناسە دەکرێت، دەبێت سرووشتی فرەیی کۆمەڵگەی عێراقی تێدا لەبەر چاو بگیرێت.

**دوو تێگەیشتنی جیاواز لەلایەن هەرێم و حکومەتی فیدراڵییەوە بۆ تەفسیری ماددەکانی دەستوور هەیە، هەر بۆیە کاتێك کێشەیەک دروست دەبێت، داوا دەکرێت حزبەکان بگەڕێنەوە بۆ دەستوور**

**عێراق وەک دەوڵەت بەرژەوەندیی هەیە، بۆیە دەبێت هەمووومان هەوڵ بدەین پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی پتەو بکەین**

**ئاواتی دەوڵەتی نەتەوەیی مافێکی ڕەوای گەلی کوردە، بەڵام ئێستا ئەوەی هەمانە فیدراڵییە، بۆیە ئێوە کە بەشێکین لەو فیدراڵییەتە پێویستە داواکارییەکانتان لەو چوارچێوەیەدا چڕ بکەنەوە**



**توێژەر و شرۆڤەکاری سیاسیی عێراقی:**

**وائیل ئەلرەکابی**

# هیچ بە دووری نابینم کە هەمان ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە پارێزگا و بەشەکانی دیکەی عێراقیش دووبارە بکرێتەوە

**وائیل ئەلرەکابی، توێژەر و شرۆڤەکاری سیاسییە و پسپۆڕە لە وردەکارییەکانی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، یەکێکە لەو کەسایەتییانەی بەردەوام لە کۆڕ و کۆربەند و کەناڵەکانی کوردستانی و عێراقیدا ئامادەیی هەیە و لەسەر پرسە هەستیارەکاندا قسەی ڕاشکاوانە و جددی هەیە، لە بواری کاری سیاسیشدا، ئەلرەکابی یەکێکە لە سیاسەتمەدارەکانی عێراق و کەسێکی نزیکە لە لایەنەکانی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە و، ئەم هاوپەیمانییەش بەشێکی سەرەکییە لە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، کە حکومەتی د.محەمەد شیاع سوودانی پێك هێناوە، لە گفتوگۆی ئەم جارەشدا (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا) زۆر ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە قسەی کرد و بەم جۆرە تێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:**

دەستخۆشی لە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە بۆ ئەم پرسە گرنگە (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا) ئەم دەستەبژێرە هەمەڕەنگەی بانگهێشت کردووە و لەم هۆڵەدا بە دیدێکی عێراقییانە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە دەکەین.

بەر لەوەی بێمە سەر ناونیشانی ئەم گفتوگۆیە، دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ مێژووی پێش ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ٢٠٠٣، واتە مەبەستمە بگەڕێمەوە بۆ سەرهەڵدانەکانی ساڵی ١٩٩١ کە لە هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی باشووری عێراق دەستیان پێکرد، ئێمە ئەو کات پێمان وا بوو ئەو دیفاکتۆیەی بەهۆی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە هێڵی ٣٦ وەك ناوچەیەکی ئارام و دژە فڕینی بۆ کوردستان دیاری کرد، پاشانیش هێڵی ٣٢ش وەك ناوچەی دژە فڕین بۆ

پارێزگاکانی باشووری عێراق دیاری کرا، ئێمە ئومێدەخوازی ئەوە بووین، چۆن لە هەرێمی کوردستان سەرووی هێڵی٣٦ بووە ناوچەیەکی ئارام و پاشان ئەم هەرێمەی ئێستای تێدا دروست بوو، لە باشووریش لە خوار هێڵی ٣٢ ببوایە بە ناوچەیەکی ئارام و عەرەبی شیعەش خۆی تیادا بەڕێوە ببردایە، بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کرا، لە باشووری عێراق ڕێگەیان نەدا جێبەجێ بکرێت و ناوچەی دژە فڕین لە خوار هێڵی ٣٢ ببێتە ئەمری واقیع، ئەوەی لەم بارەوە دەمەوێت بیڵێم، ئەوەیە کە هیچ لایەك کێشەی لەگەڵ بوونی هەرێمی کوردستان لە ناو چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا نییە، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی هەقیقییە لە ناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا و دەستووری ساڵی ٢٠٠٥یش ددانی پێدا ناوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو ئیشکالییەتە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە هەڵوەستەکردن و دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بارودۆخی پرۆسەی سیاسیی عێراق هەیە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە ڕژێمی پێشووی عێراق ڕووخا و هەنگاو بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ هەڵگیرا.

یەکەم هەنگاو لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بریتی بوو لەوەی چۆن لایەنە سیاسییەکانی عێراق کە نوێنەرایەتیی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقیان دەکرد، دەستوورێك بنووسنەوە کە هەیکەلی ئەم عێراقە نوێیە (دەوڵەتێکی فیدراڵی) پێناسە بکاتەوە، لەم هەنگاوەدا لایەنە سیاسییەکانی عێراق سەرکەوتوو بوون و توانییان دەستوورێك دابڕێژن و پاشانیش گەلی عێراق دەنگی پێدا و پەسەندی کرد، بەوەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا، ئەمەش مانای ئەوەیە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ددانی بە هەرێمی کوردستاندا ناوە وەك هەرێمێکی دەستووری لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

کەواتە کێشەی ئێمە لەسەر ماددەکانی ئەم دەستوورە نییە، بەڵکو کێشەی ئێمە لەسەر تەفسیر و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددە و بڕگەکانی ئەم دەستوورەیە، برایان، با بە ڕاشکاوی قسە بکەین. کاتێك سەیری هەندێك لە ماددەکانی ئەم دەستوورە دەکەین، دەبینین زیاتر لە تەفسیرێك هەڵدەگرێت، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ئەمە دەستوورە و گەلی عێراق متمانەی پێ داوە و پێویستە لەسەرمان پێوەی پابەند بین. لێرەوە کاتێك دەمانەوێت لەبەر ڕۆشنایی ماددەکانی ئەم دەستوورە گفتوگۆ لەسەر هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەبێت لەو دیگایەوە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە بکەین.

یەکەم: دیدگایەکی دەستوورییە بۆ هەرێم، کە هیچ کەسێك ناتوانێت لە بەرانبەریدا ڕابوەستێت، یان قسەیەکی پێچەوانەی هەبێت، ئەویش ئەوەیە «هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دەستووری و یاساییە بە پشتبەستن بەو یاسانەی لە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا کاریان پێ دەکرێت».

دووەم: کە دیدگایەکە و کێشەی لەسەرە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا، ئەمە لەو تەفسیرە جیاوازانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە لایەن هەریم و حکومەتی فیدراڵییەوە بۆ ئەو ماددانە دەکرێت، هەر بۆ نموونە هەرێمی کوردستان بەوجۆرە ماددەکان تەفسیر دەکات کە ئاستی داواکارییەکانی زۆر بەرزە، لە بەرانبەردا حکومەتی فیدراڵی ترسی لەوە هەیە، ئەگەر بەو داواکارییانەی هەرێم ڕازی بێت، ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت کە بتوانێ کۆنترۆڵی بارودۆخی دەوڵەت بکات و یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا داوکارییەکانی هەرێم هەقن، یان ناهەقن؟ پێموایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە وردەکاریی زۆری دەوێت و، ماوەی ٢٠ ساڵە ئەم کێشەیە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا هەیە، لەوانەیە نەتوانم لە ماوەی ١٠-١٥ خولەکی ئەم گفتوگۆیەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، بەڵام خاڵی گەشبینی لەم پرسەدا ئەوەیە لانیکەم قەناعەتێك لای هەر دوولا هەیە بەوەی «بوونی کێشە و جیاوازی، مانای ئەوە نییە ئێمە گەیشتووینەتە بنبەست»، بەڵکو لە هەردوو لا ئامادەباشی بۆ گفتوگۆ و دانوستاندن هەیە، ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە.

بە حوکمی پەیوەندیی نزیکم لەگەڵ برایانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و بەتایبەتیش لەگەڵ

**هەرێمی کوردستان هەرێمێکی هەقیقییە لە ناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەدا و دەستووری ساڵی ٢٠٠٥یش ددانی پێدا ناوە**

**کێشەی ئێمە لەسەر ماددەکانی ئەم دەستوورە نییە، بەڵکو کێشەی ئێمە لەسەر تەفسیر و چۆنیەتی جێبەجێکردنی ماددە و بڕگەکانی ئەم دەستوورەیە**

**هەمووان کۆکن لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکی دەستووری و یاساییە بە پشتبەستن بەو یاسانەی لە دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا کاریان پێ دەکرێت**

**حکومەتی فیدراڵی ترسی لەوە هەیە، ئەگەر بەو داواکارییانەی هەرێم ڕازی بێت، ئەوا زۆر زەحمەت دەبێت کە بتوانێ کۆنترۆڵی بارودۆخی دەوڵەت بکات و یەکپارچەیی عێراق بپارێزێت.**

برایانی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، وای دەبینم کە برایانی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەمانگیی شیعە جددین لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، هەر بۆیە کاتێك ئەم کێشانە چارەسەر دەبن، ئەوکات بۆ هەموو عێراقییەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بوونی هەرێمی کوردستان پێداویستییەکە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق و، هیچ بە دووری نابینم کە هەمان ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە پارێزگا و بەشەکانی دیکەی عێراقیش دووبارە بکرێتەوە. هەربۆیە پرسی تێگەیشتن لە پێداویستیی هەرێم بۆ دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵییەوە دەستپێدەکات. لەوانەیە هەندێك جار گوێبیستی ئەوە دەبین، هەندێك لە پارێزگاکانی عێراق داوای دروستکردنی هەرێم بکەن، بەڵام من هەموو جار پێم گوتوون: برایان، ئێمە تەنیا یەك هەرێممان هەیە کە ئەویش (هەرێمی کوردستان)ە و ماوەی ٢٠ ساڵە نەمانتوانیوە کێشەکانی چارەسەر بکەین، ئەگەر ئێستا چەند هەرێمێکی دیکەش لە عێراقدا دابمەزرێت، ئەوا ئەم هەنگاوە نەك هەر خزمەتی پرۆسە سیاسییەکە ناکات، بەڵکو بەرەو پاشاگەردانیی زیاترمان دەبات.

لەسەر ئەم باکگراوەندە گرنگە کە گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە هەستیارە دەکەین، پێویستە واقیعەکە وەك خۆی بخەینەڕوو و لە هەمان کاتدا ڕاوبۆچوونی شەقامی هەردوولاش لەبەر چاو بگیرێت. هەر بۆ نموونە: کاتێك دێینە سەر ئەوەی داواکارییەکانی هەرێم جێبەجێ بکەین، بەشێك لە عێراقییەکان (ناڵێم هەموویان) پێیان وایە ئەو داواکارییانە لە مافی هەرێمێك زیاترن، ئەم پرسە پەیوەندیی بەوەوە هەیە، هەتا ئێستاش بەشێکی زۆری عێراقییەکان ئامادە نین چەمکی لامەرکەزی جێبەجێ بکەن، یان پیادەکردنی سیستمی لامەرکەزییان لا گرنگ نییە، وەك برایانیش لەم گفتوگۆیە ئاماژەیان پێ کرد، ئێمە هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە سەر تەفسیرێکی هاوبەش بۆ مادە دەستوورییەکان بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی لەبەر ڕۆشنایی ئەو مادە دەستوورییانە ڕێك بخەینەوە. بۆیە جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە ئێمە پێویستمان بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە هەیە، من یەکێکم لەوانەی کە بەردەوام لە کۆڕ و کۆربەند و کەناڵەکانی کوردستان و عێراقەوە بانگەشە بۆ گفتوگۆ دەکەم. سەردانەکانی کاك نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا بەڕاستی ئەمە بانگەشەی ڕاستەقینەیە بۆ لێکنزیککردنەوەی بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی.

من لەو بڕوایەدا نیم هەرێم خوازیاری ئەوە بێت، بۆشاییەك لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی هەبێت، هەست بە پێویستی بچووککردنەوە و نەهێشتنی ئەو بۆشاییانە دەکات و، ئامانجی ئەوەیە هەموو کێشە هەڵواسراوەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی چارەسەر بکات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە قۆناغی داهاتوومان، قۆناغی سەقامگیریی هەرێم و سەقامگیریی حکومەتی فیدراڵیش دەبێت. مەبەستم لە سەقامگیری تەنیا سەقامگیریی ئەمنی نییە، بەڵکو مەبەستم سەقامگیریی (ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و...هتد)یە و، ئەم سەقامگیرییانەش نایەنەدی، ئەگەر نزیکبوونەوە و هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەڵنەگیرێت، بۆ ئەمەش دەبینین دیدێکی زۆر ئەرێنی و بەڕێزانە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، لە هەمان کاتدا دیدێکی زۆر ئەرێنی و بەڕێز بۆ حکومەتی فیدراڵی هەیە.

ئەوەی لەم ماوە کورتەدا دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە نابێت ئێمە بەرپرسیارێتیی ئەم کێشانە بخەینە سەر لایەك و لایەکەی دیکە بێبەری بکەین. ئەمە بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە. من وەك چاودێرێکی سیاسی لەوانەیە لە هەندێك پرسدا بەرپرسیارێتییەکە بخەمە سەر شانی حکومەتی فیدراڵی، بەڵام لە هەندێك پرسی دیکەدا لە بۆچوونی منەوە بەرپرسیارێتییەکەی دەکەوێتە سەر شانی هەرێمی کوردستان، بۆیە ئەم پرسانە پێویستیان بەوەیە کە زیاتر گفتوگۆ و دانوستاندنیان لەسەر

**برایانی هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەمانگیی شیعە جددین لەسەر چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی**

**بۆ هەموو عێراقییەکان ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە بوونی هەرێمی کوردستان پێداویستییەکە بۆ سەرکەوتنی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق**

**پرسی تێگەیشتن لە پێداویستیی هەرێم بۆ دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵییەوە دەستپێدەکات**

**هەتا ئێستاش بەشێکی زۆری عێراقییەکان ئامادە نین چەمکی لامەرکەزی جێبەجێ بکەن، یان پیادەکردنی سیستمی لامەرکەزییان لا گرنگ نییە**



بکرێت. ئێمە هەموومان لە نووسینەوەی ئەم دەستووورە بەشدار بووین و هەموومان پەسەندمان کردووە، بەڕاستی ناکرێت ئێستا لەسەر جێبەجێکردنی ئەم دەستووورە کێشەمان هەبێت و نەتوانین ئەم دەستووورە جێبەجێ بکەین. بۆیە من پێم وایە بۆ چارەسەری ئەو کێشانە پێویستمان بە ناوبژیوانی هەیە، لە ئێستادا ئەو نێوەندە دادگای فیدراڵییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەندێك وای دەبینن، کە ئەم دادگایە لە هەندێك پرسدا خۆی سەرچاوەی کێشەکانە، بەڵام ئەگەر دوولایەنی پێك ناکۆك نەگەیشتە ئاکامێك بە گفتوگۆ، ئەوا دەبێت هەردوولا پەنا بۆ لایەنی سێهەم بەرن بۆ ئەوەی تەفسیری ئەو ماددە دەستوورییە یەکلایی بکاتەوە و، سەرەنجامیش هەموو دەبێت بەو تەفسیرە ڕازی بن.

خاڵی دووماهی کە لەم گفتوگۆیەدا ئاماژەی پێ کرا و دەمەوێت سەرنجێکی لەسەر بدەم، ئەوەیە باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی کرا. من دەمەوێت بڵێم: برایان سیستمی نێودەوڵەتی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ڕێگە بە جیابوونەوە و دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ نادات، تەنیا لەیەك حاڵەتدا نەبێت، کە ئەویش ئەوەیە ئەو نەتەوەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆساید ببێتەوە. لەم پرسەدا لەوانەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێتە دەنگ و شتێك بۆ ئەو نەتەوەیە بکات، بەڵام لە ئێستای عێراقدا، هەرێمی کوردستان هەرێمێکی ددانپێنراوی دەستوورییە، خاوەنی حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەی خۆیەتی و هیچ لایەنێك هەڕەشە نییە لەسەری، بۆیە بە بۆچوونی من داواکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەرزکردنەوەی سەقفی داواکارییە بۆ ئاستێك کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قبووڵی ناکات. ئێمە ڕیفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانمان بینی، چۆن هەموو جیهان پێکەوە ڕەتی کردەوە. ئەم پرسە ڕاشکاوانەتر دەخەمە ڕوو، ئەگەر سیستمی جیهانی ڕێگەی بدایە دەوڵەتی سەربەخۆ دابمەزرێت، دەبوو لە دوای سەرهەڵدانەکەی ساڵی ١٩٩١ی پارێزگاکانی باشووری عێراق، ڕێگەیان بدایە کە پارێزگاکانی باشووری عێراق بکرێتە دەوڵەتێك بۆ شیعە، خۆشتان دەزانن شیعە زۆرینەن، بەڵام نەك هەر ئەوە بەڵکو ڕێگەیان پێ نەداین لە خوار هێڵی ٣٢ وەك هەرێمی کوردستانیش هەرێمێك دابمەزرێنین. قسەکانم بەوە کۆتایی پێ دەهێنم، لە ئێستادا هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی هەنگاوی جددین، عێراق چارەنووسی هاوبەشی هەموومانە و دەتوانین پێکەوە چارەنووسێکی گەش بونیاد بنێین.

**سەردانەکانی کاک نێچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا بەڕاستی ئەمە بانگەشەی ڕاستەقینەیە بۆ لێکنزیکردنەوەی بیروبۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان و بەهێزکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی**

**ئێمە هەموومان لە نووسینەوەی ئەم دەستووورە بەشدار بووین و هەموومان پەسەندمان کردووە، بەڕاستی ناکرێت ئێستا لەسەر جێبەجێکردنی ئەم دەستووورە کێشەمان هەبێت و نەتوانین ئەم دەستووورە جێبەجێ بکەین**



## موئەیەد سالم ئەلجحێشی

سەرۆکی پەیمانگەی عێراقی بۆ پشتیوانیی فیدراڵیزم:

# ئەو فیدراڵییەتەی دراوە بە هەرێمی کوردستان بە فەرمانێکی نێودەوڵەتی پێی نەدراوە، بەڵکو بە فەرمانێکی دەستووری عێراقە

موئەیەد سالم ئەلجحێشی، سەرۆکی پەیمانگەی عێراقی بۆ پشتیوانیی فیدراڵیزمە و پسپۆڕ و شارەزای ستراتیژییە و دەرچووی کۆلێژی سەربازیی عێراقییە و، توێژەر و سیاسەتمەدارێکی سەربەخۆیە و لە ناو کۆر و کۆڕبەند و کەناڵەکانی کوردستان و عێراقدا، یەکێکە لەو شرۆڤەوانە سیاسییانەی لەسەر پرسە هەستیارەکان دیدوبۆچوونی تایبەتی خۆی هەیە. لە گفتوگۆی ئەم جارەدا (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدڕاڵی عێراقدا)، وەك توێژەرێك لەسەر ئەزموونی فیدڕاڵی بەمجۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:

پێش هەموو شت، سوپاس بۆ بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بۆ ڕێکخستنی ئەم گفتوگۆیە و بانگهێشتکردنی تەواوی بیروبۆچوونە سیاسییەکان، کە هەموو پێکهاتەکانی عێراقی (بە کورد و شیعە و سوننەوە) لەخۆ گرتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێمە وەك گەلی عێراق دەتوانین پێکەوە گفتوگۆی جددی بکەین و کێشە لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی عێراقدا نییە و، ئەوەی هەیە کێشەی نێوان حزب و کەسایەتییە سیاسییەکانن.

ڕێگەم پێ بدەن، زۆر بە ڕاشکاوی لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیەی بۆ ئەم گفتوگۆیە دانراوە، وەك سەرۆکی پەیمانگەیەکی فیدراڵی قسەکانم بکەم.

پرسەکە لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات، ئایا فیدراڵییەتی هەرێمی کوردستان، فیدراڵییەتێکی نەتەوەییە، یان کارگێڕییە؟ پێشتر هەرێمی کوردستان ئۆتۆنۆمیی هەبووە، حکومەتی ئەو کاتی عێراق داوای لە کورد کرد، فەرموون لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیدا خۆتان خۆتان بەڕێوەبەرن، هەر بۆیە کە ئۆتۆنۆمی هەبوویێت، مانای وایە کورد خۆی حوکمڕانیی خۆی کردووە و ئەم پرسە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و لە دەستووری عێراقدا بە هەرێمێکی فیدراڵی یەکلایی کراوەتەوە.

کێشەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟ بە بۆ چوونی من، کاتێك حکومەتی فیدراڵی لاواز دەبێت، حکومەتی هەرێم خۆی بە بەهێز دێتە بەرچاو، بە پێچەوانەشەوە، کاتێك حکومەتی فیدراڵی بەهێز دەبێت، بیانوو بۆ هەرێم دەهێنێتەوە و پێی دەڵێت ئەم دەسەڵاتە مافی تۆ نییە و ئەمەت دەدەمێ و ئەمەت نادەمێ، کاتێکیش حکومەتی فیدراڵی لاوازە، ئەوا سەقفی داواکارییەکانی هەرێم بەرز دەبێتەوە و دەڵێت دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت، ئابووریی سەربەخۆ و.. هتد، هەموو ئەمانە لە ماف و دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانن.

بۆ ئەم پرسە با بگەڕێینەوە بۆ سەر ئەو دەستوورەی کە خۆمان نووسیومانە، لە ماددەی ١١٢ی ئەم دەستوورەدا وەك بەڕێز ڕائید فەهمی بە تێروتەسەلی ئاماژەی پێ کرد، هاتووە. من وەك کەسێکی عەرەب کە ئەم ماددەیە دەخوێنمەوە، چۆن تێی دەگەم؟ هەر بۆ نموونە هاتووە: «حکومەتی فیدراڵ نەوت و غازی دەرهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوەدەبات»، بەڵام تەواوی نەکردووە، بەوەی گوایە دوای ئەم کێڵگەیانەی ئێستا هەن، ئەگەر نەوت و گازی دیکە دوای ئەم بڕگەیە دەرهێنرا، ئایا لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە بەڕێوە دەبرێن؟ یان لەلایەن حکومەتی هەرێم و پارێزگاکانەوە؟ با بێینە سەر هەرێمی کوردستان، حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە هاتن ئەم بڕگەیەیان بەو جۆرە تەفسیر کرد، لە بەر ئەوەی لە ماددەی ١١٢ی دەستوور بەو جۆرە هاتووە: «حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان نەوت و غازی بەرهەمهێنراوی کێڵگەکانی ئێستا بەڕێوە دەبات، کە ساڵی ٢٠٠٣ هەبووە»، ئیتر ئەوە مافی هەرێمی کوردستانە بەپێی ئەو مافە دەستوورییە خۆی نەوت و گاز بەرهەم بهێنێت، بەڵام ئەوەیان فەرامۆش کرد کە دەبێت ئەم دەسەڵاتە بە لێکتێگەیشتن بێت لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا، بەڵام کە ئەم لێکتێگەیشتنە دروست نەبوو، کێشە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی گەیشتە ئەو ئاستەی کە ئێستا دەیبینین.

خاڵێکی دیکەی گرنگ کە دەبێت ئاماژەی پێ بکەین، هەر سەبارەت بە سێکتەری نەوت و گاز ئەوەیە کە هەر لە ماددەی ١١٢ هاتووە: «حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بەیەکەوە هەڵدەستن بە ڕەنگرێژکردنی سیاسەتی ستراتیژیی پێویست بۆ بەرەوپێشبردنی سامانی نەوت و غاز، بەجۆرێك کە ببێتە مایەی دەستخستنی زۆرترین سوود و کەڵك بۆ گەلی عێراق، ئەویش بە پشتبەستن بە نوێترین تەکنیکی بنەماکانی بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان»، بەڵام لە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ لە کەرکووك بینیمان، حکومەتی فیدراڵی کاری بەم ماددە دەستوورییە نەکرد، ئەمە کێشەی گەورەی دروست کرد و ئابووریی هەرێمی کوردستانی بەرەو تێکشکان

**کاتێک حکومەتی فیدراڵی لاواز دەبێت، حکومەتی هەرێم خۆی بە بەهێز دێتە بەرچاو، بە پێچەوانەشەوە، کاتێک حکومەتی فیدراڵی بەهێز دەبێت، بیانوو بۆ هەرێم دەهێنێتەوە و پێی دەڵێت ئەم دەسەڵاتە مافی تۆ نییە**

**دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ لە کەرکووک بینیمان، حکومەتی فیدراڵی کاری بەم ماددە دەستوورییە نەکرد، ئەمە کێشەی گەورەی دروست کرد و ئابووریی هەرێمی کوردستانی بەرەو تێکشکان برد**

**دوژمنایەتیی بەعس و سەدام حسێن لەگەڵ تەواوی حزبێکی سیاسی نەبووە و، وەک دەمانبینی هەر چەند ساڵ جارێک لێبووردنی گشتیی دەردەکرد، بەڵام لە گەڵیدا دەیگوت «ئەم لێبووردنە فڵان کەس و فڵان کەس ناگرێتەوە»**

**به ڕێژەی ٩٠٪ی ئەزموونە فیدراڵییەکان و هەرێمەکان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە داوایان لێ دەکرێت کە هەرێم دروست بکەن**

**ئەگەر بمەوێت ساڵانەی ئۆتۆمبیلێک لە مووسڵ، یان لە بەغدا نوێ بکەمەوە، بە هەموو ئەو واستانەی کە هەمە ٣تا٧ ڕۆژی پێ دەچێت، بەڵام لە هەولێر و دهۆک لە دوو کاتژمێر زیاتر ناخایەنێت**

**کاتێک دێینە سەر پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی و لە بەغدا پرسیار دەکەین، ئایا هیچ کێشیەک لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێین: ئێمە هەرچی بکەین و هەرچییان بدەینێ، ئەوان هەر پێداگری لەسەر دەوڵەتی کوردی دەکەن**

برد. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی حکومەتی فیدراڵی بەهێزتر لە هەرێم بوو، پێشتریش هەر لە ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠١٨ حکومەتی فیدراڵ لەسەر بنەمای پێکەوەسازان نەك بەپێی دەستوور، پشکی هەرێمی کوردستانی دیاری کردبوو و دەینارد، ئەمەش واتە بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، ئەگەر لەگەڵ نووری مالیکی دۆست بوایە، ئەوا پشکەکە دەنێردرا بۆ کوردستان، بەڵام بۆ نموونە ئەگەر کێشەی لەگەڵ حەیدەر عەبادی هەبووایە پشکەکە نەدەنێردرا بۆ هەرێمی کوردستان.

بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە سیمایەکی جوانیان داوە بە گفتوگۆکە و هەموومانی پێکەوە کۆکردووەتەوە و بەشێکی زۆری نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق لێرەن وەك (ڕائید فەهمی سکرتێری حزبی شیوعی عێراق، وائیل ئەلڕەکابی نوێنەرایەتیی حزبە ئیسلامییە شیعەکانی عێراق دەکات، فەرهاد ئەترووشی نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەبو کاروان کە نوێنەرایەتیی حزبی شیوعیی کوردستان دەکات، منیش وەك سیاسییەکی عەرەبی سوننە)، ئەم گفتوگۆیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پێکهاتەکانی عێراق یەکدی ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە یەکتری قبووڵ دەکەن و دەتوانن پێکەوە گفتوگۆ بکەن، ڕاشکاوانەتر نە عەرەب کورد ڕەت دەکاتەوە و نە شیعەش سوننە ڕەت دەکاتەوە، کەواتە با بپرسین ئەم کێشانە لە کوێوە سەرهەڵدەدەن؟ ئەم کێشانە لە نێوان کەسایەتیی ناو حزبە سیاسییەکاندا دروست دەبن، ڕاشکاوانەتر کێشەکە لە نێوان حزبی دەعوای ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستان نییە، لە نێوان حزبی شیوعیی عێراقی و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نییە، سەرنج بدەن لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا، هاووڵاتییەکی شیعە دەنگ بە کاندیدێکی سوننە دەدات و بە پێچەوانەشەوە، یان هاووڵاتیەکی عەرەب دەنگ بە کاندیدێکی کورد دەدات و بە پێچەوانەشەوە.

بە کەسیکردنی کێشەکان لەسەردەمی حزبی بەعسیش بەو شێوەیە بووە، ئەمەش بەو مانایە دوژمنایەتیی بەعس و سەدام حسێن لەگەڵ تەواوی حزبێکی سیاسی نەبووە و، وەك دەمانبینی هەر چەند ساڵ جارێك لێبوردنی گشتیی دەردەکرد، بەڵام لە گەڵیدا دەیگوت «ئەم لێبوردنە فڵان کەس و فڵان کەس ناگرێتەوە»، هەروەك چۆن جارێك لێبوردنی گشتیی دەرکرد و لەگەڵیدا گوتی «ئەم لێبوردنە کەسی جەلال تاڵەبانی ناگرێتەوە».

ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە سەر تایتڵی ئەم گفتوگۆیە (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا) فیدراڵییەت لە هەموو دەوڵەتەکانی جیهاندا کارێکی زۆر باشە پیادە بکرێت. من سەرۆکی سەنتەرێکم لە ساڵی ٢٠١٧ـەوە توێژینەوە لەسەر ئەزموونەکانی فیدراڵیی جیهان دەکەم، هەتا ئێستا نەمبینیوە ئەزموونێکی فیدراڵی هەبێت (نەتەوەیی) بێت، بە ڕێژەی ٩٠٪ی ئەزموونە فیدراڵییەکان و هەرێمەکان لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە داوایان لێ دەکرێت کە هەرێم دروست بکەن، ئەوەش دەسەڵاتەکانتە لە بوارەکانی ئابووری و کارگێڕیدا، بەڵام ئێمە دوای ٢٠ساڵ هاتووین باسی کێشە و لایەنە خراپەکانی سیستمی فیدراڵی دەکەین، باسی ئەوە دەکەین، چۆن ئەم سیستمە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا جێبەجێ بکەین.

من وەك خۆم لە ساڵی ٢٠٠٩وە لەم هەرێمە نیشتەجێم، بەڕێزانی دیکە لە پارێزگاکانی خواروو نیشتەجێن، دەبێت سەرنج لەوە بدەن، کە بزانن هەرێمی کوردستان چی بەدەست هێناوە، هەر لە بینایەی پێشکەوتووی تەلارسازی، پێشکەوتنی کارگێڕی، بەڕێوەبردنی فەرمانگاکان، کەلتووری پێشوازی و مامەڵەکردن لەگەڵ هاووڵاتی، بۆیە وێڕای هەموو کەموکورتییەکان، ئەگەر من نموونەیەك باس بکەم، دەڵێم: ئەگەر بمەوێت ساڵانەی ئۆتۆمبیلێك لە مووسڵ، یان لە بەغدا نوێ بکەمەوە، بە هەموو ئەو واستانەی کە هەمە ٣تا٧ ڕۆژی پێ دەچێت، بەڵام لە هەولێر و دهۆك لە دوو کاتژمێر زیاتر ناخایەنێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کارگێڕییەکی تەواو تەواویان هەیە، ئەمەی لە هەرێمی کوردستان دەیبینین پەیوەندیی بە سیستمی فیدراڵییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە جێبەجێکردنی یاساوە هەیە، کە هەمان یاساکانی حکومەتی فیدراڵین، بەڵام

لە هەرێمی کوردستان بە ڕێکوپێکی جێبەجێ دەکرێت و لە ناوەڕاست و باشوور جێبەجێ ناکرێن.

لە ساڵی ٢٠٠٣ هەتا ئەمڕۆش پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەیانەوێت بگەنە ئاستێك وەك ئاماژەی پێکرا و پێی دەڵێن (کۆنفیدراڵی) کە ئەمەش پارێزگاکان و حزبەکانی دیکەی عێراقی پەسەندی ناکەن، لەمەش زیاتر لە هەرێمی کوردستان پارتی سیاسی هەیە بە کۆنفیدراڵییش ڕازی نییە و داوای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دەکات، ئەوجا لێرەوە کاتێك دێینە سەر پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی و لە بەغدا پرسیار دەکەین، ئایا هیچ کێشەیەك لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەیە؟ لەوەڵامدا دەڵێین: ئێمە هەرچی بکەین و هەرچییان بدەینێ، ئەوان هەر پێداگری لەسەر دەوڵەتی کوردی دەکەن. پرسیاری دیکە سەبارەت بە سنووری کوردستان، ئاشکرایە کە پارتی دیموکراتی کوردستان و هەموو کوردە نەتەوەییەکان دەڵێن «کەرکوك دڵی کوردستانە»، من خەڵکی موسڵم و برادەری کوردم زۆرە و لێم پرسیون: یەعنی چی «دڵی کوردستان»؟ پێیان گوتم: خۆشەویستیی ئێمە بۆ کەرکوك هاوتای خۆشەویستیی کوردستانە، هەربۆیە لەبەر ئەوەی کەرکوك نەوتی لێیە، ئەوا بێگومان دڵی کوردستانە، دڵ چۆن خوێن بۆ هەموو پارچەکانی جەستەی مرۆڤ دەبات و ڕێکی دەخات، بە هەمان شێوە کەرکوکیش دەبێتە شادەماری ئابووریی کوردستان، لە بەرانبەر ئەمەدا ئایا عەرەب و تورکمان چی دەڵێن؟ بێگومان ئەوان دەڵێن کەرکوك پارێزگایەکی عێراقییە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ کام لەم پێکهاتانە نەیانتوانیوە ناسنامەی کەرکوك بۆ بەرژەوەندیی پێکهاتەیەك یەکلایی بکەنەوە.

لە ئێستادا کە سەرۆك وەزیرانێکی ڕۆشنبیری وەك محەمەد شیاع سوودانی هەیە و هاتووە و دەیەوێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکات، دەڵێت ئەوە دەستوور و ئەوەش یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٨ کە هەرێمی لەسەر دامەزراوە، بەڵام دڵنیا بن ئێستا ئەندام و کادرانی سەرجەم حزبەکانی کوردستان بپرسین، ئایا زانیاریت لەسەر ئەزموونی فیدراڵیی دەوڵەتانی جیهان هەیە، لەوەڵامدا دەڵێن نەوەڵا، بەڵام ئەوەی ئێمە دەمانەوێت باڵادەستی و بودجەیە، پرسەکە بەم جۆرە نییە، ئەو فیدراڵییەتەی دراوە بە هەرێمی کوردستان بە فەرمانێکی نێودەوڵەتی پێی نەدراوە، بەڵکو بە فەرمانێکی دەستووری عێراقە، ئەمەش بەو مانایەی حزبە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکانی عێراق پێکەوە کۆبوونەوە و دەستووریکیان بۆ ئەم وڵاتە دارشتووە و لە چوارچێوەی ئەم دەستوورە و سنوورێکی دیارکراودا هەرێمێك دانی پێدا نراوە، کە ئەویش هەرێمی کوردستانە، ئەگەر ئەم دەستوورە هەموار بکرێتەوە بە شێوەیەك کە ئەو فەرمانە دەستوورییە بگۆڕێت کە هەرێمی لەسەر دامەزراوە، ئەوا ئەو هەرێمە نامێنێت.

بە بۆچوونی من کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی لەسەر فیدراڵییەت نییە، لەبەر ئەوەی لە دەستووردا ئەم کێشەیە یەکلایی کراوەتەوە، بەڵکو کێشەکە لەسەر پرسی ئابووری و چەند پرسێکی دیکەیە کە خۆتان کەمتەرخەم بوون تیایدا و دەستووریش ڕێگەی پێداون ئەنجامی بدەن، هەر بۆ نموونە ئێوە خۆتان نەتانتوانیوە ئابووریی خۆتان ڕێك بخەنەوە، نەتانتوانیوە دەستوورێك بۆ هەرێمەکەی خۆتان دابنێن، نەتانتوانیوە زمانێکی یەکگرتوو بۆ خۆتان دروست بکەن، نەتانتوانیوە پرۆگرامێکی خوێندن بۆ خۆتان دابنێن، ئەمانە هەمووی هەڵەی خۆتانن، کە دەتانوانی ئەمانە هەمووی بونیاد بنێن.

لە دوماهیدا خوازیاری ئەوەم ئەو گفتوگۆیەی ئێمە لە ناو ئەم هۆڵە لە ناو چوار دیواردا دەیکەین، هیوادارم بگاتە جەماوەر و ئەوانیش لەو ڕاستییانە تێبگەن و لەگەڵ ئەو واقیعەدا مامەڵە بکەن کە ئێستا جیهان مامەڵەی پێ دەکات. گرنگە حزب و جەماوەری هەرێمی کوردستان بیر لەوە بکەنەوە کە سەقفی داواکارییەکان زۆر بەرز نەکەنەوە بۆ ئاستی داواکاریی دەوڵەتی نەتەوەیی، برایان لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سیستەمی جیهانی بەو جۆرە مامەڵە دەکات، کە ڕێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەدات، بۆیە باشترە هەوڵ بدرێت لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا کێشەکانتان چارەسەر بکەن.

**لە چوارچێوەی ئەم دەستوورە و سنوورێکی دیارکراودا هەرێمێک دانی پێدا نراوە، کە ئەویش هەرێمی کوردستانە، ئەگەر ئەم دەستوورە هەموار بکرێتەوە بە شێوەیەک کە ئەو فەرمانە دەستوورییە بگۆڕێت کە هەرێمی لەسەر دامەزراوە، ئەوا ئەو هەرێمە نامێنێت**

**ئێوە خۆتان نەتانتوانیوە ئابووریی خۆتان ڕێک بخەنەوە، نەتانتوانیوە دەستوورێک بۆ هەرێمەکەی خۆتان دابنێن، نەتانتوانیوە زمانێکی یەکگرتوو بۆ خۆتان دروست بکەن**

**لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە سیستەمی جیهانی بەو جۆرە مامەڵە دەکات، کە ڕێگە بە دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی نەدات، بۆیە باشترە هەوڵ بدرێت لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراقدا کێشەکانتان چارەسەر بکەن**



**ئەبو کاروان**

ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستان:

# ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە بە بنەمای زۆرینە و کەمینە حوکمڕانی بکرێت، ئەوا چەمکی فرەیی و هاووڵاتیبوون هیچ مانایەکی نامێنێت

ئەبو کاروان، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستانە و یەکێکە لە تیکۆشەر و سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستان و، ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانە و لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەڵوێستی تایبەتی و قسەی جددی هەیە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی حکومەتی عێراقی فیدراڵدا)، زۆر ڕاشکاوانە پێداگری لەسەر ئەوە کرد، کە هەرێمی کوردستان بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی نەتەوەیەکە و هەر لە خۆڕا نەهاتووەتە بوون و، پێش ئەوەی ڕژێمی پێشووی بەعس بڕووخێت، ئەم هەرێمە هەبووە و بەمجۆرەش بیروبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:

جێگەی دەستخۆشییە کە بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، بابەتێکی هەستیار و گرنگی وەك (هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا) دەستنیشان کردووە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان و عێراقیشی بانگهێشت کردووە، بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە لەسەر ئەم پرسە گرنگە قسەی خۆیان بکەن.

بۆ ئەوەی بتوانم لەو کاتەی بۆم دیاری کراوە، چەند قسەیەك لەسەر ئەم پرسە بکەم، بابەتەکەم بەش دەکەم بەسەر چەند قۆناغێکدا:

١- قۆناغی ڕاپەرین لە ساڵی ١٩٩١ و پاشان دروستبوونی هەرێمی کوردستان.

٢- قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دەستپێکردنی پرۆسەیەکی تازەی سیاسی لە عێراقدا.

٣- قۆناغی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و تەقینەوەی ناکۆکییەکان لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا و، دوای ئەویش هێرشەکانی سوپای عێراق بۆ سەر کوردستان لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧.

سەبارەت بە قۆناغی یەکەمیان کە قۆناغی ڕاپەڕین و پاشان دروستبوونی نەوای ئارام و هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان و دروستبوونی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی سیاسی، ئەوا ئەم ئەزموونە بەرهەمی ڕەنج و خەبات و تێکۆشانی گەلێکە، گەلی کوردستان دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانی کردووە و قوربانی داوە و، دەیان تاوانی مەترسیداری وەك ئەنفال و جینۆساید و کیمیابارانی بەرانبەر کراوە. بۆیە داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی ئەو مافانەی کە میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ بە هەموو گەلانی جیهان داوە، زۆر ڕەوایە.

هەرێمی کوردستان وەك کیانێکی سیاسی و وەك ئەمری واقیع دروست بووە و، بەرەنجامی ڕاپەڕین و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستانە کە ویژدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەژاند و بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو و، پرسی کوردستانی لە پرسێکی مرۆییەوە بردە ئاستی پرسێکی سیاسی، پاشان هەر ئیرادەی ئەم میللەتە، هەڵبژاردنی ئەنجام دا و بووە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی خۆی و جیهان لەگەڵ ئەم ئەمری واقیعە مامەڵەی کرد و قبووڵی کرد.

**هەرێمی کوردستان وەک کیانێکی سیاسی و وەک ئەمری واقیع دروست بووە و، بەرەنجامی ڕاپەڕین و کۆڕەوە ملیۆنییەکەی خەڵکی کوردستانە کە ویژدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەژاند**

لەسەر ئاستی خەباتی ئۆپۆزسیونی عێراقی، ئەم هەرێمە بووە دەرگا و پەناگەیەکی ئارام بۆ ئەوەی تەواوی ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەهەموو حزبە سیاسییەکانییەوە پێکەوە کۆبکاتەوە. من خۆم وەك شیوعییەك جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە حزبی شیوعی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە و لە ماوەی خەبات و شاخ و سیاسیشدا، مافی ڕەوای گەلی کوردستانی بە بەشێك لە ئامانجەکانی خۆی زانیوە. بۆیە ئەم هەرێمە بەرهەمی خەبات و تێکۆشان و خوێنی هەزاران شەهیدە و کەس خێری پێ نەکردووین.

- سەبارەت بە خاڵی دووەم کە «ڕووخانی ڕژێمی بەعس و دەستپێکردنی پرۆسەی سیاسیی تازەیە لە عێراقدا»، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بووەوە بە بەشێك لە عێراقی تازە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەموو لایەنە کوردستانییەکان چوون بۆ بەغدا و، ئێستا هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان ئەو گەواهییە دەدەن، کە حزبە سیاسییەکانی کوردستان ڕۆڵێکی هێجگار باشیان لە دووبارە بونیادنانەوەی عێراق گێڕاوە، هەروەها لە ململانێ و کێشەکانی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە، لایەنە کوردستانییەکان لایەنگری هیچ لایەکیان نەکرد، بە پێچەوانەوە ڕۆڵێکی زۆر باشیان گێڕا، بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییانە بە شێوازێکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن، یان لانیکەم لەوە زیاتر هەڵنەکشێت.

**هەر ئیرادەی ئەم میللەتە، هەڵبژاردنی ئەنجام دا و بووە خاوەنی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی خۆی و جیهان لەگەڵ ئەم ئەمری واقیعە مامەڵەی کرد و قبووڵی کرد**

بۆیە دەبێت بەو جۆرە باسی هەرێمی کوردستان بکرێت، کە ئەم هەرێمە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بوونی هەبووە، هەروەها کە لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بە لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیشەوە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی دەستوورێکی تازە بۆ عێراق دابنرێت، ئەم هەرێمە بوونی هەبووە و، وەك ئەمری واقیع مامەڵەی لەگەڵ کراوە، نەك دەستووری عێراق ئەم هەرێمەی دامەزراندبێت.

لە ئێستادا کە گوێبیستی ئەو دەنگۆیانە دەبین، بەوەی گوایە هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی دەستووری عێراق بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە، کە ئەم هەرێمە بوونی نەمێنێت، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەر چاو بگرن ئەم دەستوورە بەو شێوەیە داڕێژراوە، ئەگەر هەر هەموارکردنەوەیەکی دەستوور دەنگی دوو لەسەر سێی سێ پاریزگای لەگەڵ نەبێت، یان لەلایەن دوو لەسەر سێی سێ پارێزگاوە ڕەت بکرێتەوە، ئەوا ئەو هەموارکردنەوەیە شکست دەهێنێت. لەسەر ئەم پرسە چارەنووسسازە هیچ لایەك گرەو لەسەر ناکۆکییەکانی ناوماڵی کوردستان نەکات، لەبەر ئەوەی چەند لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان ناکۆك بن، بەڵام زیاتر لە ٩٥٪ی خەڵکی قبووڵی ناکەن، ئایندەی ئەم هەرێمە بکەوێتە مەترسی، یان بگەڕێتەوە سەر بەغدا و وەك پارێزگایەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بۆیە ئەگەر لایەنی عێراقیی وا هەبێت کە گرەو لەسەر ئەمە بکات، ئەوە گرەوەکە دەدۆڕێنێت و سەرکەوتوو نابێت.

**حزبی شیوعی هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە و لە ماوەی خەبات و شاخ و سیاسیشدا، مافی ڕەوای گەلی کوردستانی بە بەشێك لە ئامانجەکانی خۆی زانیوە**

**ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە بووەوە بە بەشێک لە عێراقی تازە**

**لە ململانێ و کێشەکانی نێوان عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە، لایەنە کوردستانییەکان لایەنگری هیچ لایەکیان نەکرد، بە پێچەوانەوە ڕۆڵێکی زۆر باشیان گێڕا، بۆ ئەوەی ئەو ناکۆکییانە بە شێوازێکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن**

**ئەم دەستوورە بەو شێوەیە داڕێژراوە، ئەگەر هەر هەموارکردنەوەیەکی دەستوور دەنگی دوو لەسەر سێی سێ پاریزگای لەگەڵ نەبێت، یان لەلایەن دوو لەسەر سێی سێ پارێزگاوە ڕەت بکرێتەوە، ئەوا ئەو هەموارکردنەوەیە شکست دەهێنێت**

**ئەوەی چەند لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان ناکۆک بن، بەڵام زیاتر لە ٩٥٪ی خەڵکی قبووڵی ناکەن، ئایندەی ئەم هەرێمە بکەوێتە مەترسی، یان بگەڕێتەوە سەر بەغدا و وەک پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت**

دوای نووسینەوەی دەستوور و پەسەندکردنی لەلایەن گەلانی عێراقەوە، ئەم دەستوورە ناوی لێ نرا «ئەو چەترەی هەموو عێراقییەکان لەسەر بنەمای هاوبەشی و هاوسەنگی و پێکەوە سازان» کۆدەکاتەوە، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین، کە ئەم دەستوورە هەموو لایەنەکانی تەواو و ڕێکوپێك نییە، لە هەندێك بڕگەدا هاودژی دروست دەکات و زۆر لەسەر ئەم هاودژییانە تەفسیری جۆراوجۆر و گفتوگۆی جیاوازی لەسەر دەکرێت، ڕاشکاوانە دەتوانین بڵێین «زیاتر لە ٥٠ ماددەی ئەم دەستوورەی عێراق پێویستیان بەوەیە، بە یاسا، یاسایان بۆ دەربکرێت و بە یاسا ڕێك بخرێنەوە.

لایەنێکی دیکە کە زۆر گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکەین و، بزانین بۆچی ئەم دەستوورە جێبەجێ ناکرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە زۆر جار بە لۆژیکی هێز و سیاسەتی ئەمری واقیع لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستانەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و بەپێی هەلومەرجی گونجاو هەوڵی داوە بە شێوەیەکی ئینتقائییانە تەفسیری دەستوورەکە بکەن.

• خاڵی سێیەم کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، تەقینەوەی ناکۆکییەکانە لە ئاکامی ئەنجامدانی پرۆسەی ڕیفراندۆم و دوای ئەوەش کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧یە. بەداخەوە مامەڵەیەکی زۆر ناتەندروست لەسەر پرۆسەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کوردستان کرا. هەموو بەڕێزان شارەزان و دەزانن، ڕیفراندۆم وەرگرتنی ڕای گەلە بۆ بڕیاردان لەسەر مافی چارەنووسی خۆی، ئەمە مافی هەموو گەل و نەتەوەیەکە لە جیهاندا، پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، چەندین کۆنگرەی گەورە ڕێك خرا، سەبارەت بەوەی دەبێت سیستمی سیاسیی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس چۆن بێت. لە کۆنگرەی لەندەن لە ساڵی ٢٠٠٢، فیدراڵییەت وەك سیستمێکی سیاسی بۆ عێراقی نوێ دەستنیشان کرا. لەم کۆنگرەیەدا حزبی شیوعی پێداگری لەسەر ئەوە کرد، با هەر لە ئێستاوە لەسەر شێوازی ئەم فیدراڵییەتە ڕێك بکەوین، لەبەر ئەوەی ئەزموونە جیاوازەکانی فیدراڵییەت لە جیهاندا زۆر شێوەن، بۆیە دەبێت بزانرێت سیستمی فیدراڵیی عێراق، «نەتەوەییە، جوگرافییە، مێژووییە»، ئەو کات باس لەوە نەدەکرا کە بە برایانی عەرەبی سوننە و شیعە بگوترێت فیدراڵییەتی «ئایینی، یان مەزهەبی» کامیان هەڵدەبژێرن.

هەر بۆیە لە دەستپێکی پرۆسەی سیاسی لە عێراقی تازەی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پاشانیش دوای نووسینەوەی دەستووری ٢٠٠٥، ڕاستە لە دەستوورەکەدا ئەوە ئیقرار کراوە کە عێراق سیستمێکی فیدراڵییە، بەڵام لەبەر ئەوەی شێوازی ئەم فیدراڵییە یەکلایی نەکرابووەوە، دیسان ئەمیش وەك ماددە دەستوورییەکان تەفسیری جۆراوجۆری بۆ کرا، بۆ ماوەی ١٢ساڵ هەر لە ٢٠٠٥- ٢٠١٧ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە کەڵەکەبووندا بوون و، بەرەو بنبەست دەچوون، سیستمی فیدراڵیش ئەو ئاراستەی وەرنەگرت کە کوردستان ئومێدی بۆ دەخواست، بۆیە بەناچاری گەلی کوردستان ڕیفراندۆمی ئەنجام دا و ناکۆکیی هەرە سەرەکییش لەسەر کاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە بوو.

لەگەڵ ئەوەی لایەنە کوردستانییەکانی هەرێم، دوای ڕیفراندۆمەکە زۆر داوایان لە حکومەتی فیدراڵی کرد بۆ ئەوەی گفتوگۆ و دانوستاندن دەستی پێ بکرێت و کێشەکان بە دیالۆگ چارەسەر بکرێن، بەڵام بەداخەوە ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، ئەوە بوو کە عێراقی نوێ جارێکی دیکە پەنا بەرێتەوە بۆ چەك و هێزی سەربازی لە دژی کورد، واتە مامەڵەیەکی زۆر خراپ کرا و بە پەنابردن بۆ چەك و هێزی سەربازی و هێرشکردنەوە سەر کوردستان، مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕیفراندۆمە کرا، لە ئاکامی ئەم هێرشانەش لە هەردوولا قوربانییەکی زۆری لێکەوتەوە، ڕاشکاوانەتر واتە جارێکی دیکە خوێنڕشتن کەوتەوە نێوان هەرێمی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی حکومەتی فیدراڵی.

لە دوماهیدا کێشە و ئاستەنگەکانی شێوازی حوکمڕانی و سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەم:

- ئەو بارودۆخەی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوە دەچێت،



بوونی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵییە بە شێوەیەکی تایبەتی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی عێراق، سیستمی موحاسەسە کراوە، بە بنەما بۆ حوکمڕانی، کە ئەمە پێچەوانەی دیموکراسییەتە، واتە دەسەڵات بە شێوەیەك دابەش کراوە، کە دەبێت بەردەوام سەرۆك وەزیران شیعە بێت و سەرۆکی پەرلەمان سوننە بێت و سەرۆك کۆمار کورد بێت، نابێت گۆڕانکاریشی بەسەردا بێت، کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە.

- لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا ئاراستەیەك هەیە باس لە حوکمڕانی کەمینە و زۆرینە دەکات، بەڵام ئێمە بە خۆمان دەڵێین «دەوڵەتێکی فیدڕاڵی»، ئەمەش بەو مانایەی ئەم سیستمە بۆیە هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەی فرەیی نەتەوە و ئایین بکات، بۆ ئەمەش پێویستە پرانسیپی «پێکەوەسازان، هاوبەشی، هاوسەنگی» پیادە بکرێت. لە هەندێك وڵاتی فیدڕاڵی تەنانەت مافی «ڤیتۆ»ش بۆ کەمینەکان دانراوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر مافی «ڤیتۆ»یان نەبێت، دەبنە قوربانیی زۆرینە و کەمینە، بۆیە گرنگە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق هەوڵەکان بەو ئاراستەیە پرۆسەی سیاسیی ڕێك بخاتەوە، کە بنەماکانی «پێکەوەسازان، هاوبەشی، هاوسەنگی» بپارێزێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەم بنەمایانە پشتگوێ بخرێن و ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە بە بنەمای زۆرینە و کەمینە حوکمڕانی بکرێت، ئەوا چەمکی فرەیی و هاووڵاتیبوون هیچ مانایەکی نامێنێت.

- سەبارەت بە هەرێمی کوردستان کە هەرێمێکی دەستوورییە و دەستووری عێراق دادانی پێدانانی پێدا ناوە، ئەمەشیان ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە بە شێوەی زۆرینە و کەمینە مامەڵە لەگەڵ هەرێم بکرێت و، پرۆسەی دابەشکردنی دەسەڵات و ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێم سنووردار بکرێت، ئەوا ئاراستەی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، نەك هەر سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێت، بەڵکو لەوانەیە بگەینە تونێلێکی داخراو کە هیچ ڕووناکییەك بوونی نەمێنێت.

**زیاتر لە ٥٠ ماددەی ئەم دەستوورەی عێراق پێویستیان بەوەیە، بە یاسا، یاسایان بۆ دەربکرێت و بە یاسا ڕێک بخرێنەوە**

**بۆ ماوەی ١٢ساڵ هەر لە ٢٠٠٥-٢٠١٧ کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لە کەڵەکەبووندا بوون و، بەرەو بنبەست دەچوون، سیستمی فیدراڵیش ئەو ئاراستەی وەرنەگرت کە کوردستان ئومێدی بۆ دەخواست**



**عیماد موحسین ئەلمسافر**

**توێژەر و شرۆڤەوانی سیاسیی عێراقی:**

# کاتێک کێشەکان بۆ کاتێکی نادیار پشتگوێ دەخرێن، گەورەتر دەبن، پاشانیش چارەسەریان قورس و مەحاڵ دەبن

عیماد موحسین ئەلمسافر، توێژەر و شرۆڤەوانی سیاسیی عێراقی، یەکێکە لە ناوە دیارەکانی ناو میدیا و کەناڵە عێراقی و کوردستانییەکان و لە کۆڕ و کۆڕبەند و دیدارە میدیاییەکاندا زۆر بە واقیعییانە بۆچوونی خۆی لەسەر کێشە سیاسییەکانی عێراق دەردەبڕێت و، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە پێویستە پێکهاتە عێراقییەکان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و مەزهەبەوە لەگەڵ یەکتری گفتوگۆ بکەن و، بە شێوازی لێکتێگەیشتن و ئاشتییانە کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن و، یەك ئامانج هەموو لایەك پێکەوە کۆبکاتەوە کە ئەویش چارەنووسی عێراقە، لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقەوە) بە ڕێگەی سکایپ لەگەڵمان ئامادە بوو، زۆر بە قووڵی جەختی لە مێژووی هاوبەشی کورد و عەرەبی شیعە کردەوە و بەمجۆرەش دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:

پێش هەموو شت دەمەوێت سوپاسی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەم، کە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە (هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراق)ـەوە، بانگهێشتتان کردووم. ئومێدم دەخواست لەگەڵ بەشداربووان لەناو هۆڵەکە ئامادە بوومایە، نەك بە ڕێگەی سکایپ قسەتان لەگەڵ بکەم.

پێش ئەوەی بێمە سەر تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان، دەمەوێت باسێك لە مێژووی نێوان پێکهاتەکانی عێراق بکەم و، باس لە پەیوەندیی نێوانیان بەگشتی و پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەبی شیعەی عێراق بەتایبەتی بکەم.

کاتێك باسی پەیوەندیی نێوان کورد و عەرەبی

شیعەی عێراق دەکەین، دەبینین کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش هەردووکیان پێکەوە کۆدەکاتەوە. خاڵی هەرە گرنگ مەزڵوومییەتە کە (کورد و شیعە) هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە زوڵمیان لێ دەکرێت و مافەکانیان زەوت دەکرێت و سەرکوت کراون.

خاڵێکی دیکەی هاوبەشی نێوان کورد و شیعە، پەیوەندییەکە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ لە پرۆسەی سیاسیی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە نێواندا دروست بوو. کورد و شیعە دوو پێکهاتەی سەرەکی بوون و بڕبڕەی پشتی پرۆسە سیاسییەکەیان پێکهێنا. ئەم هاوپەیمانییەی نێوان کورد و شیعە بووە هۆکاری ئەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بنووسرێت و تەواوی گەلی عێراق دەنگی پێ بدات و پەسەندیان کرد و، بووە بنەمای پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا، بەڵام وێڕای گرنگیی ئەم دەستوورە، دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت، دەستوور خۆمان دامانناوە و دەقێکی پیرۆز نییە، نەتوانین دەستکاری بکەین. بۆیە لەوانەیە هەڵە و کەموکورتیشی تیادا بێت و پێویستی بەوە بێت، هەندێك مادده و بڕگەی بەو جۆرە هەموار بکرێتەوە، کە لەگەڵ قۆناغەکە و واقیعی کۆمەڵگەی عێراقی بگونجێت.

شێوازی پەیوەندیی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، گەلێك کێشەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو پرسانە یاسایین و جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕن، بەڵام ڕاستییەك هەیە و دەبێت لەبەر چاوی بگرین، لەسەر ئاستی هەموو جیهان، کێشەکان چارەسەر نابن، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆی لەسەر نەکەن.

من پێموایە گرنگترین هۆکاری سەرکەوتن و کاری هاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، گفتوگۆی ڕاستەوخۆیە، ئەگەر ئەم شێوازی گفتوگۆی ڕاستەوخۆیەش نەبوایە، ئەوا نەماندەتوانی کێشە و ئیشکالیاتەکان چارەسەر بکەین.

بەم دواییانە کۆمەڵێك بڕیار لە دادگای فیدراڵییەوە دەرچوون. برا کوردەکانمان تانەیان لەسەر ئەو بڕیارانە هەبوو، ئەم تانانە لەوانەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە بن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دەنگمان بەو دەستوورە داوە و، ئەو دەستوورەش خاڵی یەکلاکەرەوەی نێوانمانە و لایەنێکی وەك کورد، پێی وایە ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی زوڵمی لە کورد کردووە، ئەوا من دڵنیام، کۆمەڵگەی عەرەبی عێراق بە دیاریکراوی ئەوانەی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدان، ڕێگە نادەن نادادییەك، یان زوڵمێك لە ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە و تەواوی پێکهاتەکان بکرێت.

کورد و عەرەبی شیعە، چەندین هەڵوێستی مێژوویی لە نێوانیاندا هەیە. لەناو ئەو هەڵوێستانە دەمەوێت ئاماژە بە یەکێکیان بکەم، کە ئەویش هەڵوێستی مەرجەعییەتی شیعە بوو، کاتێك ئایەتوڵڵا سەید موحسین ئەلحەکیم فەتوای حەرامکردنی شەڕی لە دژی کورد دەرکرد، ئەم فەتوایە یەکێکە لەو کێشانەی کە لەگەڵ حکومەتی ئەو کاتی عێراق بۆ شیعە دروست بوو.

ئەمە بەڵگەیە بۆ پرسێك و ئەو مەغزایە پیشان دەدات کە ئەم کۆمەڵگەیە دید و تێڕوانینێکی مرۆییانەی هەیە بەرانبەر ڕۆڵەکانی ئەم کۆمەڵگەیەوە. لەلایەکی دیکەوە، ئەگەر کێشەیەك هەیە لە ناو سنووری دەوڵەت، دەسەڵاتە دەستوورییەکان، ئەوا ڕێگەی گونجاو ئەوەیە پێکەوە لە دەوری مێزێك کۆ ببینەوە و گفتوگۆ بکەین.

من ئەمڕۆ لێرە زۆر بە ڕاشکاوی قسە دەکەم. گوێبیستی هەندێك لێدوان دەبین لە هەرێمەوە، لەوانەیە گرژیی زیاتر دروست بکات و دیمەنە سیاسییەکە ئاڵۆز بکات، بەڵام لە بەرانبەر ئەم لێدوانە نابەرپرسیارانەش دەبینین کەسایەتیی زۆر باڵای کورد هەیە، کە هەوڵی لێکتێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەدات. ڕاشکاوانە دڵێم کۆمەڵگەی عەرەبی لە عێراقدا پشتی بەو هەوڵانە قایمە و ئومێدی لەسەر هەڵدەچنێت. بە ڕاستی ئەو کەسایەتییە باڵایەش، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، بە دیاریکراویش لەم ماوەی دواییدا دەستی داوەتە پرۆسەیەکی سیاسیی گەورە لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییە

**دەستوور خۆمان دامانناوە و دەقێکی پیرۆز نییە، نەتوانین دەستکاری بکەین**

**شێوازی پەیوەندیی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، گەلێک کێشەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو پرسانە یاسایین و جێگەی گفتوگۆ و مشتومڕن**

**لەسەر ئاستی هەموو جیهان، کێشەکان چارەسەر نابن، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان گفتوگۆی لەسەر نەکەن**

**ئەوانەی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدان، ڕێگە نادەن نادادییەک، یان زوڵمێک لە ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە و تەواوی پێکهاتەکان بکرێت**



**کەسایەتییەکی زۆر باڵای کورد هەیە، کە هەوڵی لێکتێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەدات ئەو کەسایەتییە باڵایەش، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە**

جیاوازەکانی عێراق، ئەم هەوڵانە هەمووی لە پێناوی ئەوەیە لەم نیشتمانەدا دەوڵەت هەبێت، دەوڵەتێك کە مافی هەموو پێکهاتەکانی ئەم نیشتمانە بپارێزێت. ئەو سەردانە مەکۆکییانەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەنجامی دەدات، بەتایبەتی کە بەم دواییە دیداری لەگەڵ هەموو سەرکردە و سەرۆك فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی عێراق هەبووە، هەروەها لەدەرەوەی عێراق چەند سەردانی هەبووە، بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتی عێراق ڕەنگدانەوەی هەبووە.

من بەو سیفەتەی هەندێك لە لایەنە شیعیەکان نزیکم، بە شێوەی ڕاستەوخۆ لێم بیستوون، کاتێك بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدای کرد و دیداری لەگەڵ سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە ئەنجام دا، هەموو سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بەو سەردانە زۆر خۆشحاڵ بوون.

سەرسام بوون بەوەی نێچیرڤان بارزانی دەیکات، سەرسام بوون بە ئەقڵییەتی سیاسیی ئەم سەرکردەیە، بەوەی دەیەوێت هەموو ڕۆڵەکانی عێراق پێکەوە کۆبکاتەوە و چارەسەر بۆ هەموو تەنگژەکان بدۆزێتەوە. ئەمە لە پێناوی ئەوەیە کێشەکان گەورە نەبن و لەسەر یەك کەڵەکە نەبن و ببنە کێشەی گەورە و چارەسەریان بگاتە بنبەست.

بۆیە من لەگەڵ گفتوگۆی ڕاستەوخۆم، جەخت لەوە دەکەمەوە کە هەمیشە وابووە کاتێك کێشەکان پشتگوێ دەخرێن بۆ کاتێکی نادیار، ئەم کێشانە گەورەتر دەبن، پاشانیش چارەسەریان قورس و مەحاڵ دەبن.

ئەمڕۆ کاتێك باسی ئەم کێشانە دەکەین، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە نەوەیەکی تازەی تەمەنی جیاوازی لاو، لەناو پرۆسە سیاسییەکە پێگەیشتوون و لە پێگەی دروستکردنی

بڕیارن. ئەم نەوە تازەیە وەك نەوەی پێشتر بیر ناکاتەوە کە سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەدامیان بینیوە و ئامانجی هاوبەشیان پێکەوە هەبووە، بۆیە زۆر زەحمەتە لەناو ئەم نەوە نوێیەی کۆمەڵگەی عەرەبی ئیقناعیان بکەین کە هێزی پێشمەرگە قوربانییەکی بێ شوماری لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی بەعس داوە، هەروەها لەناو ئەو نەوە نوێیەی کوردستانیش زۆر زەحمەتە قەناعەتیان پێ بێنین کە مقاوەمەی ئیسلامی چ خەبات و قوربانیدانێکی لە دژی دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن کردووە. ئەوجا لەبەر ئەوە خاڵە هاوبەشانەی کە لە نێوانماندا هەیە، لە هەمان کاتیشدا ئەم نەوە نوێیە بوونی هەیە، ئەوا ئەوانەی دەبنە سەمامی سیاسی لە عێراقدا، ئەو سەرکردانەن کە ڕۆژە سەختەکانی سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەدامیان بینیوە. دەبێت هەموومان هەوڵ بدەین، مێژووی خەباتی هاوبەشمان زیندوو بکەینەوە. ئەم مێژووە دەبێتە هاریکارمان بۆ ئاسانکردنی پرسەکانی دیکە، لەلایەك کۆمەڵگەی کوردستانی تێدەگات، کە مقاوەمەی ئیسلامی خەبات و قوربانیدانێکی گەورەی بووە، لەلایەکی دیکەش کۆمەڵگەی عەرەبییش لە عێراقدا تێدەگات، کە پێشمەرگە چەند خەباتی کردووە و قوربانی داوە بۆ ئەم ڕۆژە. ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە هەتا ئێستا هەندێك هەڵوێست دەبینین، کە ئەو خاڵە هاوبەشانە تا ئێستا بە زیندوویی ماونەتەوە، بەتایبەتی هەڵوێستی شارەکانی عێراق لە (بەغدا، بەسرا، نەجەف، بابل و.. هتد». بینیمان کاتێك هێزەکانی تورکیا چەند گوندی سنوورییان لە پارێزگای دهۆك بۆمباران کرد، چ کاردانەوەیەکیان هەبوو و سەرکۆنەیان کرد.

ئەمڕۆ چۆن لەناو ماڵی سوننە و شیعە کێشە هەیە، بە هەمان شێوە لەناو ماڵی کوردیش کێشە و ململانێی لەنێوان حزبەکان و سەرکردە سیاسییەکان هەیە. لەناو ئەم کێشە و ململانێیانە لێدوانی جۆراوجۆر دەبینرێن، کە لەوانەیە کاریگەری لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی عێراق هەبێت بەگشتی. هەر بۆ نموونە هەندێك لێدوانی میدیایی هەن، لەوانەیە دەربڕی بۆچوونی لایەنێکی سیاسیی ناو هەرێمی کوردستانیش نەبێت، بێگومان لەمەدا مەبەستم ئەو کەسایەتییانە نییە، بۆ نموونە کە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا پلە و پۆستیان هەیە و دیارن، لەوانەیە کەسێك لە کاناڵە کوردی و عێراقییەکانەوە لێدوان بدات و هیچ بەرپرسیاریەتییەکی نەبێت، بەڵام لە دیدیدی کۆمەڵگەی عەرەبی شیعەی عێراق بەو جۆرە وەردەگیرێت، ئەوە هەڵوێستی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، بەڵام لە بنەڕەتیشدا هیچ پەیوەندییەکی بە هەڵوێستی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانیشەوە نەبێت. ئەم ئاراستەیە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، لەوانەیە کەسێکی شیعە لێدوانێك بدات، لە دیدوتێڕوانینی کۆمەڵگەی کوردستانی وەك هەڵوێستی فەرمیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە وەریبگرن و هیچ پەیوەندییەکی بە چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەشەوە نەبێت.

قەدەری هەموو لایەکمان (هەموو پێکهاتەکانی عێراق) ئەم نیشتمانەیە، قەدەری ئەم نیشتمانەش فرەیی نەتەوەیی و ئایینییە، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم فرەییە بوونی هەیە، ئەگەر پێکەوە زۆر بە باشی لەسەر خاڵە هاوبەشەکانمان کار بکەین، ئەوا ئەم فرەییە دەبێتە سەرچاوەی هێزی هەموومان و سەرچاوەی سەکەوتنمان.

لە دوماهیدا دەمەوێت، جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە پرۆسەی سیاسیی عێراق لەسەر چەند پایەیەك ڕاوەستاوە، یەکێك لە پایە گرنگەکانی دەستوورە، ئەوانی دیکە تەواوی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی عێراقە. لەناو ئەم پرۆسەیەدا پێویستمان بەوە هەیە، باشتر لە یەکتری تێبگەین. یەکپارچەیی عێراق بەرپرسیاریەتییەکە دەکەوێتە سەرشانی هەموومان. من لەو بڕوایەدا نیم، عەرەبی شیعە و سوننە ئەو نییەتەیان هەبێت پاڵ بە کوردەوە بنێن بۆ جیابوونەوە، قەناعەتیان بەو جۆرەیە کە هێزی عێراق لەوەدایە کە یەکگرتوو و یەکپارچە بێت. ئەوجا لەبەر ئەوە هەموو لایەکمان خوازیاری گفتوگۆین و ئەم گفتوگۆ ڕاستەوخۆیەش تا ئێستا بەردەوامی هەیە، بەوەش دەگەینە ئاکامی لێکتێگەیشتنێکی زۆر باش و گرنگە بێجگە لە گفتوگۆ بۆ لێکتێگەیشتن، بیر لە هیچ ڕێگەیەکی دیکە نەکەینەوە.

**ئایەتوڵڵا سەید موحسین ئەلحەکیم فەتوای حەرامکردنی شەڕی لە دژی کورد دەرکرد**

**نەوەیەکی تازەی تەمەنی جیاوازی لاو، لەناو پرۆسە سیاسییەکە پێگەیشتوون و لە پێگەی دروستکردنی بڕیارن**

**ئەمڕۆ چۆن لەناو ماڵی سوننە و شیعە کێشە هەیە، بە هەمان شێوە لەناو ماڵی کوردیش کێشە و ململانێی لەنێوان حزبەکان و سەرکردە سیاسییەکان هەیە**

**پرۆسەی سیاسیی عێراق لەسەر چەند پایەیەک ڕاوەستاوە، یەکێک لە پایە گرنگەکانی دەستوورە، ئەوانی دیکە تەواوی لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی عێراقە**




د.جەمال کۆچەر

ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق:


# پێشتر دەسەڵاتی ئێمە لە هەرێمێکی فیدراڵی گەورەتر و لە کۆنفیدراڵی نزیک بووین، بەڵام ئێستا لە فیدراڵییەتیش دابەزیوین و بەرەو سەنتراڵی دەڕۆین

د.جەمال کۆچەر، ئەندامی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقە و ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە لە پەرلەمانی عێراق و، یەکێکە لە سیاسەتمەدارە دیارەکانی کوردستان و عێراق، لە گفتوگۆی ئەم جارە (هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا)، بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:

بۆ هەڵسەنگاندنی دید و تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵیی عێراق بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان، ئەوا من لە پێنج تەوەرەوە باسی لێ دەکەم، کە بریتین لە:

- دەوڵەتی ئێستای عێراق.
- دید و تێڕوانینی مێژووی عێراق.
- هەڵوێستی نێودەوڵەتی و ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵوێستە لەسەر تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵی لەسەر هەرێم.
- کەمتەرخەمییەکی گەورە لە ڕێکخستنی مادده دەستوورییەکان بە یاسا و کاریگەرییەکانی لەسەر دید و تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵی بەرانبەر بە هەرێم.
- چۆن هەڵوێستەکانی حکومەتی فیدراڵی بەرانبەر بە هەرێم تەفسیر بکەین؟

سەبارەت بە خاڵی یەکەمیان (دەوڵەتی

ئێستای عێراق) ئەو لایەنانەی کە کاریگەرن لە دەوڵەتی ئێستای عێراقدا، بریتین لە (دەستوور، حکومەت، لایەنە سیاسییە عێراقییەکان، هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت، هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە).

- ئەگەر سەیری دەستوور بکەین، ئەوا دەستوور گەرەنتیی دەستووری بۆ هەرێم و بەتایبەتیش مافەکانی مسۆگەر کردووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ماددەی دەستووریی تایبەت هەیە و کەس ناتوانێت بوونی هەرێم ڕەت بکاتەوە.

- سەبارەت بە حکومەتی عێراق، ئاشکرایە لەناو حکومەتی عێراقدا وەزیری کورد هەن و لە ناو پەرلەمانیشدا نوێنەرانی کورد ئامادەییان هەیە، ئەمانە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن، نەك پارێزگاکان، سەبارەت بە دید و تیڕوانینی حکومەتیش بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان، حکومەتی عێراق وەك هەرێمێکی فیدراڵی سەیری هەرێمی کوردستان دەکات، لە دوایین دیداریشمان لەگەڵ وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لای سەرۆك وەزیران بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی، زۆر بە ڕاشکاوی پێی گوتین: «هیچ بە ئامانجگرتنێك بۆ هەرێمی کوردستان نییە، هەرێمێکی دەستووری و یاساییە، هەر بەئامانجگرتنێکی نایاسایی ناڕەوایە و قبووڵ ناکرێت».

- سەبارەت بە دیدوتێڕوانینی عەرەبی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوەی دەیبینین گەلی عەرەبی عێراق هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ هەرێم نییە، هیچ هاوینەهەوارێکی کوردستان و هۆتێل و مۆتێلەکانی کوردستان نییە، عەرەبی لێ نەبێت، کەواتە کێشەکە لە کوێدا خۆی حەشار داوە؟ کە بە بۆچوونی من لەم سێ خاڵەدایە:

١- لایەنە سیاسییەکان.

٢- هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

٣- هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە.

- ئەگەر ئەم تەوەرە قسەی لەسەر بکەین، ئەوا هەموو لایەنە سیاسییەکان دژی هەرێمی کوردستان نین، لەوانە تێڕوانیان بۆ هەرێم لە تێڕوانینی هەندێ لایەنی سیاسیی دیکە جیاواز بێت، لایەنە سیاسییەکان دوژمنایەتییان بۆ هەرێم نییە وەك هەرێم، بەڵکو کێشە و تێبینییان لەسەر حزبە سیاسییەکانی هەرێم هەیە، ئەوجا سکۆلاری بن، یان ئیسلامی.

- سەبارەت بە هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئاشکرایە ئەم هاوپەیمانییە لە هەناوی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەدا لەدایك بووە، بەڵام هەندێك بازنەکەیان فراوان کردووە و ناویان لێ ناوە (هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت)، ئەمەش واتە کە زۆرینەی باڵادەست لەم هاوپەیمانییەدا لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەن، بۆیە ناتوانین بڵێین هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت لە تێڕوانینیان بۆ هەرێم بێلایەنن، لەناو ئەم هاوپەیمانییە کوردیش نوێنەریان هەیە و، بە فەرمی لەسەر بنەمای شایستەکان مامەڵە لەگەڵ کورد دەکەن و زۆربەی بڕیارەکانیش هەر لێرەوە دەردەچن، بەڵام بازنەی کۆتایی، بازنەی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەیە، کە ئەم بازنەیە هەموو ئەو لایەنە شیعەیانەی لەخۆ گرتووە، کە هەرێم بە ئامانج دەگرن (ئەگەر بە ئامانجگرتن هەبێت)، بەڵام بە بۆچوونی من بەئامانجگرتنی هەرێم نییە وەك هەرێم، بەڵکو بە ئامانجگرتنی لایەنە سیاسییە هەڵسووڕاوەکانی ناو هەرێمە.

- تەوەری دووەم (دید و تێڕوانینی مێژوویی)

ئێمە زنجیرەیەك وێستگەمان هەیە، کە دەکرێت بڵێین کاریگەرن و دەتوانین دیدوتێڕوانینی حکومەتی فیدراڵی بەرانبەر بە هەرێمی پێ دەستنیشان بکەین، ئەمەش بەو مانایەی ئایا بەرەو باشتر دەچێت، یان بەرەو خراپتر؟ ئایا لە هەڵکشاندایە بەرەو لێك نزیکبوونەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ هەرێم، یان لە دابەزین و خراپیدایە؟

لە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکرێت، بڵێین: لە ڕووی مێژووییەوە ئەم تێڕوانینە بەرەو دابەزین و خراپبوون ڕۆیشتووە، ئەوەی لە ڕووکاردا دەبینرێت، ئەوەیە کە کورد سەرکەوتوو نەبووە، یان نەیتوانیوە ئە دەرفەتانە بقۆزێتەوە کە پێویست بوون بۆ پەیوەندیی شیعە — کورد لە پێناوی ئەوەی شایستە یاسایی و نەتەوەیی و دەستوورییەکانی بەدەست بهێنێت.

لە ساڵانی پێش ٢٠٠٣، لایەنە سەرەکییەکانی شیعە، ئۆپۆزسیۆن بوون و لە هەرێم داڵدە درابوون. هەر بۆیە ئەگەر ستراتیژیەتێکی

**لەناو حکومەتی عێراقدا وەزیری کورد هەن و لە ناو پەرلەمانیشدا نوێنەرانی کورد ئامادەییان هەیە، ئەمانە نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن، نەک پارێزگاکان**

**بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی، زۆر بە ڕاشکاوی پێی گوتین: «هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی دەستووری و یاساییە و هەر بەئامانجگرتنێکی نایاسایی ناڕەوایە و قبووڵ ناکرێت»**

**کورد سەرکەوتوو نەبووە، یان نەیتوانیوە ئە دەرفەتانە بقۆزێتەوە کە پێویست بوون بۆ پەیوەندیی شیعە — کورد لە پێناوی ئەوەی شایستە یاسایی و نەتەوەیی و دەستوورییەکانی بەدەست بهێنێت**

**لەو قۆناغەدا کە عەرەبی سوننە لە ناو پرۆسە سیاسییەکەدا نەبوون، قۆناغێکی زێڕین بۆ کورد لە دەوڵەتی عێراقدا، ڕەخسا، بەڵام بەداخەوە حزبە کوردستانییەکان پرسی کوردستانیان نەکردە پرسێکی ڕاستەقینە و بە شتی لاوەکییەوە خەریک بوون**

سەرکەوتوومان هەبووایە بۆ لەخۆگرتنی ئەوان و بە تەواوەتی لە مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان لێکتێگەیشتنمان بۆ دروست بکردانایە، ئەوا لە قۆناغی دووەمدا کە ماوەی نێوان سالانی ٢٠٠٣-٢٠١٠یە و ئەوان بوونە دەسەلاتدار لە عێراقدا، ئێمە سوودێکی زۆرمان لێ وەردەگرت. لەو قۆناغەدا کە عەرەبی سوننە لە ناو پرۆسە سیاسییەکەدا نەبوون، قۆناغێکی زێڕین بۆ کورد لە دەوڵەتی عێراقدا، ڕەخسا، بەلام بەداخەوە حزبە کوردستانییەکان پرسی کوردستانیان نەکردە پرسێکی ڕاستەقینە و بە شتی لاوەکییەوە خەریك بوون.

لە ساڵی ٢٠١٠ – ٢٠١٤، عەرەبی سوننە هاتە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەم هاتنەناوەوەی عەرەبی سوننە بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە لەسەر حیسابی ڕۆڵی کورد بوو، ئەمەش بەو مانایەی لایەنی عەرەبی شیعە کە پێشتر پێویستیان بە کورد بوو بۆ پێکهێنانی حکومەت بۆ ئەوەی حکومەتەکە چوارچێوەیەکی عێراقی وەربگرێت، بە هاتنی سوننە بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە ئەم چوارچێوە عێراقییە بۆ حکومەت لەگەڵ سوننە بە ئاسانی دروست دەبوو، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ئاستی مامەڵەیان لەگەڵ کورد نزم بکەنەوە، هەر بۆیە وەك بینیمان دوای ساڵی٢٠١٠ هێزەکانی دیجلەیان دروست کرد، بەرەو کەرکووك هەنگاویان هەڵگرت، دواتر بودجەی کوردستانیان بڕی، هەر بۆیە لەم ماوەیەدا ئەگەر داعش سەری هەڵنەدایە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێویست بە یەکگرتنی هەموو عێراقییەکان بوو، تووشی کێشەی زۆر گەورە دەبووینەوە.

- قۆناغی چوارەم لە نێوان سالانی ٢٠١٤-٢٠١٨ تەنانەت پێش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیش، پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی نیمچە لێکدابڕانێك بوو، ئەمەش بەهۆی هاتنی داعش و ئاراستەی سیاسەتی هەرێم، بووە هۆکاری ئەوەی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە دید و تێڕوانینی حکومەتی فیدڕاڵی بەرانبەر بە هەرێم بێتە ئاراوە، بەداخەوە عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە لە هەموو ئەو ڕێوشوێنانەدا یەکیان گرت کە لە دژی هەرێم گرتیانەبەر.

- دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و لە سالانی ٢٠١٨-٢٠٢٢ دەتوانین بڵێین تا ڕاددەیەك بارودۆخەکە گەڕایەوە شوێنی خۆی، بەلام ئەوەشمان لەبیر نەچێت، لایەنە سیاسییەکانی شیعە بە تەواوەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیان فەرامۆش نەکرد و ئاسەواری لەسەر ڕۆڵی کورد هەر مایەوە و، عەرەبی شیعە و سوننە زیاتر لە یەکتری نزیك بوونەوە.

- لە ماوەی سالانی ٢٠٢٢-٢٠٢٤، لەم قۆناغەدا، کۆمەڵێك ڕێوشوێن بەرانبەر کوردستان گیرانەبەر کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٢٢ پەنایان بۆ نەبردبوو، هەر بۆ نموونە (ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێم، بێبەشکردنی هەرێم لە تێپەڕبوونی ڕێگەی پەرەپێدان بە خاکەکەیدا، هەروەها بڕیارەکانی دیکەی دادگای فیدڕاڵی بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان) بۆیە بە مەزندەی من، ئێستا ئێمە لە قۆناغێکداین کە لاوازترین قۆناغە لە ساڵی ١٩٩٠ هەتا ئێستا کە پێیدا تێپەڕ دەبین.

• لێرەوە دێمە سەر تەوەری سێیەم کە بریتییە لە (هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە عێراق و کاریگەریی ئەو هەڵوێستانە لەسەر تێڕوانینی حکومەتی فیدڕاڵی بەرانبەر بە هەرێم). ئاشکرایە لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەمریکا و ئەوروپا بڕیارێکی چارەنووسسازیان سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ عێراق دەرکرد، ئەو بڕیارەش ئەوە بوو کە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە ٢٠٠٣وە، مامەڵەیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی خاوەن شکۆ کرد و بەشداریان کرد لە سیستمی بانکیی سویفت (swift banking system)، ئەم سیستمە کە مانای (ڕێکخراوی پەیوەندیی داراییە لە نێوان بانکەکانی جیهان)، مانای ئەوەیە ئەو دەوڵەتەی ئەم سیستمە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات لەلایەن ئەوروپا و ئەمریکاوە وەك نەیار سەیر ناکرێت، بەڵکو وەك دەوڵەتێکی خاوەن شکۆ و دۆست، ئەگەر سەرنج بدەین دوای هێرشی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا، یەکەم کاردانەوەی ئەمریکا و ئەوروپا ئەوە بوو، ڕووسیایان لە سیستمی سۆڤیەت کردە دەرەوە، بەلام لە ساڵی ٢٠٢٣ ئەم سیستمە لەگەڵ عێراق جێبەجێ کرا، ئەمەش مانای ئەوەیە کە کۆمەڵگەی

**دوای ساڵی٢٠١٠ هێزەکانی دیجلەیان دروست کرد، بەرەو کەرکووك هەنگاویان هەڵگرت، دواتر بودجەی کوردستانیان بڕی**

**ئەگەر داعش سەری هەڵنەدایە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێویست بە یەکگرتنی هەموو عێراقییەکان بوو، تووشی کێشەی زۆر گەورە دەبووینەوە**

**عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە لە هەموو ئەو ڕێوشوێنانەدا یەکیان گرت کە لە دژی هەرێم گرتیانەبەر**

**ئێستا ئێمە لە قۆناغێکداین کە لاوازترین قۆناغە لە ساڵی ١٩٩٠ هەتا ئێستا کە پێیدا تێپەڕ دەبین**

نێودەوڵەتی نایەوێت لە عێراقدا ئاژاوە هەبێت، بەڵکو دەیەوێت ئەو کێشە کەڵەکەبووانەی لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو لە عێراقدا دروست بوون، هەموویان چارەسەر بکرێن و ڕێك بخرێنەوە.

- ئەوەی لەم پرسەدا زۆر مەترسیدارە ئەوەیە کە ئەو لایەنەی لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە جڵەوی عێراق دەگرێت، دراوە بە بەریتانیا، بەریتانیاش لەبەر ئەوەی لە ناوخۆی خۆیدا کێشەی لەگەڵ هەرێمەکانی خۆی هەیە، حەزی لە سیستمی فیدراڵی و دامەزراندنی هەرێمی دیکە لە عێراقدا نییە و، زیاتر پشتگیریی سیستمی سەنتراڵی دەکات، لەم چوارچێوەیەدا بینیمان کە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەریی عێراق زۆر بەڕاشکاوی گوتی: «ڕێگە نادەین هیچ هەرێمێکی دیکە لە عێراقدا دابمەزرێت، لەبەر ئەوەی دەستووری نییە»، ئەمە لە کاتێکدا دەقی دەستووری عێراق داوا دەکات، هەرێمەکان لە عێراقدا دابمەزرێن، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی لێدوانی لەم جۆرە دەدرێت؟ وەڵامەکەی ئەوەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشتگیری لەم ئاراستەیەی دەوڵەتی عێراق دەکرێت.

تێکەڵکردنەوەی عێراق لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پێویستی بە نەشتەرگەریی گەورە لەسەر ئاستی باری کارگێڕی و سیاسی و ئاسایش و ئابووری و...هتد هەیە.

لە ئێستادا ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپی سەرقاڵی کێشە گەورەکانی وەك شەڕی (ڕووسیا و ئۆکرانیا و شەڕی ئیسرائیل و غەزەن)، ئەگەر لە قۆناغی داهاتوودا گۆڕانکاریی زۆر ڕیشەییمان لە بوارەکانی (چەك تەنیا لای دەوڵەت بێت، کاری حزبەکان، شەفافییەت و حوکمڕانی، کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان) بێت، کە من پێموایە هەموو ئەمانە دەبێت جێبەجێ بکرێن، بۆ ئەوەی عێراق بتوانێت خۆی تێکەڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتەوە.

• تەوەری چوارەم، کەمتەرخەمیی گەورەیە لە ڕێکخستنی یاساکاندا.

ئەگەر سەیری دەستووری عێراق بکەین، دەبینین لانیکەم ٥٢ ماددەی دەستووری هەن کە لە کۆتایی ئەم ماددانە نووسراون «ئەمانە بە یاسا ڕێك دەخرێن»، کەچی هەتا ئێستا نەتوانراوە یاسای پێویست بۆ ڕێکخستنی ئەو ماددانە دەربکرێن.

گرنگترین سەرچاوە کە دەوڵەتی عێراق پشتی پێ دەبەستێت وەك دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان (نەوت و گازە) هەتا ئێستا حکومەتی عێراقی یاسای نەوت وگازی نییە، سەرەنجامیش کە یاسایەك نەبوو بە ڕاشکاوی و بە ڕێککەوتنی تێکرای پێکهاتەکان دەرکرابێت، ئەوا بەجێ دەهێڵدرێت بۆ ئەوەی دادگای فیدراڵی بڕیاری لەسەر بدات و دادگای فیدراڵییش چۆن ئارەزووی لێ بێت بەو شێوەیە بڕیاری لەسەر دەدات و، دەرگاکان واڵا دەکات بۆ تەفسیری هەمەجۆر و، بەئامانجگرتنی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگەی ئەم بڕیارانەوە زۆر بە ڕاشکاوی دیار بوون.

• دوایین تەوەر کە قسەی لەسەر دەکەم، بە ئامانجگرتنی هەرێمی کوردستانە.

دەبێت بەئامانجگرتنی هەرێم وەك هەرێم لەگەڵ بەئامانجگرتنی لایەنێکی سیاسی لە هەرێم لە یەکدی جیا بکرێتەوە. لەوانەیە هەموو بەئامانجگرتنێکی هەرێم بە ئامانجگرتنی هەرێم نەبێت، بەڵکو ئامانجگرتنەکە تۆڵەکردنەوە بێت لە لایەنێکی سیاسیی هەرێمی کوردستان، یان وەك کاردانەوەیەك بەرانبەر بڕیارێك کە لە قۆناغێکدا ئەو لایەنە داویەتی، سەرەنجامیش وا دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان بەئامانج گیراوە.

بەهەر حاڵ ئەوەی لە دوماهیدا دەمەوێت بیڵێم، ئەوەیە کە پێکەوە گرێدانەوەی ئەم تەوەرانە ئەوەمان پێ دەڵێن، کە ئێمە وەك هەرێم و وەك دەسەڵات لە پاشەکشەداین، پێشتر دەسەڵاتی ئێمە لە هەرێمێکی فیدراڵی گەورەتر بوو و لە کۆنفیدراڵی نزیك بووین، بەڵام ئێستا لە فیدراڵییەتیش دابەزیوین و بەرەو سەنتراڵی دەڕۆین. بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخە بە بۆچوونی من پێویستمان بەم هەنگاوانەیە:

١- دووبارە بونیادنانەوەی هەیکەلبەندیی دامەزراوەیی هەرێم، بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی نێودەوڵەتی و تێڕوانینی عێراق و ئەو بارودۆخەی عێراق بە شێوەیەکی گشتی پیایدا تێدەپەڕێت.

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نایەوێت لە عێراقدا ئاژاوە هەبێت، بەڵکو دەیەوێت ئەو کێشە کەڵەکەبووانەی لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو لە عێراقدا دروست بوون، هەموویان چارەسەر بکرێن و ڕێک بخرێنەوە**

**ئەو لایەنەی لە ڕووی بەڕێوەبردنەوە جڵەوی عێراق دەگرێت، دراوە بە بەریتانیا، بەریتانیاش لەبەر ئەوەی لە ناوخۆی خۆیدا کێشەی لەگەڵ هەرێمەکانی خۆی هەیە، حەزی لە سیستمی فیدراڵی و دامەزراندنی هەرێمی دیکە لە عێراقدا نییە**

**تێکەڵکردنەوەی عێراق لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، پێویستی بە نەشتەرگەریی گەورە لەسەر ئاستی باری کارگێڕی و سیاسی و ئاسایش و ئابووری و...هتد هەیە**

**ئێمە لە قۆناغێکی چارەنووسساز و هەستیارداین، بۆیە پەرتەوازەییمان خزمەتی کێشەی ئێمە ناکات، بەڵکو خزمەتی نەیارانمان دەکات**



٢- ڕێکخستنەوەی نێوماڵی یاسایی کوردستان، ئەمەش بەو مانایەی هەموو ئەو کێشانەی لەگەڵ عێراقدا هەمانە، بەپێی یاساکان چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، ڕاشکاوانەتر زیاتر جەخت لەلایەنی یاسایی بکەینەوە.

٣- ڕێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان و وەلانانی ئەو کێشانەی ئێستا هەیە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئێمە لە قۆناغێکی چارەنووسساز و هەستیاردایین، بۆیە پەرتەوازەیمان خزمەتی کێشەی ئێمە ناکات، بەڵکو خزمەتی نەیارانمان دەکات.

٤- بە بڕوای من باشترین پاڵپشتی بۆ هەرێم گەلی کوردستانە، بۆیە کارکردن بۆ خزمەتی ئەم گەلە باشترین فاکتەری مانەوەی هەرێمە.

**باشترین پاڵپشتی بۆ هەرێم گەلی کوردستانە، بۆیە کارکردن بۆ خزمەتی ئەم گەلە باشترین فاکتەری مانەوەی هەرێمە**

٥- زۆر گرنگە حزبە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کە میتۆدی خۆیان لە مامەڵەکردن و پیادەکردنی سیاسەت بگۆڕن، هەنگاو بەرەو جۆرێك لە پیادەکردنی سیاسەت هەڵبگرن، کە خزمەتی هەرێمی کوردستان دەکات، ئەمە بکەنە هێڵی سوور و هەموو حزبەکان پێوەی پابەند بن، هەروەها وەك خەتی سوور مامەڵە لەگەڵ ئاسایشی نیشتمانیی هەرێم بکرێت، ئەگەر لەم دید و بۆچوونانەوە هەنگاو هەڵبگرین، سەنگ بۆ هەرێم دەگەڕێتەوە، بەپێچەوانەشەوە هەرێم لاوازتر دەبێت و زیاتریش بە ئامانج دەگیرێن.

٦- لە ئێستادا هەڵەیەکی گەورە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی کورد لە بەغدا هەیە، ئەو هەڵەیەش ئەوەیە کە خەڵکانی دەستڕۆیشتوو



و کەسی یەکەمی ناو حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ناو پەرلەمان و حکومەتدا نین، ئەمە وای کردووە، ئەو خەڵکانەی نوێنەرایەتیی هەرێم دەکەن لەسەر ئاستی پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵی، نەتوانن بڕیار بدەن و هەڵوێستیان لاواز بێت، بۆیە زۆر گرنگە کەسە یەکەمەکانی ناو حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەبن، بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار بدەن و بۆ هەموو بڕیارێك نەگەڕێنەوە بۆ سەرووی خۆیان.

لە دوماهیدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، هەموو هەفتەیەك لەگەڵ سەرۆك وەزیران کۆدەبنەوە بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی حکومەت، سەرۆکی لایەنە سیاسییەکانی شیعە هەموو ڕۆژێك لەگەڵ فراکسیۆنی خۆیان کۆدەبنەوە، هەر ١٥ ڕۆژ جارێك هاوپەیمانیی چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە لەگەڵ فراکسیۆنەکانی خۆیان و سەرۆك فراکسیۆنەکانی خۆیان کۆدەبنەوە و، گفتوگۆ لەسەر هەموو پرسەکان دەکەن، بەڵام سەیری فراکسیۆنە کوردستانییەکان بکەن، هەر کەس لەگەڵ کەس دانانیشێت و قسە ناکات، نە حزب لەگەڵ ئەندامانی خۆی کۆدەبێتەوە، نە حزبەکانیش پێکەوە کۆدەبنەوە. بە ڕاشکاوی دەڵێم ئێمە زۆر پەرت و بڵاوین و بە پەرت و بڵاوییش ناتوانین ئەوەی دەمانەوێت لە حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا بەدەستی بهێنین.

**زۆر گرنگە کەسە یەکەمەکانی ناو حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا هەبن، بۆ ئەوەی بتوانن بڕیار بدەن و بۆ هەموو بڕیارێک نەگەڕێنەوە بۆ سەرووی خۆیان**



فەرهاد ئەتروشی

سیاسەتمەدار و ئەكادیمیستی بواری یاسا:

# زۆر گرنگە بگەڕێینەوە بۆ بنەما و فەلسەفەی دەستوور بۆ چارەسەركردنی هەموو ئەو كێشانەی كە هەن

فەرهاد ئەتروشی سیاسەتمەدار و ئەكادیمیستی بواری یاسا، لە خولی دووەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا پەرلەمانتار بووە، دواتر بووەتە پارێزگاری دهۆك تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٠ پارێزگار بووە. یەكێكە لەو كەسایەتییە سیاسییانەی كە زۆر بوێرانە پێداگری لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان دەكات، ئەمەش نەك تەنیا لەسەر ئاستی هەرێمی كوردستان، بەڵكو لەناو پەرلەمانی عێراق و بۆ داكۆكیكردن لە مافە دەستوورییەكان و شایستە داراییەكانی گەلی كوردستان شەڕی یاسایی كردووە و، لەم پێناوەدا باجی گەورەشی داوە. لە گفتوگۆی ئەمجارەدا (هەرێمی كوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا) وەك پسپۆڕێكی یاسایی زۆر بە وردی شێواز و تایبەتمەندییەكانی سیستمی فیدراڵی باس كرد و بەمجۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیارەكانی خستەڕوو:

لەبەر ئەوەی بەشی زۆری بەشداربووانی ئەم گفتوگۆیە برایانی عەرەبی عێراقین، دەخوازم بە زمانی عەرەبی باسەکەی خۆم پێشکەش بکەم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دەمەوێت مەبەستەکەم وەك خۆی بە زمانی عەرەبی بگات، نەك لە کاتی وەرگێڕاندا هەندێك لە چەمکەکان وەك خۆی نەگات، یان بپچرێت. بۆیە ئەوەی لەم گفتوگۆیە باسی دەکەم بە قەناعەتی من دەربڕی ئەو پرەنسیپ و بنەما سەرەکییانەیە کە پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆربەی حزبە سیاسییە کوردستانییەکان پیادەی دەکەن.

باسکردن و سادەکردنەوەی کێشەی کورد لە عێراقدا بەمشێوەیە کە باسی لێ کرا، جۆرێکە لە بێئاگایی و بەم ئاراستەیە ئەو کێشە گەورە و مێژووییە چارەسەر ناکرێت، بە جۆرێك لە هەڵاتن لە واقیع دادەنرێت، کە ئێستا هەیە و پێشتر بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردوو هەبووە.

هیچ کاتێك سۆز و عاتیفە جێگەی میکانیزمە دەستووری و یاساییەکان ناگرنەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو سیستمە تازەیەی لە ڕۆژئاواوە هاتووەتە ناو وڵاتی ئێمە لە ناویشیاندا «دیموکراتی و فیدراڵی»، بە سۆز عاتیفە بەڕێوە نابرێن و جێبەجێ ناکرێن، بەڵکو ئەم سیستمە بە ئەقڵانییەت جێبەجێ دەکرێت، هەروەها دەبێت گەوهەری کێشەکان وەك خۆی دەستنیشان بکرێت، نەك تەنیا وەك گێڕانەوەیەکی مێژوویی باس لە کێشەکان بکرێت کە لە مێژوودا چۆن بووە.

لێرەوە دێمە سەر کرۆکی بابەتەکە و دەپرسم: ئایا ئێستا کێشەیەك هەیە؟ ئایا گەوهەری ئەو کێشەیە لە ئێستاماندا چییە؟ هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی وەڵامدانەوەی پرسیار و دیاریکردنی چارەسەرە بۆ ئەو کێشەیە، وەڵامی ئەم پرسیارەش ئەوەیە: بەڵێ، کێشەیەك هەیە، ئەویش کێشەی کوردە لە عێراقدا، ئەم کێشەیە لە سەردەمی سەدام و بەعسییەکان دروست بووە، یان پێشتر هەبووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین: کێشەی کورد پێش بەعسییەکان و پێش سیستمی پادشایەتی و تەنانەت لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشدا هەبووە، ئەوجا چ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، یان لە باکووری عێراق، تا دەگاتە کێشەی ویلایەتی مووسڵ.

مەبەست لێرەدا ئەوەیە، مادام کێشەیەك بوونی هەیە و هەمووشمان ددان بەو کێشەیەدا دەنێین، ئەوا دەبێت چارەسەریشی بۆ بدۆزینەوە. لەم گفتوگۆیەدا باس لەوە کرا، ئێمە وەك کورد پێداگری لەسەر کوردستانییەتی کەرکوك دەکەین، لەبەر ئەوەی لەو شارەدا نەوت هەیە، ئەی باشە بۆ پێداگری لەسەر کوردستانیبوونی شنگال دەکەین، خۆ لە شنگال نەوت نییە؟

بە بڕوای من بەشی سەرەکیی کێشەکانی عێراق، بوونی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییە «Nation State» کە وەك مۆدێلێك لە ڕۆژئاواوە هێنرایە و دەوڵەتی عێراقی لەسەر دروست کراوە. ئەم مۆدیلەی دەوڵەتی ڕۆژئاوا کۆمەڵێك چەمك و بیرۆکەی فەلسەفییە، کە لەوانەیە نەتوانرێت لێرە وەربگیرێت و، پێموایە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە هەتا ئێستاش نەتوانراوە لێی تێبگەین. پرسیار ئەوەیە بۆ چی وا دەڵێم؟

زانایانی سیاسەت لە ڕۆژئاوا دەڵێن: پرۆسەی بونیادنانی هەر دەوڵەتێك دەبێت لە پێنج تەنگژە تێپەڕێت، کە مەرج نییە ئەم تەنگژانە هەموویان پێکەوە لە یەك کاتدا هەبن، بەڵکو لەوانەیە تەنگژەیەك و دووان پێکەوە بن، یان هەر پێنجیان پێکەوە هەبن، کە لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم:

- تەنگژەی یەکەم لە بونیادی هەر دەوڵەتێکدا تەنگژەی ناسنامەیە «Identity Crisis». بۆیە دەبێت بزانرێت ناسنامەی ئەم دەوڵەتە چییە؟ ئایا ناسنامەکەی، دەوڵەتێکی ئایینییە، یان دەوڵەتێکی مەدەنی، دەوڵەتێکی نەتەوەییە، یان فرە نەتەوەیە، دەوڵەتێکی دیموکراتییە، یان دیکتاتۆرییە، دەوڵەتێکی سەنتراڵییە، یان ناسەنتراڵییە، دەوڵەتێکی یەکگرتووە بە مانا دەستوورییەکەی، یان دەوڵەتێکی فیدراڵییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەڵێین: بەپێی ماددەی یەکەمی دەستووری عێراق، ناسنامەی عێراق بە دەوڵەتێکی «دیموکراتی، پەرلەمانی، فیدراڵی» دانراوە، ئەوجا لەبەر ئەوەی دەوڵەتێکی فیدراڵییە، واتە ئەم دەوڵەتە پێکدێت لە دوو بەش، یان زیاتر لە نێوان هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی، کە تا ئێستا هەندێك هەر لە دەوڵەتی سەنتراڵی ناوی دەبەن کە لە ڕووی دەستوورییەوە هەڵەیە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێم: هەتا ئێستاش دەوڵەتی عێراق نەیتوانیوە تەنگژەی ناسنامەی خۆی چارەسەر بکات. پرسیار ئەوەیە عێراق دەوڵەتێکی عەرەبییە، یان فرەنەتەوەییە؟ ئەگەر دەوڵەتێکی

**لەم گفتوگۆیەدا باس لەوە کرا، ئێمە وەک کورد پێداگری لەسەر کوردستانییەتی کەرکووک دەکەین، لەبەر ئەوەی لەو شارەدا نەوت هەیە، ئەی باشە بۆ پێداگری لەسەر کوردستانیبوونی شنگال دەکەین، خۆ لە شنگال نەوت نییە؟**

**هەتا ئێستاش دەوڵەتی عێراق نەیتوانیوە تەنگژەی ناسنامەی خۆی چارەسەر بکات**

**نەتەوەی من نەتەوەی کوردە و زمانی منیش زمانی کوردییە و، ناکرێت لە چوارچێوەی هزری عروبە، یان مەزهەبی و ئایینی ناسنامەی ئێمە بسڕێتەوە**

**ئێمە وەک گەلی کوردستان بە هەموو پێوەرێک کەمینەین، پێشان بە ١٧٪ مەزندە کرابووین، ئێستا کراوەتە ١٢,٥٪، ئایا بەم ڕێژەیە دەتوانین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یان هەر ئەنجومەن و دەسەڵاتێکی سەروەری بڕیار، یان یاسایەک تێپەڕێنین؟**

عەرەبییە، پرسیار ئەوەیە، ئێمە وەك نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان چ پێگەیەکمان لەم دەوڵەتەدا هەیە؟ لەگەڵ ڕێزی بێپایانم بۆ برایانی عەرەب لەم گفتوگۆیە بەشدارن، نەتەوەی من نەتەوەی کوردە و زمانی منیش زمانی کوردییە و، ناکرێت لە چوارچێوەی هزری عروبە، یان مەزهبی و ئایینی ناسنامەی ئێمە بسڕێتەوە.

لەوانەیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەمدا بڵێن: عێراق، دەوڵەتی هاووڵاتییە، ئەمەشیان دیسان ئیشکالیەتی زۆر بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەر ئەوەی لە دەوڵەتی هاووڵاتیدا مافەکان بەدەست نایەن، بۆچی؟ چونکە ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ دیموکراتی و سندوقی هەڵبژاردن و کەمینە و زۆرینە، لە بەرانبەر ئەم هاوکێشەیەشدا ئێمە وەك گەلی کوردستان بە هەموو پێوەرێك کەمینەین، پێشان بە ١٧٪ مەزندە کرابووین، ئێستا کراوەتە ١٢,٥٪، ئایا بەم ڕێژەیە دەتوانین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یان هەر ئەنجومەن و دەسەڵاتێکی سەروەری بڕیار، یان یاسایەك تێپەڕێنین؟ بێگومان نەخێر، لەبەر ئەوەی پرەنسیپی کەمینە و زۆرینە جێبەجێ دەکرێت.

لە وڵاتانی ڕۆژئاوا چارەسەری کێشەی دیکتاتۆریەتی زۆرینەیان بە سیستمی فیدراڵی کردووە، ئەمەش بەو مانایەی بەشێك، یان جوگرافیایەك کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، مافی خۆبەڕێوەبردنی بۆ دیاری دەکرێت، بۆ ئەوەی کاروباری ئەو هەرێمە خۆی بەڕێوەی ببات و، پاشان ئەم هەرێمە بە چەند ڕایەڵەیەك بەپێی سروشتی سیستمە فیدراڵییەکە وەك سیاسەتی بەرگری، سیاسەتی دەرەوە، سیاسەتی نەختینە، بە دەوڵەتە فیدراڵییەکەوە گرێ دەدرێتەوە.

لێرەوە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە بۆ دەستوور، پێش ئەوەی بێمە سەر وردەکارییەکانی سیستمی فیدراڵی، ئاشکرایە کە دەستوور دیکۆمێنتێکی سیاسییە و دەربڕی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی پێکهاتە و لایەنە سیاسییە جیاوازەکانە و، ئەم حزبە سیاسییانە کە نوێنەرایەتیی پێکهاتە جیاوازەکان دەکەن، ئەوان دەستوورەکە دەنووسنەوە و پاشان ئەکادیمیست و یاسانان دادیدەڕێژنەوە، ئەمەش بەشێکی سەرەکیی سیستمی دیموکراتییە.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئایا ناوەڕۆکی دەستوورەکان لە دەوڵەتانی جیهاندا، چی لەخۆدەگرن و کام کێشە چارەسەر دەکەن؟ بەپێی فیقهی دەستووری بە شێوەیەکی گشتی دەستوور بۆ چارەسەرکردنی سێ کێشەیە:

١- کێشەی یەکەم کێشەی دەسەڵاتە واتە ڕێکخستنی دەسەڵاتی دەوڵەت.

٢- بنەمای سەرەکیی دووەمی دەستوور، ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی ماف و ئازادییە گشتییەکان و تاکییەکانە، ئەمەش بەو مانایەی من وەك کوردێك مافم چییە، وەك هاووڵاتی مافم چەندە، ئازادییەکانیش بەهەمان شێوە، ئایا سنووری ئازادییەکانمان وەك هاووڵاتیەکی کورد و هاووڵاتیەکی عێراقی چەندە.

٣- بنەمای سێیەم، پرسی ئابووری، یان ئەوەی پێی دەگوترێت «دابەشکردنی داهاتەکان».

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی لە خاڵی یەکەمدا جەختمان لەسەر «ڕێکخستنی دەسەڵات» کرد؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، ئەم پرسەی ئێستا ئێمە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بەشێوەیەکی گشتی دەسەڵات لە نێوان دوو پرسدایە، یان ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە لای لایەنێك و لە پێگەیەکی جوگرافی چڕ دەبێتەوە، کە ئەمەیان بە دەسەڵاتی سەنتراڵی ناو دەبرێت، یان دەسەڵاتەکان دابەش دەکرێت و لە چوارچێوەی سیستمی لامەرکەزی و فیدراڵی ڕێك دەخرێن.

ئاماژەم بەم پرسە کرد، لەبەر ئەوەی سەرکردە سیاسییە عێراقییەکانی (کورد، شیعە، سوننە)، بەوجۆرە ئەو دەستوورەیان داڕشت، کە دەسەڵات لای کەسێك و حزبێك و جوگرافیایەکی دیاریکراو چڕ نەبێتەوە، هەروەها ماف و ئازادییەکانیش بۆ هەموو گەلی عێراق دیاری بکرێت. بەڵام سەبارەت بە کێشەی کورد کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، هەر لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە ئەم کێشەیە هەیە و بووەتە گرێ کوێرە و ناکرێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لە دەستووری عێراقدا هەموو لایەك ڕێککەوتوون بەپێی ئەو دەستوورە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، بەڵام کە دێنە ناو وردەکاری و وەك دەڵێن «شەیتان لەناو وردەکاریدا خۆی شاردووەتەوە»، پرسەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئێمە دەستوورمان نووسییەوە، بەڵام ئەگەر نەشڵێین ماددەکانی بووەتە مەرەکەبی سەر کاغەز، ئەوا ناشتوانین بڵێین ئەم دەستوورە بووەتە بنەمایەکی پتەو بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و

**لە وڵاتانی ڕۆژئاوا چارەسەری کێشەی دیکتاتۆریەتی زۆرینەیان بە سیستمی فیدراڵی کردووە، ئەمەش بەو مانایەی بەشێک، یان جوگرافیایەک کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، مافی خۆبەڕێوەبردنی بۆ دیاری دەکرێت**

**سەرکردە سیاسییە عێراقییەکانی (کورد، شیعە، سوننە)، بەوجۆرە ئەو دەستوورەیان داڕشت، کە دەسەڵات لای کەسێک و حزبێک و جوگرافیایەکی دیاریکراو چڕ نەبێتەوە، هەروەها ماف و ئازادییەکانیش بۆ هەموو گەلی عێراق دیاری بکرێت**

**ئێمە دەستوورمان نووسییەوە، بەڵام ئەگەر نەشڵێین ماددەکانی بووەتە مەرەکەبی سەر کاغەز، ئەوا ناشتوانین بڵێین ئەم دەستوورە بووەتە بنەمایەکی پتەو بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان و دابەشکردنی دادپەروارانەی داهات بەسەر هەموو عێراقییەکاندا**

ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکان و دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهات بەسەر هەموو عێراقییەکاندا.

بەڕێزان ئێوە هەمووتان سیاسەتمەدارن و لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوو بە شێوەیەك لە شێوەکان بەشداریی پرۆسەی حوکمڕانیی عێراقتان کردووە. دەپرسم: ئایا لە کام سیستمی فیدڕاڵی لە جیهاندا بە هەموو سیستمە جیاوازەکانی فیدڕاڵییەوە، ئەنجومەنی باڵای دەسەڵاتی دادوەری و دادگای فیدڕاڵی خۆیان تێکەڵی سیاسەت کردووە؟ ئەم دامەزراوانە هەرگیز خۆیان تێکەڵی سیاسەت ناکەن و هاوسەنگیی پرۆسەی حوکمڕانی لە وڵاتدا ڕادەگرن، بەڵام وەك هەموو لایەك ئێستا لە عێراقدا دەیبینین، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و سەرۆکی دادگای فیدڕاڵیی عێراق، ئێستا بوونەتە کاراکتەری سیاسی و لە بۆنە سیاسی و حزبییەکاندا گوتاری سیاسی دەدەن. من لە ساڵی ٢٠١٠ لە بەغدا پەرلەمانتار بووم، دەپرسم کوا ئەو کەلتوورە سیاسییەی ئەو کات هەبوو؟

دادگای فیدڕاڵی دەبێت دامەزراوەیەکی بەشکۆی بەڕێز بێت. با سەیری دادگای فیدڕاڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەین، کێ دادوەرانی ئەم دادگایە دەناسێت؟ کێ دەزانێت ژمارەیان چەندە؟ ئەندامانی ئەم دادگایە لە یەك بۆنەدا دەردەکەون، کە ئەویش ڕۆژی سوێندخواردن و دەستبەکاربوونی سەرۆکی تازەی ئەمریکایە. ئەمە تەنیا نموونەیەکی زۆر سادەیە، بەڵام پێمان دەڵێن «ئەو دامەزراوانە کەموکورتییان هەیە».

بە هەمان شێوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکاریش، دەستوور باس لە ئەنجومەنی وەزیران دەکات، بەڵام کاتێك یەکێك دەبێتە سەرۆك وەزیران، ئیدی ئەنجومەنی وەزیران بایەخی نابێت و یەك کەس دەبێتە میحوەری پرۆسە سیاسییەکە، ئەوجا ئەو سەرۆك وەزیرانە هەر کەسێك بێت.

لەم گفتوگۆیەدا زۆر گرنگە بەدوای چارەسەر بگەڕێن و دەبێت نەخشەیەکی ڕێگە دابڕێژین، بۆ ئەوەی بگەینە چارەسەر و کێشەکە چۆن وەك خۆی سەیر بکرێت.

بە بڕوای من مافی ڕەوای کوردە کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت و، ئەم مافەش لە پاکتی نەتەوەیەکگرتووەکان هەیە و ئاماژە بە مافی بڕیاردانی «چارەنووسی بۆ هەموو نەتەوەیەك دیاری کردووە»، هەر بۆیە بڕیاری مافی چارەنووس مافێکی ڕەوایە بۆ گەلی کوردستان، بەڵام ئەمەش بەو مانایە ناڵێم کە لە عێراق داببڕێن، کە هیچ مامەڵەی لەگەڵ نەکەین و هیچ گفتوگۆی لەگەڵ نەکەین، بەڵکو ئێستا کاتی ئەوەیە باس لە چارەسەری فیدڕاڵیی ڕاستەقینە بکەین، فیدڕاڵییەتی ڕاستەقینە نموونەی فیدرالییەتی بەریتانیا کە بە یاسای بنەڕەتی ڕێگەی داوە لە هەرێمی سکۆتلەندا ڕیفراندۆم بکرێت، هەروەها فیدڕاڵییەتی کەندا کە بە دەستور ڕێگەی داوە لە هەرێمی کویبك ڕیفراندۆم ئەنجام بدرێت، فیدڕاڵییەتی ئیسپانیاش بە دەستور ڕێگەی داوە لە هەرێمی کەتەلۆنیا ڕیفراندۆم بکرێت، بۆیە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە هەرێمێکی فیدڕاڵی کارێکی نامۆ نییە، هەتا ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان بە نامۆ لەقەڵەم بدرێت، لەمەش زیاتر نموونەی فیدڕاڵییەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە کە لە بنەڕەتدا دەوڵەتە یەکگرتووەکان «United States»ی ئەمریکایە، کە ئەم ویلایەتانە بە ئاستێك دەسەڵاتیان فراوانە کە مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت، هەر بۆیە ڕەتکردنەوەی ئەم مافە کە گەلی کوردستان خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت و هەموو مافە دەستوورییەکانی ڕێزیان لێ بگرێت، ئەمە پێشێلکردنی ڕاستییەکانە، بۆیە زۆر گرنگە بۆ چارەسەری ئەم پرسە پێکەوە دابنیشین و گفتوگۆ بکەین و نەخشەیەکی ڕێگە دابنێین، بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ چارەسەری بۆ بدۆزینەوە و ڕێز لە دەستوور، لە شکۆی گەلی کوردستان بگیرێت. ئێستا زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵی «تەنگژەی متمانە» هەیە، متمانەمان بەیەکتری نییە. عەرەبی شیعە وای دەبینێت، ئەگەر کوردستان بووە دەوڵەت دەبێتە دەوڵەتێکی دژ بۆ عێراق، عەرەبی سوننە دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی عەرەبی سەیر دەکات، ئەگەر کورد داوای دەوڵەت بکات، دەوڵەتێکی عەرەبی پارچە پارچە دەبێت، ئەمەش وای کردووە کە ماوەی یەك سەدەی تەواوە مامەڵەی کەمینەیەکی بچووك لەگەڵ کورد دەکەن، بۆیە زۆر گرنگە بگەڕێینەوە بۆ بنەما و فەلسەفەی ئەم دەستوورە بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی کە هەن و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و جیاوازییانەی لە نێوانماندا هەیە.

**سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و سەرۆکی دادگای فیدڕاڵیی عێراق، ئێستا بوونەتە کاراکتەری سیاسی و لە بۆنە سیاسی و حزبییەکاندا گوتاری سیاسی دەدەن**

**مافی ڕەوای کوردە کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەمەش بەو مانایە ناڵێم کە لە عێراق داببڕێن کە هیچ مامەڵە و گفتوگۆی لەگەڵ نەکەین**

**ڕەتکردنەوەی ئەم مافە کە گەلی کوردستان خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت و هەموو مافە دەستوورییەکانی ڕێزیان لێ بگرێت، ئەمە پێشێلکردنی ڕاستییەکانە**



## شڤان حەمدی

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:

# گرنگە نوێنەرانی کورد لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق بە هەند وەری بگرن، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش بەڕاستی نەنگییەکی گەورەیە کە هەتا ئێستا دەستوورمان نییە

**شڤان حەمدی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە و، هەروەها بەرپرسی ئاژانسی هەواڵی زاگرۆس-یشە، لەگفتوگۆی ئەم جارەدا (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا) بەم جۆرە دیدوتێڕوانین و پێشنیارەکانی خۆی خستە ڕوو:**

لەم گفتوگۆیەدا چەندین دیدوبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە (تێڕوانینی حکومەتی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان) خرانەڕوو، کە دەربڕی کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی لایەنە سیاسییە عێراقییەکان و هەروەها دەربڕی کۆی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق بوو، بە (کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە)وە. جوانیی ئەم گفتوگۆیە و جیاوازیی ئەم گفتوگۆیە لە گفتوگۆ و دانوستاندنە فەرمییەکانی نێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراقدا ئەوەیە کە گفتوگۆی فەرمیی نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق (دان) و (ستاندن)ـە لە پێناوی ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی کابینەیەکی تازەی حکومەتی عێراق نەك چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٤ـەوە هەر لە حکومەتی کاتییەوە تا دەگاتە کابینە یەك لە دوای یەکانی حکومەتی عێراق، ڕێك دەکەون بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام کێشەکان لە جێگەی خۆیان ماون، بەڵام ئەم گفتوگۆیەی ئەمڕۆ بە ناونیشانی (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا) ئەنجاممان دا، جوانییەکەی ئەوە بوو، کە کۆکردنەوەی جیاوازییەکان و دروستکردنی ڕایەڵەی هاوبەش بوو لە نێوان جیاوازییەکاندا بۆ بەرهەمێنانی هێزێك، بۆ ئەوەی چارەسەری ڕیشەیی بۆ تەواوی کێشەکانی عێراق بدۆزینەوە، بە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیشەوە.

تەوەری سەرەکیی کە خۆڕسکانە بووە بناغەی ئەم گفتوگۆیە جوانە (دەستووری عێراق و جێبەجێکردنی سیستمی فیدراڵی)، ئەوەی هەموومان تێبینمان کرد و بە شێوازی جیاواز لەسەری کۆك بووین، بە بڕوای من دوو خاڵی گرنگ بوون:

١- هەموو بۆچوونەکان وێڕای جیاوازییان بەڵام لە خاڵێکدا کۆك بووین، بەوەی دەبێت، ڕێز لە دەستوورەکە بگیرێت و ماددەکانی جێبەجێ بکرێن.

٢- هەموو بۆچوونەکان وێڕای جیاوازییان لەو

خاڵەشدا کۆك بوون، کە سیستمی فیدراڵی سیستمێکی باشە بۆ بەڕێوەبردنی عێراقی نوێ، تەنانەت ئەو بۆچوونانەشی کە دژی دروستکردنی هەرێمی دیکەن لە عێراقدا، ئاماژەیان بەوە کردووە، با کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێن، بیریش لە دروستکردنی هەرێمی دیکەش لە عێراقدا دەکرێتەوە.

بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا دەبێتە ئەوەی کە جێبەجێکردنی «دەستوور و پیادەکردنی سیستمی فیدراڵی» دوو بژاردەی هاوبەش و باشن بۆ ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان، بۆچی لەسەر ئەرزی واقیع کێشەیان هەیە و جێبەجێ ناکرێن؟

بە تێڕوانینی من، ناکرێت هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکە (کورد و عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە) چاوی خۆمان لەو فاکتەرە سەرەکییانە بنووقێنین کە بوونەتە لەمپەر و ئاستەنگ لە بەردەم جێبەجێکردنی دەستوور و سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا، ڕاستییەکەشی ئەوەیە وەك لەم گفتوگۆیەدا زۆر بە ڕاشکاوی باس کرا، هەر لایەك بەشی خۆی بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ و نابێت خۆیشی لەو بەرپرسیارێتییە بدزێتەوە، بۆیە زۆ بە خێرایی لەسەر هەڵوێستی هەر لایەکیان ڕادەوەستم:

یەکەمیان: ئەو بەرپرسیارێتییەی دەکەوێتە سەر شانی کورد:

ئەوەی لەم گفتوگۆیە و گفتوگۆکانی دیکەی بازنەی گفتوگۆ گوێبیستی بووین، ئەوەیە کە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق خەمسارد بوون لە پێداگرییان بۆ جێبەجێکردنی تەواوی دەستووری عێراق «وەك یەك پاکێج»، هەروەها خەمسارد بوون لە پێداگرییان بۆ تەواوکردنی هەیکەلەی سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا، بەتایبەتیش لە دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستانیش، لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان بەشی هێندە پێکەوە تەبا نەبوون کە زەمینەیەك بڕەخسێنن بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان دەستوورێك پەسەند بکات و پاشان بخرێتە بەردەمی گەلی کوردستان و، هەرێمی کوردستان ببێتە خاوەنی دەستووری خۆی. لەمانەدا گرنگە نوێنەرانی کورد لە حکومەت و پەرلەمانی عێراق بە هەند وەری بگرن و، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانیش بە ڕاستی نەنگییەکی گەورەیە کە هەتا ئێستا دەستوورمان نییە.

دووەمیان: ئەوەی دەکەوێتە سەر شانی عەرەبی سوننە.

ئەوەی دەکەوێتە سەر شانی عەرەبی سوننەی عێراق، خۆیان حاشایان لەو بەرپرسیارێتییە نەکردووە، ئەمەش ئەوەیە لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی سوننەی عێراق ئەو هەڵوێستەیان بە ڕاست نەزانی کە لە دوای ٢٠٠٣- ٢٠١٠ بە شێوەیەك لە شێوەکان بایکۆتی دەنگدان بە دەستوور و پرۆسەی سیاسیی عێراقیان کرد، ئەمە بێجگە لەوەی پارێزگاکانی سوننەی عێراق لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٣- ٢٠١٠ بووە ناوچەی شەڕی ناوخۆ و ئەوەی پێی دەگوترێت (مقاومە)، بۆیە جیا لەوەی ژینگەیەکی پاشاگەردانی لەعێراقدا هاتەئاراوە، لە هەمان کاتدا زەمینەیەکی ئاڵۆزی ئەوتۆ هاتە ئاراوە کە تەنیا بیر لە کۆتاییهێنان بەو شەڕە ناوخۆییە (عەرەبی شیعە و عەرەبی سوننە) بکرێتەوە، کە جوگرافیایەکی فراوانی گرتەوە، عەرەبی سوننەش پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٠ هاتنە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، بە هەستێکی (عروبە) هاتن نەك هەستێکی نیشتمانی، بۆیە جیا لەوەی نەتوانرا کێشەکانی خۆیان و عێراق چارەسەر بکەن، بەڵکو بوونە هۆکارێك بۆ ئەوەی زیاتر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی ئاڵۆزتر ببێت، بەتایبەتی لە ژمارەیەك لەو بڕیارانەی لە دژی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی عێراقەوە دران، عەرەبی سوننە بە دیدی (عروبة) سەیری کوردستانیان کرد، نەك نیشتمانی و هەرێم وەك بەشێك لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق، لەمەشیاندا دەبێت سیاسەتمەدارانی عەرەبی سوننە زۆر بە جددی پێداچوونەوە بە خۆیان بکەن.

سێیەمیان: ئەوەی دەکەوێتە سەر شانی عەرەبی شیعە وەك دەسەڵات.

عەرەبی شیعەی عێراق پشکی شێری کۆی کێشەکانی عێراقیان دەکەوێتە سەرشان لەبەر ئەوەی لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا لایەنە سیاسییەکانی شیعە لە دەسەڵاتدا بوون، بەڵام بە دانپێدانی خۆیان شکستیان هێناوە و پێویستیان بەوەیە بە شێوەیەکی ئەقڵانی بیر لە داهاتووی عێراق بکەنەوە، ئەگەر بە جددی کار لەسەر ئەمە نەکەن، ئەوا چۆن هەتا ئێستا ترسیان لە ڕابردوو هەبووە، دەبێت ترسیان لە داهاتووشیان هەبێت.

لە ئێستادا لەلایەن هەردوو لایەنی (کورد و عەرەبی شیعە) پێشوازییەکی گەرم لەو ئاراستەیەی عەرەبی شیعە دەکرێت، کە ئەبو میساق مەساری لە گفتوگۆی پێشتردا ناوی لێنا «شیعەی ئەقڵانی»، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ئەقڵانییەت چوارچێوەیەك بۆ کۆکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دانەنێت، ئەوا لە تابلۆ گەورەکەدا ئیرادەی عێراقییەکان لە کێشەکان زۆر گەورەتر و بە ئاسانی چارەسەر دەبن.

**گفتوگۆی فەرمیی نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی عێراق (دان) و (ستاندن)ـە لە پێناوی ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی کابینەیەکی تازەی حکومەتی عێراق نەك چارەسەرکردنی کێشەکان**

**لایەنە سیاسییەکانی عەرەبی سوننەی عێراق ئەو هەڵوێستەیان بە ڕاست نەزانی کە لە دوای ٢٠٠٣-٢٠١٠ بە شێوەیەك لە شێوەکان بایکۆتی دەنگدان بە دەستوور و پرۆسەی سیاسیی عێراقیان کرد**

**عەرەبی سوننە پاش ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٠ هاتنە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق، بە هەستێکی (عروبە) هاتن نەك هەستێکی نیشتمانی**

**لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا لایەنە سیاسییەکانی شیعە لە دەسەڵاتدا بوون، بەڵام بە دانپێدانی خۆیان شکستیان هێناوە و پێویستیان بەوەیە بە شێوەیەکی ئەقڵانی بیر لە داهاتووی عێراق بکەنەوە**



## مەحفووز مایی

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# عێراق بە جیاوازیی ڕژێمەکانیەوە ماوەی یەک سەدەیە لە ڕوانگەی هێز و دەسەڵاتەوە دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد بکات

**مەحفووز مایی، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی دەوڵەتی فیدڕاڵیی عێراقدا) بەم جۆرە دید و تێڕوانین و پێشنیارەکانی خستەڕوو:**

لە دەستپێکدا هەموو بەڕێزانی ئەم گفتوگۆیە لەسەر ئەوە کۆك بووین کە گفتوگۆیەکی ڕاشکاوانە بکەین، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێت باس لە دروستبوون و دەستپێکی ئەزموونی دیموکراسیی هەرێمی کوردستان بکەم لە ساڵی ١٩٩٢ وەك «هەرێمێکی فیدڕاڵی لە عێراقی داهاتوودا».

دوای ئەوەی حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٩١ تەواوی دامەزراوەکانی لە هەرێمی کوردستان کێشایەوە، بەرەی کوردستانی دەسەڵاتی ئەمری واقیعی گرتە دەست، بەڵام بەرەی کوردستانی بڕیاری نەدا کوردستان ببێتە «هەرێمێکی فیدڕاڵی»، بەڵکو بڕیاری دا کە گەلی کوردستان بە جیاوازیی ئایین و نەتەوەوە، بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و نوێنەری خۆیان هەڵبژێرین، ئەمە لە پێناوی ئەوەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە پەرلەماندا بڕیار لەسەر چارەنووسی هەرێمی کوردستان بدەن. ئەم هەنگاوەی بەرەی کوردستانی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و پاشانیش دامەزرانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوو ڕاستیمان بۆ ئاشکرا دەکات:

١- هەرێمی کوردستان وەك ئەمری واقیع دروست بوو، نەك «دروست کرا»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئاکامی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، ڕەنگدانەوەی تەواوی بیروبۆچوونە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی و ڕەنگدانەوەی تەواوی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بوو. ئەم ئیرادەیە لە ٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢ پەرلەمانی کوردستانی پێك هێنا و ئەم پەرلەمانە کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ڕاسپارد، بۆ ئەوەی لە ماوەی مانگێکدا حکومەت پێك بهێنێت.

٢- دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ بڕیاری فیدڕاڵیی دەرکرد، ئەمەش بەو مانایەی هەرێمی کوردستان لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن و لە ناو پرۆسەی بونیادنانەوەی عێراقی

نوێدا، خۆی ئارەزوومەندانە دەبێتە بەشێك لە عێراقی فیدراڵی، ئەم هەنگاوەی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢، لەلایەن ئەنجومەنی باڵای ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە پێشوازی لێ کرا و لایان پەسەند بوو.

ئەم دووخاڵە گرنگ بوو ئاماژەی پێ بکەین، لەبەر ئەوەی هەرێمی فیدراڵیی کوردستان، بەرەنجامی ڕێککەوتنێکی سیاسی، یان دەستوورێك نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە، پێش هەموو شت دەربڕی ئیرادەی گەلێکە کە گەلی کوردستانە، دوای ئەویش کاتێك پەرلەمانی کوردستان ئەم بڕیارەی داوە، ڕێککەوتنی سیاسی و دەستوور لە عێراقدا نەبووە.

پێش ڕووخانی ڕژێمی عێراق و لە کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوجا چ لە (لەندەن، یان پاریس، یان هەولێر) پێداگریی گەورەی سەرۆك مسعود بارزانی ئەوە بووە، هەتا ڕێك نەکەوین لەسەر سیستمی سیاسیی داهاتووی عێراق، کە مەبەست «سیستمی فیدراڵی»یە، ئەوا کورد بەشداری لە هیچ پرۆسەیەکی سەربازی و سیاسی و ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا ناکات. مەبەستی ئەم پێداگرییەی سەرۆك بارزانی ڕێزگرتن بووە لەو ئیرادەیەی خەڵکی کوردستان، کە لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢پیشانی جیهانیدا.

لە لایەکی دیکە وەك لەم گفتوگۆیەش ئاماژەی پێ کرا کە «دەستووری عێراق هەرێمی کوردستانی دروست کردووە»، بە بۆچوونی من، ئەم قسەیە پێچەوانەی خودی دەستوورەکەیە، چونکە لە ماددەی ١٤١ی دەستوورەکەدا هاتووە «کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە دەرکراوە، بەردەوام دەبێت، بە هەمان شێوە ئەو بڕیارانەش کارپێکراون کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دراون – لەوانەش بڕیارەکانی دادگا و گرێبەستەکان –ئەگەر هەموار نەکرابن، یان هەڵنەوەشابنەوە بە پێی بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەنی پەیوەندیدارەوە، بە مەرجێك پێچەوانەی دەستوور نەبێت». ئەگەر هەڵوەستەیەکی کورت لەسەر ئەم ماددە دەستوورییە بکەین، ئەوا «خودی دەستووری عێراق ددان بەوەدا دەنێت کە ئەم هەرێمە وەك دەربڕی ئیرادەی گەلی کوردستان دروست بووە و دەبێت هەموو یاساکانی پەرلەمان و بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان پێ بکرێت».

کەواتە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت: سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تەنیا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئیرادەی کوردستان بەشداریی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و نووسینەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقی کرد، بەوەی لەم عێراق و دەستوورە نوێیەدا ئیرادەی گەلی کوردستان هەبێت و هەر لەسەر ئەم بنەمایەش ماددەی ١٤٠ی دەستوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان دانرا، بۆ ئەوەی بە دەنگ و ئیرادەی خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەو کێشانەش چارەسەر بکرێن.

کرۆکی سەرەکیی کێشەی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان، ڕێزنەگرتنە لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان کە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە ماددەکانی ئەو دەستوورە، هەر بۆیە کاتێك دەڵێن «پێشێلکاریی دەستوور دەکرێت»،

بۆ ئێمە وەك گەلی کوردستان مانای ئەوەیە «پێشێلکاریی ئیرادەی گەلی کوردستان» دەکرێت.

ئومێدی گەلی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەوە بوو، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەتایبەتیش (لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق) کە خۆی لە ناو غەدری مێژوو و قوربانی خۆی پۆلێن دەکرد، بۆیە قەناعەتمان بەوە بوو، جارێکی دیکە «قوربانی» نابێتەوە بە «جەلاد» و مافەکانمان زەوت ناکات، بەڵام بەداخەوە لە ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ ئەوەمان بینی کە «قوربانیی دوێنێ» پەندی لە مێژوو وەرنەگرتووە و بە هێزی سەربازی هێرش دەکاتە سەر کوردستان، ئەمەش جێگەی داخ و نیگەرانییەکی گەورەیە کە ببینین قوربانی، لاسایی جەلاد دەکاتەوە.

لە دوماهیدا دەخوازم بڵێم: بەڕێزان با هەموومان مێژووی ١٠٠ساڵی ڕابردووی عێراق لەبەرچاو بگرین و پەندی لێ وەربگرین. عێراق بە جیاوازیی ڕژێمەکانییەوە ماوەی یەك سەدەیە لە ڕوانگەی هێز و دەسەڵاتەوە دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد بکات، بەڵام نەك هەر سەرکەوتوو نەبووە، بەڵکو هاتووینەتە سەر کەلاوەی وڵاتێکی وێران. لەم عێراقە دەوڵەمەندەدا بەشێکی زۆری پارێزگاکانی عێراق کێشەی ئاوی خواردنەوە و کارەبایان هەیە، بەڵام سەیری هەرێمی کوردستان بکەن، وەك ئامادەبووانیش ئاماژەیان پێ کرد، وێڕای کەموکورتییەکان پێشکەوتن و ئاوەدانی و کارگێڕییەکی ڕێکوپێك دەبینین. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە بیر لە چارەسەر بکەینەوە، هەرێمی کوردستان هەرگیز هەڕەشە نابێت بۆ سەر عێراق، ئەگەر ڕێز لە ئیرادەی گەلەکەی بگیرێت، بە پێچەوانەوە فاکتەرێکی هاوکار و یاریدەدەر دەبێت، بۆ ئەوەی پێکەوە عێراقێکی بەهێز و دیموکراتی و فیدراڵی بونیاد بنێینەوە.

**پێداگریی گەورەی سەرۆک مسعود بارزانی ئەوە بووە، هەتا ڕێک نەکەوین لەسەر سیستمی سیاسیی داهاتووی عێراق، کە مەبەست «سیستمی فیدراڵی»یە، ئەوا کورد بەشداری لە هیچ پرۆسەیەکی سەربازی و سیاسی و ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا ناکات**

**خودی دەستووری عێراق ددان بەوەدا دەنێت کە ئەم هەرێمە وەک دەربڕی ئیرادەی گەلی کوردستان دروست بووە و دەبێت هەموو یاساکانی پەرلەمان و بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاریان پێ بکرێت**

**سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ تەنیا لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە ئیرادەی کوردستان بەشداریی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و نووسینەوەی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقی کرد**

**کرۆکی سەرەکیی کێشەی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان، ڕێزنەگرتنە لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان کە لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە ماددەکانی ئەو دەستوورە**



## پ.د.نەزاکەت حوسێن

**ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:**

# لە وڵاتانی ئەقلیمییەوە پشتگیریی ئەو بۆچوونە دەکەن، کە یەک مەزهەب و یەک نەتەوە حوکمڕانیی ئەم وڵاتە بکات

**پ.د.نەزاکەت حسێن، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقدا)، بەم جۆرە دید و بۆچوون و پێشنیارەکانی خستە ڕوو:**

ڕوئیا شتێك نییە بایۆلۆجی بێت، واتە مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبوونیدا لەگەڵ خۆی هێنابێتی، بەڵکو وەرگیراوە، واتە مرۆڤەکان دوای لەدایکبوون و لە ماوەی ژیانیاندا بۆیان دروست دەبێت، ئەم دروستبوونەش زۆر جار پرۆسەیەکی درێژخایەنە و سەرچاوەکانی دروستبوونی ناسنامەی کەلتووری، وەك: خێزان و قوتابخانە و کەنیسە و مزگەوت و شوێنە ئایینییەکان و کەلتوور و دابونەریتی کۆمەڵگە بەشداریی تێدا دەکات. لێرەوە ئەگەر لەو ڕوئیایە بڕوانین کە ئێستا دەوڵەتی فیدراڵیی عێراق بەرانبەر هەرێمی کوردستان هەیەتی، کە لە ڕێگەی بڕیارەکان و دادگای فیدراڵی و ڕەفتاری بەشێك لە کوتلەکانی ناو پەرلەمان و پابەندنەبوونی ئەم دەوڵەتە بە درێژایی ساڵانێکی زۆر دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام بەو بەندانەی دەستووری وڵات کە بەرهەم هات لەلایەن تەواوی پێکهاتەکانی عێراق، بەتایبەتی ئەوەی تایبەت بە مافی گەلی کورد و

قەرەبوونەکردنەوەی ئەو زیان و زوڵم و ستەمەی کە ڕژێمی پێشووی لێی کرد، دەمانباتە سەر ئەوەی کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو باکگراوندەی کە ئەم ڕوئیایەی دروست کردووە، کە ئێستا بە زەقی نەك لە جێبەجێ نەکردنی دەستوور و مامەڵەنەکردنی دەستووری لەگەڵ هەرێم و هاووڵاتیانی کوردستان دەبینرێت، بگرە هەنگاویان بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی ئەم قەوارەیەش ناوە، جگە لە سزا ئابووری و بڕینی بەشە بودجە و موماتەڵەکردن بە پێدانی مووچە و شایستە داراییەکانی هاووڵاتیانی ئەم هەرێمە. ئەمانە پێیان گوتین، کە ڕوئیایەك لەو دەوڵەتەدا هەیە، کە قبووڵی بوونی ئەوەی دیکەی نییە و باوەڕی بە فیدراڵی و دیموکراسی و فرەیی نییە، چونکە مێژوویەك لەم وڵاتە هەبووە، کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و دیکتاتۆریەت و زاڵکردنی ئەم بەسەر ئەوی دیکەدا کاری کردووە، ئەمەش کەلتوورێکی بەرهەمهێناوە کە باوەڕبوونی بە پێکەوەیی سیاسی و پێکەوەیی بەشداریی حوکمڕانی نییە، و ڕوئیای تاکڕەوی و یەك دەسەڵاتی حوکمکردنی هەیە و، زیهنییەتی ئەوە وەرناگرێت، دیموکراسییانە وڵات بەڕێوە بڕوات.

فرەیی لە ناو ئەم ڕوئیایەدا بریتی نییە لە فرەیی لە حوکم و فرەیی لە مەزهەب و ئایین و نەتەوە جیاوازەکاندا، بە مانای بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی وڵات و حوکم و دابەشکردنی بودجە و سەرچاوەکانی داهاتی ئەم وڵاتە بۆ نەتەوە و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان، هەریەکەیان بە پێی شایستەی خۆی، بەڵکو خولیایەکە و ویستەکە هەمیشە بۆ گەڕانەوەیە بۆ یەك مەزهەب و یەك لایەن حوکمکردن و ئەوی دی ژێردەستەبوون و سەرکوتکردن، ئەو بنەماییەی کە دوای ئازادبوونی عێراق بۆ ئەم وڵاتەی لەسەر دانرا، کە ئەم بەشدارییە پێکەوە بکەن، بە شتێکی بەسەردا سەپاو دەزانن لە ناو ئەو ڕوئیایەی کە لە عێراق هەیە. ئەوانەی دەستتێوەردان دەکەن و بەرژەوەندییان لەم وڵاتەدا هەیە، لە وڵاتانی ئەقلیمییەوە پشتگیریی ئەو بۆچوونە دەکەن، کە یەك مەزهەب و یەك نەتەوە حوکمڕانیی ئەم وڵاتە بکات و، هێشتا باوەڕبوون بە زۆرینە و کەمینە زاڵە تیایاندا، غیابی ئەم باوەڕنەبوونە بە فرەیی و بەشدارییپێکردنە، وای کردووە کە هەمیشە بنەماکانی پێکەوەژیان ویەکتر قبووڵکردن لاواز بێت، مەترسیی ئەم ڕوئیایەش ئەوەیە کە بووەتە بەشێك لە مێنتاڵیتی و قەناعەتی مینتاڵیتییش دەستکاریکردنی ئاسان نییە.

بەداخەوە ئەو ئامرازنەی کە کاریگەرییان بۆ سەر ئەم ڕوئیایە هەیە، ئەکتیڤ نەکراون بۆ پیادەکردنی ئەو دەستوورەی بە هەموومان دامانڕشت بۆ ئەوەی عێراقێکی سەقامگیر و دیموکراسی دابمەزرێنین. ئەگەرچی وەك خۆم لەگەڵ ئەوە هاوڕام کە زوو بوو بۆ ئەوەی کە ئێمە دەوڵەتێکی دیموکراسیمان بەو خێراییە بوێت. ئەگەر هەر ویستیشمان وابوو، دەبوو ئامرازەکانی وەك ڕاگەیاندن و پەروەردە و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە کارا بکرابانەوە، بۆ ئەم باوەڕی فرەیی و حوکمڕانیی پێکەوەیی و بەشدارییپێکردن و ددانانان بە مافی ئەوی دی و، هەموو لایەك پابەند بن، بەوەی دەستوور بۆی دیاری کردوون، تاکو نەگەیشتاینایە بەم بنبەستی لێك تێنەگەیشتنە.

هەر چەندە ڕەنگە بۆ ڕوئیای عێراق و عێراقییەکان بەرانبەر هەرێمی کوردستان باسەکە کەمێك قووڵتر بێت و ڕەگی لەگەڵ ئەومێژووەدا هەبێت کە ڕژێمەکانی پێشوو بە درێژایی دەسەڵاتیان کوردیان ناشیرین کردووە و هەوڵی سڕینەوە و پاکتاوکردنیان داوە و، بە چەندین ناو و ناتۆرە و تۆمەتبارکردن ناویان هێناون، بۆیە چاندنی تۆوێك لە ژینگەیەکی ئامادەنەکراودا هەر ئەمەی لێ دروست دەبێت. دیموکراسی و فرەیی و یەکترقبووڵکردن و باوەڕبوون بە سیستمی فیدراڵی و هەرێمایەتی لە ژینگەیەکدا کە نە مێژووی، نە مەزهەبی نە پەروەردەی، نە کەلتووری نە میدیای ئەزموونی هەبێت، ئەستەمە، دەرهاویشتەکەی ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەیبینین و بگرە کار بۆ ئەوەش دەکرێت، ئەو دەستوور و بنەمایانەی کە بۆ ئەم وڵاتە دارێژراون دوای نەمانی ڕژێمی پێشوو هەڵبوەشێندرێتەوە و وڵات بچێتەوە سەر سیستمی دیکتاتۆریەتەکە و بکوژ و ببڕ هەر خۆیان بن.

**ئێستا بە زەقی نەک لە جێبەجێ نەکردنی دەستوور و مامەڵەنەکردنی دەستووری لەگەڵ هەرێم و هاووڵاتیانی کوردستان دەبینرێت، بگرە هەنگاویان بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی ئەم قەوارەیەش ناوە**

**مێژوویەک لەم وڵاتە هەبووە، کە لەسەر بنەمای چەوساندنەوە و دیکتاتۆریەت و زاڵکردنی ئەم بەسەر ئەوی دیکەدا کاری کردووە**

**ویستەکە هەمیشە بۆ گەڕانەوەیە بۆ یەک مەزهەب و یەک لایەن حوکمکردن و ئەوی دی ژێردەستەبوون و سەرکوتکردن**

**دیموکراسی و فرەیی و یەکترقبووڵکردن و باوەڕبوون بە سیستمی فیدراڵی و هەرێمایەتی لە ژینگەیەکدا کە نە مێژووی، نە مەزهەبی نە پەروەردەی، نە کەلتووری نە میدیای ئەزموونی هەبێت، ئەستەمە**

**کار بۆ ئەوەش دەکرێت، ئەو دەستوور و بنەمایانەی کە بۆ ئەم وڵاتە دارێژراون دوای نەمانی ڕژێمی پێشوو هەڵبوەشێندرێتەوە و وڵات بچێتەوە سەر سیستمی دیکتاتۆریەتەکە و بکوژ و ببڕ هەر خۆیان بن**

# وڵاتێک بە زەبری هێز و سەرکوتکاری یەکپارچەییەکەی بپارێزرێت شایەنی ئەوە نییە یەکپارچە بێت


**فەرهاد محەمەد**

ئەندامی بازنەی گفتوگۆ:




**فەرهاد محەمەد، ئەندامی بازنەی گفتوگۆ و ئەندامی بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرنووسەری گۆڤاری گوڵانە، لە گفتوگۆی ئەم جارە (هەرێمی کوردستان لە تێڕوانینی دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقدا) بەم جۆرە دیدوبۆچوون و پێشنیارەکانی خۆی خستەڕوو:**

کێشەی سەرەکیی دەوڵەتی عێراق، مەترسیی لەبەریەکهەڵوەشانی ئەم «دەوڵەتە دروستکراوەیە». لە ساڵی ١٩٤٣ـەوە کە یەکەمین شۆڕشی سەرەتاسەریی کوردستان بە ناوی (شۆڕشی دووەمی بارزان) دەستی پێکردووە، جەنابی مستەفا بارزانی هەوڵی داوە دوو پرسی گرنگ هەیە، عەرەب بەگشتی لە وڵاتانی عەرەبی و عەرەبی عێراق بەتایبەتی وەك خۆی لێی تێبگەن، کە بریتین لە:

یەکەم: خەبات و بەرخۆدانی گەلی کوردستان دژی گەلی عەرەب نییە، بەڵکو دژی ئەو ڕژێمانەیە کە هەردوو نەتەوەی (کورد و عەرەب) پێکەوە دەچەوسێنێتەوە و مافەکانیان زەوت دەکات.

دووەمیان: پرسی بەرەودان بە برایەتیی (کورد و عەرەب) کە هەردوو نەتەوەکە ئەگەر ڕژێمەکان وازیان لێ بهێنن، ئیرادەی ئەوەیان هەیە لەم نیشتمانەدا پێکەوە بژین.

لە ساڵی ١٩٥٨ وەك بەڕێزانیش ئاماژەیان پێ کرد، عەبدولکەریم قاسم گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە چارەسەری کێشەی کورد لە عێراق و ناوچەکەدا پێویستی بە چارەسەرێکی ڕیشەیی یاسایی و دەستووری هەیە، بۆیە لە دەستووری ٥٨ ئاماژە بەوە کراوە کە «عێراق نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەبە و ئەم دوو نەتەوە سەرەکییە پێویستە بەشداریی کاریگەریان لە بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەتەدا هەبێت». ئەم هەنگاوەی عەبدولکەریم قاسم لەلایەن تەواوی گەلانی عێراق و شەخسی جەنابی مستەفا بارزانی پێشوازی لێ کرا و بڕیاری دا لە سۆڤیەتی پێشانەوە بگەڕێتەوە عێراق و بەشداری لە بونیادنانەوەی ئەم نیشتمانە هاوبەشە بکات، بەڵام بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی عەرەبی عێراق کە بە دیدگەیەکی نکۆڵیکردن لە کوردستانییان و گەلی کورد دەڕوانن، بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە، لە کاتی بەهێزبووندا پەنا بۆ چارەسەری سەربازی و سەرکوتکردن و سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوون و کوردستانیبوونمان ببەن، لە کاتی لاوازیشدا داوای دانوستاندن و ڕێککەوتن لە گەلی کوردستان بکەن.

ئەوجا لەگەڵ ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان چ لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول و دواتریش دوای ڕاپەڕین و هەتا ئێستاش، لەگەڵ ئەوەی ئەزموونێکی دیرۆکی لەگەڵ ئەم پەتپەتێنەی ڕێککەوتن و پەنابردنەوەی بۆ هێزی سەربازی هەبووە لەگەڵ کۆی ڕژێم و سیستمە سیاسییەکانی عێراقدا، بەڵام هەر جارێك دەرفەت بۆ ڕێککەوتن و چارەسەری ئاشتییانە هاتبێتە پێشەوە، دەرگای بە ڕووی دەرفەتی ئاشتییانە و دیالۆگ و ڕێککەوتن پێوە نەداوە، هەر لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولەوە تا ڕێککەوتنی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، هەر دەرفەتێك هاتبێتەوە پێش، لە ساڵانی (١٩٦٤، ١٩٦٦، ١٩٦٧، ١٩٧٠) بەردەوام سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و بارەگای بارزانی دەرگایان بۆ وتووێژ و دانووستاندن و چارەسەری ئاشتییانە واڵا بووە، هەتا لە ساڵی ١٩٧٠ هەردوو گەیشتنە ئیمزاکردنی ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠.

لە دوای ڕاپەڕین و دووبارە دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ حکومەتی بەعس و سەدام حوسێن، لەگەڵ ئەوەی ڕژێمی بەعس هیچ کارێکی دڕندانە و نامرۆڤانە نەما، بەرانبەر گەلی کوردستان نەیکات، هەر لە شاڵاوی ئەنفالی بارزانییەکان و پاشان کیمابارانکردنی هەڵەبجە و کوردستان و هەڵمەتە بەدناوەکەی ١٠ ئەنفالەکە (گەرمیان تا بادینان)، جارێکی دیکە دوای ئەو هەموو ناسۆرە، سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی ١٩٩١ بە سەرۆکایەتیی شاندێکی بەرەی کوردستانی چووە بەغدا بۆ ئەوەی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ وەك خۆی جێبەجێ بکرێت. ئەگەر ڕژێمی سەدام حوسێن کە لە ساڵی ١٩٩١ لەو پەڕی لاوازیدا بوو، دەقی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری جێبەجێ بکردایە، بەرەی کوردستانی بە ناچاری پەنای بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدەبرد.

لە دوای ساڵی ١٩٩١ تا ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی ٢٠٠٣، بەردەوام سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە کێشمەکێشدا بوو، بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکات کە فیدراڵییەت واتە «یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە، نەك دابەشبوونی عێراق»، بەڵام جێگەی داخە لەگەڵ ئەوەی لە قۆناغی ئۆپۆزسیون بە ناچاری قبووڵیان کرد، بەڵام کە گەیشتنە دەسەڵات، جارێکی دیکە گەڕانەوە بۆ ئەو تێگەیشتنەی وەك سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریی عێراق کە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەرییە لە وڵاتدا دەڵێت: «فیدراڵییەت هەڕەشە لە یەکپارچەیی عێراق دەکات». پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا دەوڵەتێك بە زەبری هێز و دیکتاتۆریەت بپارێزرێت، شایەنی ئەوەیە یەکپارچە بێت؟

لە ئێستادا بۆ هەموو پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق (کورد و عەرەبی سوننە و عەرەبی شیعە)، گرنگە زۆر ڕاشکاوانە لەسەر ئاستی میللی و دەستەبژێری سیاسی و ڕۆشنبیری بە لۆژیکی ئەقڵانییەت و هەقیقەتە دیرۆکییەکان گفتوگۆ لەسەر ئەو مەترسییانە بکەن، کە دەبنە هۆکاری لەبەریەکهەڵوەشانەوەی عێراق. با ئەو پرسیارە بکەین: ئایا شۆڕشی کوردستان هەر لە ساڵی ١٩٤٣ تا دەگاتە ئێستا کە زیاتر لە ٨٠ ساڵ دەکات، بەردەوام دەرگای دانوستاندنی کراوە نەبووە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی ئەم کێشەیە؟ ئایا لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کە سوپای عێراق هەڵوەشایەوە و هیچ دامەزراوەیەك لە عێراقدا نەمابوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بەغدا و شارەکانی دیکەی عێراق ڕۆڵی سوپای عێراقی نەدەگێڕا؟ ئایا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان ڕۆڵێکی گەورە و بونیادنەرانەی لە نووسینەوەی دەستوور و دووبارە دامەزراندنەوەی هەیکەلەی دامەزراوەکانی عێراقی دوای ٢٠٠٣ نەگێڕا؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەگەر بە ویژدانێکی زیندوو بدرێنەوە، کە وەك بەڵگە و ڕاستی دەدرەوشێنەوە، ئەوەیە کە دوای ساڵانی ٢٠٠٣ — ٢٠١٤ کە لە بەغدا لایەنە سیاسییەکان نەدەگەیشتنە ڕێککەوتن، پەنایان بۆ هەولێر دەهێنا، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە هەولێرەوە ئیمزا بکرێت.

لە دوماهیدا، گرنگە ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، ئایا عەرەبی عێراق (بە شیعە و سوننەوە) لەم ترسەی کە لە یەکپارچەیی عێراق هەیانە، چییان چنیوەتەوە؟ ئایا سوودەکانی ئەم ترسە ئەوە دەهێنت کە چارەنووسی یەك سەدەی نیشتمانێك شەڕ و ناسەقامگیری و کاولکاری و دواکەوتن بێت؟ ئەم پرسیارانە هەموومان دەخاتە بەر بەرپرسیارێتییەکی مێژوویییەوە و دەبێت بگەینە ئەو قەناعەتەی، پەنابردن بۆ هێزی سەربازی و سەرکوتکردن لە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە کورد ملکەچی خواستی تاکڕەوی خۆسەپاندن بکات، لە هەمان کاتدا بە درێژایی ١٠٠ ساڵ نەتوانرا ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا فەراهەم بکرێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە، هەموو لایەك بیر لە بەرژەوەندیی ئەم نیشتمانە هاوبەشە بکەینەوە و ڕێگەی سێیەم بگرین کە ڕێگەی ئاشتی و جێبەجێکردنی دەستوور و دووبارە بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقە، وەك دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی، کە ئەمەش تەنیا ڕێگە دروستەکەیە بۆ گەشەی عێراق و ئایندەی گەش و ڕووناك.

**ساڵانی (١٩٦٤، ١٩٦٦، ١٩٦٧، ١٩٧٠) بەردەوام سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و بارەگای بارزانی دەرگایان بۆ وتووێژ و دانووستاندن و چارەسەری ئاشتییانە واڵا بووە**

**ئەگەر ڕژێمی سەدام حوسێن کە لە ساڵی ١٩٩١ لەو پەڕی لاوازیدا بوو، دەقی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری جێبەجێ بکردایە، بەرەی کوردستانی بە ناچاری پەنای بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدەبرد**

**دوای ساڵانی ٢٠٠٣ — ٢٠١٤ کە لە بەغدا لایەنە سیاسییەکان نەدەگەیشتنە ڕێککەوتن، پەنایان بۆ هەولێر دەهێنا، بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە هەولێرەوە ئیمزا بکرێت**

**پەنابردن بۆ هێزی سەربازی و سەرکوتکردن لە ماوەی ١٠٠ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە کورد ملکەچی خواستی تاکڕەوی خۆسەپاندن بکات**

# شۆڕشی گوڵان و بوێریی ئافرەتانی کوردستان

**بەشداریکردنی ئافرەتانی کوردستان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی سەرکەوتنی شۆڕشەکە**

هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵان (٢٦ـی ئاداری ١٩٧٦) دوای شکستێکی سەختی خەباتی چەکداری و سیاسیی شۆڕشی ئەیلوول (١٩٧٥)، مانگی گوڵان بووە هێمایەکی گرنگی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان، جیا لە سەرجەم دروشمە گرنگەکانی ئەم شۆڕشە، بەشداریکردنی ئافرەتانی کوردستان بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگەکانی سەرکەوتنی شۆڕشەکە.

ئەگەر دەرگای هەر گفتوگۆیەك لەبارەی ئەو ڕەهەندەوە (بەشداریی ئافرەتان) بێتە بەرباس و خواست، ئەوا بە پشتبەستن بە سەرجەم چیرۆکەکانی نێو خەباتی شۆڕشی گوڵان، دەتوانین بیسەلمێنین ڕۆڵی کارا و قوربانیبەخشینی ئافرەتانی کوردستان لەم شۆڕشەدا کەمتر نەبووە لە خەباتی ڕەگەزی بەرانبەر (پیاوان).

لە نامەی ماستەرەکەمدا بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئافرەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستاندا (١٩٥٨—١٩٩١)، بە شێوەیەکی مەیدانی بەشی زۆری ئافرەتە دیار و کاریگەرەکانی نێو شۆڕشی گوڵان و کاری ڕێکخراوەییم بەسەر کردەوە، لەبارەی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا چاوپێکەوتنم لەگەڵیاندا ئەنجام دا. لە ئەنجامی توێژینەوەکەمدا یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکان گەیشتمە ئەو باوەڕەی ئافرەتانی کوردستان چ ئەوانەی ڕاستەوخۆ لە نێو جوگرافیای خەباتی چەکداریدا بەشدار بوون، یان بە شێوەی ڕێکخستن، یانیش ئەو ئافرەتانەی کەسوکاریان وەك (باوك و برا و هاوسەریان) پێشمەرگە بوون، بەشێکی گرنگی سەرکەوتنی ئامانج و خەباتی شۆڕشەکە بوون.

**بە پشتبەستن بە سەرجەم چیرۆکەکانی نێو خەباتی شۆڕشی گوڵان، دەتوانین بیسەلمێنین ڕۆڵی کارا و قوربانیبەخشینی ئافرەتانی کوردستان لەم شۆڕشەدا کەمتر نەبووە لە خەباتی پیاوان**

لەبەرئەوەی گرنگە بۆ توێژەر، بە شێوەیەکی زانستی هەڵسوکەوت لەگەڵ مێژوودا بکات و لە هیچ دۆخێك نەبوورێت و باز بەسەر قۆناغێکی گرنگدا نەدات و ورد و لێوەشاوە بگەڕێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی تەواوی ڕووداوەکان، من ئەرکێکی سەختم گرتەبەر، دەتوانم بڵێم لەو ئافرەتانەی کە بەشدارییان لە خەباتی شۆڕشی گوڵان کردووە، فێری وانەی خۆڕاگری بووم، چونکە ئەوان ئەگەر ڕاستەوخۆ بەشداریی خەباتی چەکداریشیان نەکردبێت، ئەوا خزمەتی پێشمەرگەیان کردووە، واتا بەشێك بوون لە شۆڕشەکە، یان کاری تیمارسازی و نامەگەیاندن (تەتەری) و کاری سەختی نهێنی گواستنەوەی چەك و کۆکردنەوەی ئابوونە و داهات و پێداویستی و خواردن ئامادەکردن بۆ پێشمەرگە بووە، من لە دایکمەوە (گەردە محەمەد ئەمین خەسرۆ) ئەو ئاشنایەتییەم بۆ پەیدا بوو، کە ئافرەتی کورد چەندە خەباتکار بوون لە نێو شۆڕشی گوڵان، وێڕای بەخێوکردنی منداڵە پێشمەرگە، دەبوو ڕۆژانە لەناکاو ئامادە بێت بۆ ئامادەکردنی خواردنی چەندین پۆلی پێشمەرگە (مەفاریزە)کان کە بە شێوەی پارتیزانی دەهاتنە گوندەکان و چالاکییان دژ بە هێزەکانی حکومەتی عێراقی ئەنجام دەدا.

ئەگەر مارگرێت جۆرج و لەیلا قاسم هێمای دیاری نێو شۆڕش بن لە خەباتی چەکداری و خەباتی ڕێکخستنی نهێنیدا، ئەوا دەیان چیرۆکی دیکە لە نێو شۆڕشی گوڵاندا هەن، کە داستانی زۆر مەزنن و، کەمتر نین لەو چیرۆکانەی لە فیلمە سینەماییە جیهانییەکان دەبینرێن، بەڵام جێگەی داخێکی زۆرە بەشی زۆری ئەو چیرۆکانە لەسەر زاران ماون و دیکۆمێنت نەکراون و کاری هونەری و بەتایبەتی فیلمسازییان لەسەر نەکراوە، کە ئەم ئافرەتانە چۆن توانیویانە هێندە



**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم**

توێژەری مێژووی سیاسی

بۆ گوڵانی نووسیوە

خۆڕاگر بن و چ هۆکارێك هێندە پاڵنەر بووە کە سەرکێشیی گەورە بەرانبەر هێزێکی دڕندەی وەك هێزی بەعسییەکان ئەنجام بدەن، خۆ لە کەلتووری کۆمەڵگەدا خەسڵەتی لاوازیی بەسەر مێینەدا دەدرێت، بەڵام لە نێوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەو ئافرەتانەدا کاری هێندە مەزن کراوە، بە چەندین پێشمەرگەی قارەمان نەکراوە.

یەکێك لەو سەرکێشییانە کە خاتوو وەزیرە پیرداود قادر، لە ئاوارەییدا لە ئێران ئەنجامی داوە، ئەوەیە کە دەڵێت: «یەکێك لە فەرماندەکانی پێشمەرگە بە برینداری لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە دەست بەسەر کرابوو، لەلایەن کاك ئیدریس بارزانییەوە داوام لێ کرا، ئەم فەرماندە سەربازییە ڕزگار بکەم، بەپێی نەخشەیەکی ڕێکوپێك ئەرکەکەم بە سەرکەوتوویی بەجێ گەیاند و فەرماندەکەم بە برینداری لە نەخۆشخانە دەرباز کرد». یان چیرۆکی پڕ ئازار و ئازایەتیی ئافرەتێکی وەك (قومری ئیسماعیل حاجی) ناسراو بە (قومری زاخۆیی) کە ئەم خاتوونە بە شێوەیەکی زۆر بوێرانە بەشداریی کردبوو لە چالاکییەکی نهێنی دژ بە دامەزراوە ئەمنییەکانی حزبی بەعس لە شاری مووسڵ، دواتر دەستگیر کرا، لە ژێر دەیان فشاردا ئامادە نەبوو هیچ شتێك بدرکێنێت. بەپێی ئەو بەڵگەنامە فەرمییانەی دادگای بەناو (شۆڕش) (محكمة الثورة) بەسەر خاتوو قومرییەدا سەپاندوویەتی، ئەوەیە کە ئەم خاتوونە بەشداریی کردووە لە (١٣) چالاکیدا دژ بە دەزگا ئەمنییەکانی عێراق، بۆیە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ کرا.

ئەمە دوو نموونەن، دەیان قارەمانێتی هەن لە لایەن ئافرەتانەوە تۆمار کراون لە خەباتی شۆڕشی گوڵاندا، تەنانەت حکومەتی ئەو کاتی عێراق (بەعس) بە شێوەیەکی دڕندانە پەلاماری ئافرەتانی کوردستانیان دا، کە زیندانەکانیان پڕکردن لە ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەر، یان کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون، سزای دەروونی و جەستەیی بەسەریاندا سەپێندرا، بە شێوازێك لە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەدا مرۆڤ تووشی شۆك دەبێت، کە ئەم ئافرەتانە چەندە خۆڕاگر و پڕ لە هیوا و ئومێد و ئاسۆ بوون بۆ ئایندە و، پشتیان لە خەباتی نەتەوەکەیان نەکردووە.

لە بواری ڕێکخراوەییشدا، ئەگەر تەماشای خەباتی ڕێکخراوەیی ئافرەتان بکەین لە پاڵ خەباتی چەکداریدا، مێژووی پڕ لەسەروەرییان تۆمار کردووە، بەتایبەتی لە هاندانی خەڵك بۆ بەشداریکردنی شۆڕش و گەیاندنی دەنگی گەلی کوردستان بە ناوەندە جیهانییەکان لە ڕێگەی بەشداریی ئەندامانی (یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان) لە کۆنفرانس و کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانییەکاندا.

لە پرۆسەکانی ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستاندا وەك تۆڵەکردنەوەیەك لە ئافرەتان و خەباتی چەکداریی گەلی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە قوربانییەکان ئافرەتان بوون، لەلای حکومەتی ئەو کاتی عێراقەوە ئەمە ستراتیژ بوو، چونکە بەم ڕێگەیە زۆر ئامانجی دەخستە نێو کارە قێزەونەکانییەوە و دەیویست بە ڕێگەی ئەم تۆڵەکردنەوەیە خەباتی چەکداریی گەلی کوردستان پەك بخات و ئافرەتان وەك پاڵپشتی بەهێزی شۆڕشی کورد لەنێو بەرێت و ئیدی هێزی بەرپەرچدانەوە و خەبات لاواز بکات، بەڵام ئافرەتان بە خۆڕاگری و بڕوابوونیان بە خەباتی نەتەوەکەیان بە مەرگی خۆیان مێژووی سەرکەوتنی شۆڕشیان تۆمار کرد و نەبوونە یەکێك لە هۆکارەکانی شکستهێنان بۆ شۆڕش.

**ئەگەر مارگرێت جۆرج و لەیلا قاسم هێمای دیاری نێو شۆڕش بن لە خەباتی چەکداری و خەباتی ڕێکخستنی نهێنیدا، ئەوا دەیان چیرۆکی دیکە لە نێو شۆڕشی گوڵاندا هەن، کە داستانی زۆر مەزنن و، کەمتر نین لەو چیرۆکانەی لە فیلمە سینەماییە جیهانییەکان دەبینرێن**

**لە کەلتووری کۆمەڵگەدا خەسڵەتی لاوازیی بەسەر مێینەدا دەدرێت، بەڵام لە نێوەڕۆکی چیرۆکەکانی ئەو ئافرەتانەدا کاری هێندە مەزن کراوە، بە چەندین پێشمەرگەی قارەمان نەکراوە**

ئاگا عەبدوڵڵا:

# ئامانجم ئەوەیە فاشن هاوسێکی تایبەت بە کارەکەم هەبێت و خانمانی دیکەش فێر بکەم



ئاگا عەبدوڵڵا، دانیشتووی شاری سلێمانییە و دەرچووی بەشی ئەندازیاری بیناسازییە و خانمە گەنجێکی بەهرەدارە و بەهرەی لە ڕێکخستن و دیزاینکردنی جلوبەرگ هەیە. لە ئێستادا (کۆرسێت)ی خانمان دروست دەکات و یەکەم کۆلێکشنی کۆرسێتی لە ساڵی (٢٠٢٢) بڵاو کردووەتەوە. لە دیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری گولان، باسی ئەزموونی کارەکەی بۆ خوێنەران دەکات.

گولان: کۆمەڵایەتی

ئـاگا عەبدوڵـلا، سـەرەتا باسـی ئـەوە دەكات كە چۆن و بە چ هۆكارێك تێكەڵ بە بازاڕی كار بووە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «هەر لە كاتی زانكۆوە بیرم لەوە دەكردەوە كە دوای زانكۆ ئیشێك بكەم كە بە دڵی خۆم بێت و شتێك بێت كە هەموو ڕۆژێكیش ئەنجامی بدەم و لێی بێزار نەبم. ماوەیەكی زۆر بیرم لە توانا و حەزەكانی خۆم دەكردەوە، هەمیشە حەزم لە وێنەكێشان بووە و لەگەڵ ئەوەش حەزم لە ڕێكخستن و دیزاینكردنی جلوبەرگ بووە. دواتر هەستم كرد ئەگەر هەوڵ بدەم و فێری دیزاینكردنی جل ببم، دەتوانم تیایدا سەركەوتوو بم، بۆیە هەوڵم بۆی دا و لە ساڵی ٢٠٢٠ پەیجێكم دانا و سەرەتا تەنیا دیزاینەكانم لە پەیجەكەم پۆست دەكرد، دواتر هەوڵم دا، دیزاینەكان بكەم بە جلوبەرگی ڕاستی، وردە وردە هەر جارەو شتێكم دروست دەكرد، تاكو ڕۆژێك بیرۆكەی ئەوەم بۆهات كە كۆرسێت دروست بكەم و سەیرم كرد، خۆشحاڵانە بینەرەكان زۆر حەزیان لێ بوو و خواستی لەسەر بوو. بۆیە یەكەم كۆلێكشنی كۆرسێتم لە ساڵی (٢٠٢٢) بڵاو كردەوە. كە دەستیشم پێكرد، هەر چەند مانگێكی نەبرد، كۆرۆنا دەستی پێكرد و ئەوە یەكێك بوو لە ئاستەنگەكان، چونكە هاتوچۆ نەبوو و چوونە دەرەوە نەبوو، بۆیە كڕیاریش زۆر كەم بوو، بەڵام دواتر وردە وردە ژیان ئاسایی بۆیەوە و خواستێكی زۆری لەسەر بوو».

ئـاگا عەبدوڵـلا، سەبارەت بەو ئاستەنگانەی دێنە بەردەم كاركردنی ئافرەتان بە شێوەیەكی گشتی، دەڵێت: «ئاستەنگەكان هەمیشە بەردەوامن، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە هەوڵدان نەوەستین و ڕێگایەك بدۆزینەوە كە بەسەریدا زاڵ بین.» گوتیشی: «بە ڕای من بەڕێوەبردنی كار و بزنێسی خۆت كارێكی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر حەزت لە بواری كارەكەت هەبێت، ئاستەنگەكان سەخت نابن و دەتوانیت بە سەریدا زاڵ بیت و كاری زۆر گەورەتر بكەیت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا زۆر گرنگە كە چواردەورەكەت پاڵپشتت بن. من زۆر جار هەبووە كە ویستوومە واز بێنم، بەڵام خێزان و هاوڕێی باشم بەردەوام هانیان داوم كە لە كارەكەم بەردەوام بم، چونكە هەموو ئاستەنگە قورسەكان كۆتاییان دێت، لەگەڵ ئەوەش بینەرەكانی پەیجەكەم زۆر پاڵپشتمن و وەرەم پێ دەبەخشن. واتە ئەوانیش بەشێكی زۆر گرنگی ئەم كارەی منن و سوپاسی هەموویان دەكەم. دیارە كارەكەم دیزاینی جلوبەرگە، بەڵام لە ئێستادا كاری دروومانەكەشی خۆم دەیكەم، چونكە بزنێسەكەم بچووكە، جاری كارمەندم نییە، لە كاتی ئامادەكردن بۆ ئیڤێنتی بزنێسە خۆماڵییەكان (local business events) دایكم و خوشكەكانم یارمەتیم دەدەن لە ئامادەكردنی جلەكان، بە خۆشحاڵییەوە خێزانەكەم هەموویان سەپۆرتی كارەكەم دەكەن و هانم دەدەن كە بەردەوام بم».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا كە چ پەیامێكت بۆ خانمان هەیە بۆ ئەوەی تێكەڵ بە بازاڕی كار ببن و خاوەن داهاتی خۆیان بن؟ گوتی: «ئەگەر هەر كەسێك ئامانجێكی هەیە و پڕ بەدڵ حەز دەكات، لە بوارێكدا كار بكات، پێویستە هەر ئێستا دەستی پێ بكات و چاوەڕێی كەس نەكات. دەستپێكردن و بەردەوامبوون دەتگەیەنێت بەوەی كە دەتەوێت، بێگومان دەبێت هەوڵی بەردەوامی فێربوون بدەن لەو بوارانەی كە سوودی دەبێت بۆ ئامانجەكەیان. خۆیشم بۆ داهاتوو ئامانجەكەم ئەوەیە كە فاشن هاوسێكی تایبەت بە كارەكەم هەبێت و بەرهەمەكانم بناسرێتەوە بە جیاوازییەكەی، هەروەها كۆرس بەردەست بكەم، كە ئەو شتانەی دەیزانم فێری كەسانی دیكەشی بكەم و سوودمەند بن».

**هەمیشە حەزم لە وێنەكێشان بووە و لەگەڵ ئەوەش حەزم لە ڕێكخستن و دیزاینكردنی جلوبەرگ بووە**

**كۆرۆنا یەكێك بوو لە ئاستەنگەكان، چونكە هاتوچۆ نەبوو و چوونە دەرەوە نەبوو، بۆیە كڕیاریش زۆر كەم بوو**

**ئەگەر حەزت لە بواری كارەكەت هەبێت، ئاستەنگەكان سەخت نابن و دەتوانیت بە سەریدا زاڵ بیت و كاری زۆر گەورەتر بكەیت**





تاڤگە قادر:

# ئێستا زۆربەی خانمان لە ناو ماڵەکەیان بوونەتە خاوەنکار

تاڤگە قادر کچە گەنجێکی دەسترەنگینی شاری سلێمانییە و دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە، بێ ئەوەی چاوەڕێی دامەزراندن لە کەرتی حکوومی بکات، پیشەیەکی جیاواز لەو بەشەی کە تێیدا بڕوانامەی بەدەست هێناوە، بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت، ئەویش بواری بڕین و دروومانە. لەم دیمانەیەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، بەرهەمە دەستکردەکانی بە خوێنەران دەناسێنێت و باس لە ئامانجەکانی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

تاڤگە قادر، سەرەڕای ئەوەی دەرچووی بەشی ڕاگەیاندنە لە سلێمانی، بەڵام کاری دروومان دەکات، ئەویش لە ماڵەوە و بە بێ دووکان، توانیویەتی لە ڕێگای ئۆنلاین، بەرهەمانی بە بازاڕ بکات، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە ئێستادا بە شێوازی ئۆنلاین ئێمە کار دەکەین و کارەکەمان لە ماڵەوەیە و دووکانمان نییە. داواکاری وەردەگرین بە شێوەی ئۆنلاین، جلەکان دروست دەکەین بەپێی قیاساتی کەسەکە و دواتر بۆی دەدوورین و بۆی دەنێرین. سوپاس بۆ خوای گەورەن توانیومانە بە شێوازی ئۆنلاین پێشەنگی هەموو پەیجەکانی دیکە بین، بەتایبەتی لە جلی نوێژدا، واتە لە دروومانی جلی شەرعی و بەتایبەتی لە جلی نوێژدا یەکێکین لە پەیجە پڕفرۆشەکان لە کوردستاندا و زۆرترین لەچکی نوێژ لە پەیجەکەی ئێمە دروست دەکرێت.

سەبارەت بە بیرۆکەی کارکردنیشی گوتی: «سەرەتای بیرۆکەی کارەکە ئەوە بوو، من خوێندنم تەواو کردبوو لە ماڵەوە بووم، حەزم کرد پیشەیەکم هەبێت بۆ خۆم، سەرەتا دیزاینی قورئانم دەکرد بۆ دووکانەکانی ناو بازاڕ، دواتر بیرم کردەوە کە کارەکەم گەورەتر بکەم، پەیجێکم دانا و دواتر لە پەیجەکەمەوە کارەکەی خۆم ناساند، دەتوانم بڵێم یەکەم ئافرەت بووم لە کوردستاندا کە قورئانم بۆ خەڵك دیزاین کردووە، خۆشبەختانە ئێستا چەند ئافرەتێکی دیکەش ئەم کارە دەکەن، یاخوا لەشیان ساغ بێت. دواتر کە کارەکەم لە ڕێگەی پەیجەکانمەوە ناساند، خەڵك زۆر پێیان سەرنجڕاکێش و جوان بوو، قورئانی خۆیان دەهێنا، من بۆیان چاك بکەم. واتە هی وا هەبوو قورئانی زۆر کۆنی داپیری، یان باپیری دەهێنا کە لە ژیان نەمابوون، دەیانوت: تێکچووە و نامانەوێ بفەوتێ، قورئانەکانم نوێ دەکردنەوە. بە قورئانی دووکان و ئەو قورئانانەی خەڵك هێناویەتی دیزاینم کردوون، هەتا ئێستا نزیکەی هەزار قورئانم دیزاین کردووە. دواتر گرنگیی زیاترم بە کارەکەم دا و بەرە بەرە کارەکەم گەورەتر کرد و هەر لە دیزاینکردنی قورئاندا نەوەستاین، پاشان دەستمان کرد بە دروستکردنی سێتی نوێژ و تەسبیح و بەرماڵ، لە دوای ئەوە بیرم کردەوە کارەکەم گەورەتر بکەم، چونکە لە کاری ئۆنلاین ڕکابەرت پەیدا دەبن و نابێت کار و بەرهەمەکانت لە یەك ئاست بمێنیتەوە و قەتیس بکرێت، پێویستە بەردەوام نوێگەری بۆ بکەیت. بۆیە بڕیارم دا دەست بکەم بە دروستکردنی عەبا و جلی شەرعی و توانیمان تێیدا سەرکەوتوو بین سوپاس بۆ خوا».

دەربارەی ئەوانەش کە لە کارەکەیدا هاوکاری و پاڵپشتییان کردووە، دەڵێت: «کاتێك ئافرەت لە کوردستان دەست دەکات بە کارکردن، دەبێت کەسانێك هەبن، دەستی بگرن و پشتگیریی بکەن، بەتایبەتی خێزانەکەی، هەموو جارێکیش گوتوومە هەر کاتێك کە ئافرەت دەست دەکات بە کارکردن، ئەگەر خێزانەکەی، هاوسەرەکەی، براکانی، یان باوکی پاڵپشتی نەکەن، ناتوانێت بەردەوام بێت، چونکە ئێمە لە کۆمەڵگەیەك دەژین، کە پابەندە بە کەلتوور و دین و بە یاساوە. منیش ئەو کەسەی زۆر پشتگیریی کردووم لە کارەکانم، لە دوای خوای گەورە، خوشکەکانم و بەتایبەتی خوشکە گەورەکەم بووە، کە هەر لەگەڵم کار دەکات لە بازاڕی کردن و دروومانکردن و لە هەموو شتێك یارمەتی داوم، دوای ئەو دایکمە کە قەرزاریم و بەردەوام هاوکارم بووە».

سەبارەت بە ڕەوتی کارکردنی خانمانی کوردیش لە هەلومەرجی ئێستادا گوتی: «لە ئێستادا ڕەوتی کارکردن بۆ خانمان لە کوردستاندا جێگەی خۆشحاڵییە و بەردەوامیش پاڵپشتی ڕەگەزی خۆم دەکەم و هانیان دەدەم بۆ کارکردن. لەخوا بەزیاد بێت، ئێستا ژمارەیەکی زۆری خانمان دەستیان کردووە بە کارکردن لە هەموو بوارەکاندا، بەتایبەتی لە کاری دەستی. ئێستا وای لێهاتووە خەڵك چاوەڕێی ئەوە ناکەن حکومەت دایانبمەزرێنێت، زۆربەی خانمان لە ناو ماڵەکەی بوونەتە خاوەنکار و ئەمەش جێگەی خۆشحاڵییە. من داوا لە هەموو خانمان دەکەم، تکایە پشتی یەك بگرن و هاوکاریی یەکدی بکەن و دژی ڕەگەزی خۆتان مەوەستن، چونکە ئەگەر من خانمێك پشتم بگرێت، زۆر بۆ من سەرکەوتووترە، تاوەکو ئەوەی ڕەگەزێکی بەرانبەر پشتم بگرێت، هەموومان پێویستمان بە هاوکاریی خانمانی کورد هەیە. ژمارەیەکی زۆر لە کچان و ژنان هاتوونەتە بواری کارکرنەوە و شتەکە لەوە دەرچووە، کە ئیتر خێزان ڕێگری لە کارکردنیان بکات. زۆربەی باوك و برا و هاوسەرەکانیش هانی ئافرەتی خانەوادەی خۆیان دەدەن، کە بچن کاربکەن و تواناکانیان بۆ کۆمەڵگە بسەلمێنن.

**سوپاس بۆ خوای گەورەن توانیومانە بە شێوازی ئۆنلاین پێشەنگی هەموو پەیجەکانی دیکە بین، بەتایبەتی لە جلی نوێژدا**

**دەتوانم بڵێم یەکەم ئافرەت بووم لە کوردستاندا کە قورئانم بۆ خەڵك دیزاین کردووە**

**بە قورئانی دووکان و ئەو قورئانانەی خەڵك هێناویەتی دیزاینم کردوون، هەتا ئێستا نزیکەی هەزار قورئانم دیزاین کردووە**

**ڕەوتی کارکردن بۆ خانمان لە کوردستاندا جێگەی خۆشحاڵییە و بەردەوامیش پاڵپشتی ڕەگەزی خۆم دەکەم و هانیان دەدەم بۆ کارکردن**

## ئەنوشکا شانکار:

# مۆسیقا کاریگەری هەیە لەسەر گەشەکردنی هزری مرۆڤدا



ئەم خانمە هونەرمەندە یەکێک لە بەرهەمەکان پێشکەش بە پەنابەران کرد، لەم رووەوە دەڵێت: بە سەلامەتی لەماڵەکەمدا دەژیام و ئاگاداری خۆراکی منداڵەکەم بووم، سەدان هەزار کەسیشم بینی کە لە ترسناکترین شەڕەکان هەڵدێن و.. بێبەشبوون لە سەرەتاییترین مافەکان بۆ ژیان لە سەلامەتیدا دوای گەشتێکی وەسفنەکراو". ئاماژەی بەوەشکردووە، بەڕای من مۆسیقا ڕێگەیەکە بۆ وەڵامدانەوە و دەربڕینی هەستەکانم. شانکار بەمشێوەیە باسی مۆسیقای کلاسیکی ڕۆژئاوایی و فیوژن دەکات و دەڵێت: من بەراوردکردنی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییم بەدڵ نییە، بەڵام یەک شت کە حەز دەکەم تێبینی بکەم ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوادا، فەزایەک بۆ هەموو ژانرێک دروستکراوە و بەم شێوەیە ڕێگەی پێدەدات لەسەر خۆی بوونی هەبێت. ئۆپێراخانە و مۆسیقای کلاسیک هۆڵی سەمفۆنی هەیە، مۆسیقای ئەلیکترۆنی یانەی هەیە و مۆسیقای ڕۆک هەیە. هەمووان شوێنی خۆیان دەستکەوتووە و سپۆنسەر و بەخشەر و لایەنگر و کەناڵی ڕادیۆیی بۆ هەر



**ئەنوشکا شانکار خاوەنی پێنج خەڵاتی ئۆسکارە، کچی ڕاڤی شەنکار و خوشکی گۆرانیبێژ نۆرا جۆنزە. باوکی بینەرانی ڕۆژئاوایی بە سیتارەکە ناساند.**

ژانرێک هەیە. بۆ هەر شتێک ڕێکخستنێک هەیە و خەڵک دەتوانن بچن بۆ ئەو شوێنەی کە دەیانەوێت.

لەبارەی گرنگی پەروەردەی مۆسیقا دەڵێ: مۆسیقا پەیکەری کۆمەڵگای ئێمەیە، مۆسیقاش دەتوانێت توانا و کارەکتەرەکان لە قاڵب بدات. پەروەردەی مۆسیقا دەتوانێت بەشدارییەکی زۆر بکات لە گەشەکردنی هزری مرۆڤدا. پەروەردەی هونەری پەرە بە تەواوی بوون دەدات و مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی گەشەسەندنی سۆزداری، لەگەڵ هاوسۆزی بەرامبەر بە کولتوورەکانی تر. بە دڵنیاییەوە پێش ئەوەی ئەزموونی هەر فێربوونێکی فەرمی بکەم، مۆسیقایەکی زۆرم هەڵدەگرت. بە دڵنیاییەوە یەکەم وانەی سیتارم لەبیرە لە نزیکەی تەمەنی حەوتساڵیدا. خاڵێکی سەرەکی بوو، بەڵام من لەو کاتەدا زۆر حەزم لێ نەبوو.

ئەنوشکا تیشک دەخاتە سەر کەی ئایا هیندستان ئامادە دەبێت پشتگیری تەواو لە هونەرە کلاسیکییەکان بکات و دەڵێت:

پێموایە مۆسیقاکەمان لە پاکترین شێوەی خۆیدا شتێکە کە هەمیشە لە دەرەوەی هیندستان باسی دەکەین کە لەژێر هەڕەشەدایە. من ئەوە کەمتر بۆ خۆم دەبینم چونکە ئەوەندە زۆر ناچمە هیندستان، بەڵام هاوتەمەنەکانم دەبینم کە دەڵێن دەبێت هاوکاری و کرۆس ئۆڤەر فیوژن بکەن، و جۆرێک لە خولاندنەوە بۆ ئەوەی بفرۆشرێت. ئەوە ئەوەندە شەرمەزارییە، چونکە بینەرێکی زۆر هەیە بۆ مۆسیقاکەمان لە دەرەوەی وڵات. من گەشت دەکەم بە جیهاندا، نمایشە کلاسیکییەکان بە تەواوی دەفرۆشرێن. بینەرێکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی پێشکەشی بکەین. شەرمەزارییە کە لە وڵاتی سەرچاوەی خۆیدا پێشوازیی لێ نەکرێت و ئاشنای نەبن. ئێمە ڕژێمێکی تەسکی میدیامان هەیە و بەڕاستی دیارە و بۆیە پێدەچێت مۆسیقای هیندی لەژێر هەڕەشەدا بێت، چونکە زۆر دیار نییە. تەنها یەک ژانر هەیە کە بەڕاستی دیارە. بەڵام ئەگەر بچیتە هەر فێستیڤاڵێکی کلاسیک لە هەریەکێک لە شارەکان ئەوە سەرسوڕهێنەرە، جوانە. هەزاران کەس بە درێژایی شەو گوێ دەگرن.

سەبارەت بە پاراستنی مۆسیقای ڕەسەنی نەتەوەکان شانکار ڕوو لە گەنجەکان دەکات و دەڵێت: من پێم وایە ڕاستگۆیی و دەستپاکی لە پێش هەموو شتێکەوەیە بۆ دروستکردنی مۆسیقای بە بەها. هەموو کەسێک شتێکی ناوازەی هەیە کە پێشکەشی جیهان بکات و وەک هونەرمەندێک ئەگەر بتوانیت دەست بخەیتە سەر ئەو لایەنی ناوخۆیی کاتێک مۆسیقا دروست دەکەیت، ئەوا شتێکی بەنرخ دەهێنیتە جیهان.

ئەوین ئامانج

یاریزانی کاراتێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی:

# بۆ ئامانجێک هەوڵ دەدەم کە دەبێت تێبکۆشم لە پێناو بەدیهێنانی

یانەی پێشمەرگەی سلێمانی یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لەسەر هەردوو ئاستی کچان و کوڕان، تیپی کاراتێی کچانی یانەکەش یەکێك لە تیپە هەرە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراقە، کە ساڵانە لەکاتی کردنەوەی خولە جۆراوجۆرەکاندا بەردەوام لە کێبڕکێدابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق و تەنانەت دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە یاریزانەبەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی (ئەوین ئامانج) ـە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٥ی شاری سلێمانییە و ئێستاش بەردەوامە لەگەڵ تیپەکەی، گۆڤاری گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد.



*** چۆن بوو بڕیارت دا بێیتە نێو جیهانی وەرزشەوە؟**

- خولیام بۆ وەرزشکردن هەبوو، بۆیە ئەم بوارەم هەڵبژارد.

*** لە نێو ئەم هەموو وەرزشە جۆراوجۆرەدا چۆن بوو یاریی کاراتێت هەڵبژارد؟**

- زیاتر حەزم لەم جۆرە وەرزشە بوو لە نێو هەموویاندا ئەمەیان بۆ خۆم هەڵبژارد.

*** هەست ناکەیت یارییەکی قورست هەڵبژاردوە کە زیاتر کێبڕکییە؟**

- ڕاستە یارییەکی قورسە، بەڵام بۆ ئامانجێك هەوڵ دەدەم کە دەبێت تێبکۆشم لە پێناویدا.

*** ئاستی یارییەکانی کاراتێ چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- لەچاو ساڵانی پێشوودا بەرەو پێشەوە چووە.

*** چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە؟**

- ئەنجامدانی پاڵەوانێتی بۆ یاریزانان و بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ بەرەوپێشچوونی ئاستی یاریزانان، ئەمە هۆکارە بۆ ئەوەی بچێتە قۆناغی باشتر.

*** دەڵێن بەشێك لە یانەکانی کوردستان تیپی کاراتێی کچانیان لە یانەکانیاندا پشتگوێ خستووە؟**

- ئاگاداری یانەکانی دیکە نیم، بەڵام یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گرنگییەکی زۆر بە کچان دەدات هەروەك چۆن گرنگی بە کوڕان دەدرێت و هیچ جیاوازییەکی نەکردووە لە نێوانماندا، بە خۆشحاڵییەوە بەشداریمان پێ دەکات لە پاڵەوانێتییە نێودەوڵەتییەکاندا و گرنگیی زۆرمان پێ دەدات.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە پاڵەوانێك؟**

- بەشداریکردنم لە پاڵەوانێتییەکانی وڵاتانی دەرەوە و پاڵەوانێتییە جیهانییەکان.

*** سەرکەوتن چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- زیاتر هانم دەدات بۆ بەرەوپێشچوون.

*** کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

- هیچ کەسێك بە ڕکابەری خۆم نازانم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- هیوادارم ڕۆژێك بگەم بە ئاستێك بتوانم ناوی وڵاتەکەم و سەری خانەوادەکەم بەرز بکەمەوە.

*** بۆچی کچان بە کەمی ڕوو لەم وەرزشە دەکەن؟**

- زۆر کات خانەوادەکان ڕێگە بە کچەکانیان نادەن کە ئەم یارییە ئەنجام بدەن چونکە بە یارییەکی شەڕانگێزی ناسراوە، هەرچەندە بە پێچەوانەوە یارییەکی ئاشتییانە و دوورە لە شەڕانگێزی.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لە یانەکانی دیکە؟**

-گرێبەستم لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هەیە و لە منداڵییەوە یاریزانی یانەی پێشمەرگە بووم، هەر لەوێ گەورە بووم و پێشکەوتووم، ئەگەر یانەی دیکەیش هەبێت من ڕەتی دەکەمەوە و تەنیا بۆ یانەی پێشمەرگە یاری دەکەم، لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە یاریزانی یانەی پێشمەرگەم و تەنیا یاریم بۆ یانەی پێشمەرگە کردووە.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارتن بۆ وەرزشکردن؟**

- زۆر سوپاسی خانەوادەکەم ئەکەم کە لە هەموو کاتێکدا هاوکارم بوون و هیلاك بوون لەگەڵم

***ئەگەرلە کۆتاییدا شتێکت ماوە؟**

- سوپاسی ڕاهێنەرەکانم دەکەم و دەستخۆشی لە گۆڤارە جوانەکەتان دەکەم بۆ بەردەوامیی خزمەتی وەرزشکاران لە شارەکانی کوردستان.



# هەولێر لە سەر دەستی سەمیر بابۆ دەچێتە قۆناغێکی تازە

دەستەی نوێی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر لەگەڵ دەستبەکاربوونی لە یەکەم کاری بۆ ڕێکخستنەوەی تیپی تۆپی پێی یانەکە، کە لە خولی ئەستێرەکانی عێراقی کە ماوەیەك بە بێ ڕاهێنەر بووە، بە فەرمی سەمیر بابۆی ڕاهێنەری کوردی شاری هەولێر و کوڕی یانەکەی و ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێری بە فەرمی کردە ڕاهێنەری یانەکە، لە ئێستادا ئەم ڕاهێنەر لە دوو یاریی ڕابردوو لەگەڵ یانەکەی سێ خاڵی گرنگی بەدەست هێناوە، لە ئێستادا تیپەکە ڕێك خراوەتەوە لەسەر دەستی ئەم ڕاهێنەرە کوردە، ئێستادا ئەم ڕاهێنەر بیر لە دروستکردنەوە و ڕێکخستنەوەی تیپەکە دەکاتەوە بۆ ئەوەی تیپەکە بباتە قۆناغی داهاتوو، یان لانی کەم یانەکە لە مەترسیی دابەزین بۆ خولی پلە نایاب دوور بخاتەوە، یانەی هەولێر لە یەکەم هەوڵیدا بۆ ئاشتکردنەوەی یاریزانانی مووچەی دوو مانگی پێ دان بۆ ئەوەی یانەکە بخەنە سەر ڕێچکە و بتوانن لە یارییەکانی داهاتوو ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنن، جگە لەوەش سەمیر بابۆ پلانێکی تۆکمەی داناوە بۆ ئەوەی یانەی هەولێر بکاتەوە بە تیپە بەهێزەکەی جاران و ڕکابەریی سەرجەم یانەکانی دیکەی عێراقی بکەن، لە ئێستادا ئارامی باڵی بەسەر بارودۆخی یانەکەشدا کێشاوە» .





# خولی پەرەپێدانی ڕاهێنەری یاریی شەترەنج بۆ مامۆستایانی وەرزشی بەڕێوە چوو

بەڕێوەبەرایەتی وەرزش لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی وەرزش و هونەر لە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد و یەکێتی شەترەنجی عێراقی، لە هۆڵی یانەی وەرزشیی شەترەنجی خانزاد، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ خولی پەرەپێدانی تواناکانی ڕاهێنەری یاریی شەترەنج بۆ زیاتر لە ١٥٠ مامۆستا و سەرپەرشتیارانی هونەری وەرزشی لە سنووری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی هەولێر کردوە، کە مامۆستایانی هەریەك لە پەروەردەکانی (ناوەندی هەولێر، دەوروبەر، بنەسڵاوە، شەقڵاوە، کۆیە، خەبات، مەخمور) تێدا بەشدار بوون، ڕۆژانە وانەکان بە تیۆری و پراکتیکی لە لایەن مامۆستایانی وانەبێژی بواری شەترەنج دەگوترانەوە، نوێترین زانیاری لە بارەی یاریی شەترەنج و چۆنیەتی یارییەکە بۆ مامۆستایانی وەرزشی ئامادەبوو دەگوترایەوە، لەم بارەشەوە دکتۆر دڵزار حەمە ساڵح سەرۆکی یانەی وەرزشی شەترەنجی خانزاد گوتی: «دوای ئەوەی بە بڕیاری وەزارەتی پەروەردە شەترەنج وەك وانەی خوێندن دانرا، ئەم خولە دەستپێك بوو بۆ یەکەم هەنگاوی قۆناغی یەکەم، کە ١٥٠ مامۆستا لە ئافرەتان و پیاوان دابەش بوون بەسەر چەند گرووپێکدا، پەرتووکێکی تایبەت بەم بابەتەش ئامادە کراوە و تایبەتە بە یاریی شەترەنج، قۆناغەکانی دواتر تایبەت دەبێت بە شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان و بە هەمان شێوە خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایان دەکرێتەوە، کە بۆ ساڵی داهاتوو لە پۆلەکانی (٧-٨-٩)بنەڕەتی بخوێندرێت.

# زانکۆی جیهان گەیشتە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان

یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان ئەم وەرزە بە تیپێکی تۆکمە و جیاواز لە وەرزەکانی ڕابردوو توانی بێتە نێو کێبڕکێیەکانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان بۆ گەیشتن بە خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، کارگێڕیی یانەکە ئەم وەرزە بە ستافێکی ڕاهێنەری تازە و کارگێڕییەکی جیاواز چوونە نێو کێبڕکییەکانی خولەکە و خۆیان گەیاندە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە ئەندازیار بورهان سابیر سکرتێری یانەی وەرزشیی زانکۆی جیهان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە هەر لە دەستپێکی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان ئامادەکارییەکی زۆر باشمان ئەنجام دا بۆ ئەوەی بتوانین ئامانجی خۆمان بپێکین و یاری بۆ یاری تیپەکە دەچووە قۆناغێکی باشتر، ئێمەش وەکو سەرۆکی یانە و سکرتێر و کارگێڕیی تیپەکە بەردەوام لە نزیکەوە چاودێریی تیپەکەمان دەکرد بۆ ئەوەی سەری بخەینەوە بۆ خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان»، لەبارەی گەیشتنی تیپەکەش بە یاریی کۆتایی ئەندازیار بورهان گوتی: «هەر چەندە گەیشتین بە یاریی کۆتایی لە بەرامبەر یانەی کفری باشتریش یاریمان کرد، کەچی بە لێدانی سزا تووشی شکست بووین، بەڵام لە یاریمان بەرامبەر سەنگەسەر توانیمان یارییەکە بە سوودی خۆمان بە کۆتایی پێ بهێنین و وەکو نوێنەری یانەکانی پارێزگای هەولێر بگەینە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، ساڵی داهاتوو دەبینە یەکێك لە تیپە بەهێزەکانی خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، بەرنامەی تایبەتیشمان هەیە تیپەکانی دیکەیش گرنگی پێ بدەین و بیان بەینە قۆناغێکی باشتر».





# کاربۆهیدراتە باش و خراپەکان!

کاربۆهیدراتەکان بەشێکی سەرەکین لە خۆراکی هاوسەنگدا، سەرچاوەیەکی سەرەکی و هەرزانی وزەن، بریتین لە شەکر، نیشاستە لەگەڵ ڕیشاڵ. کاربۆهیدراتەکان بۆ دوو جۆر پۆڵێن کراون، کە بریتین لە کاربۆهیدراتە باشەکان Good carbs یان ئاڵۆزەکان Complex و کاربۆهیدراتە خراپەکان Bad carbs یان سادەکان Simple. پێکهاتەی کیمیایی و خێرایی هەرسکردن، جۆری کاربۆهیدرات دیاردەکات، بۆنموونە هەرسکردنی کاربۆهیدراتە ئاڵۆزەکان بەراورد بە کاربۆهیدراتە سادەکان کاتێکی زیاتریان دەوێ و نابنە هۆی بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی شەکری خوێن کە زووتر هەرس دەکرێن و ئاستی شەکری خوێن بە خێرایی بەرزدەکەنەوە.



لە لایەکی دیکە کاربۆهیدراتە ئاڵۆزەکان شەکر یان نیشاستەی سرووشتی لەخۆ دەگرن، هەروەها دەوڵەمەندن بە ڕیشاڵ، لەگەڵ ڤیتامین و کانزای جۆراوجۆر کە بایەخی تەندروستیی زۆریان هەیە، هەرسکردنیان لەسەرخۆیە، بۆیە نابنە هۆی بەرزبوونەوەی خێرای ئاستی شەکری خوێن، بە پێچەوانەی کاربۆهیدراتە سادەکان کە بە خێرایی هەرس دەکرێن و هەڵدەمژرێن، بۆیە دەبنە هۆی بەرزبوونەوەیەکی خێرای ئاستی شەکری خوێن، هەروەها ڤیتامین و کانزا و ڕیشاڵ و ماددەی دژەئۆکسان لەخۆ ناگرن، واتە کالۆریی بەتاڵ Empty calories دەدەنە لەش. نموونەی کاربۆهیدراتە باشەکان: پەتاتەی شیرین، گەنمەشامی، نیسك، پاقلەمەنییەکان، نۆك، فاسولیای ڕەش، گێزەر، شوفان، کوینۆوا، دانەویڵەی تەواو، کاکڵەکان Nuts، چەوەندەر، کوولەکەی زستانە. نموونەی کاربۆهیدراتە خراپەکان کە شەکرەکان و نیشاستە سافرکاوەکان Refined لەخۆدەگرن: سۆدا، شلەمەنییە شیرینکراوەکان، چیپسی پەتاتە، ئارد یان نانی سپی، برنج، کێك و بسکویتەکان، ئایس کرێم، هەموو جۆرەکانی قەنادی.

# بەهای تەندروستیی زەعفەران

زەعفەران Saffron گرانترین جۆری بەهاراتە لە سەرتاسەری جیهاندا، سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، لێکۆڵینەوەکان ڕوونیان کردووەتەوە کە زەعفەران بە کاریگەری لەسەر ماددە کیمیاییەکانی مێشك نیشانەکانی خەمۆکی سووك دەکات. لە لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە کە زەعفەران دژی سیرۆتۆنین Serotonin کاردەکات بە هەمان شێوەی دەرمانە دژەخەمۆکییەکان. زەعفەران چەند ماددەیەکی گرنگ لەخۆ دەگرێت وەکو کرۆسین، کرۆسیتین، پیکرۆکرۆسین، هەروەها سافرانیل کە بە میکانیزمی جیاواز خەمۆکی سووك دەکەن. ئاماژە بەوەش کراوە کە ڕۆژانە خواردنی تەنیا ٣٠ گرام زەعفەران بۆ ماوەی ٤-٦ هەفتە ئەم ئامانجە دەپێکێت. زەعفەران گەلێك جۆر لە ماددەی دژەئۆکسانی گرنگ لەخۆ دەگرێت کە ڕۆڵیان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، دابەزاندنی پەستانی خوێن، سووککردنی ئازاری گەدە، سووککردنی ئازار و گرژییەکانی پێش دەستپێکی سووڕی مانگانەی ئافرەت. سوودە تەندروستییەکانی دیکەی زەعفەران: باشترکردنی توانا و فرمانەکانی مێشك، خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، هاندانی کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن، هاندانی خەوێکی ئارام، پاراستنی تەندروستیی چاو، هاندانی تەندروستیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، کۆنترۆڵکردنی شەکری خوێن، هەروەها دابەزاندنی ئاستی کۆلیسترۆڵی گشتیی خوێن.



# هۆکارەکانی ئازاری قاچ

ئازاری قاچ Leg cramps یان گرژبوونی ماسوولکەکانی ڕان، یان قاچ کە زیاتر لە ئەنجامی کەمبوونەوەی شلەی لەش یان زیاد ماندووکردنی ماسوولکەکان ڕوو دەدات، لە هەندێك حاڵەتیشدا نیشانەیە بۆ نەخۆشی وەك: نەخۆشیی شەکرە یان پەککەوتنی گورچیلە، هەروەها زیانی لابەلای بەکارهێنانی چەند دەرمانێك. ماسوولکەکان سەرچاوەی سەرەکین بۆ ئازاری قاچ کە تووشی گرژبوون یان زیاد ماندووکردن دەبن. هۆکارەکانی تایبەت بە ستایلی ژیان کە دەبنە هۆی ئازاری قاچ: تەمەن پاش ٦٠ساڵی، کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش Dehydration، مەشقی وەرزشی لە کەشی گەرم یان لە شوێنی گەرمدا، مەشقی وەزرشی بۆ ماوەیەکی زۆر، وەستان لەسەر قاچەکان بۆ ماوەیەکی زۆر، کەمبوونەوەی خوێ یان کانزاکانی کالسیۆم یان پۆتاسیۆم یان مەگنسیۆم، قەڵەوی، هەروەها دووگیانی. هۆکاری پزیشکییەکانی ئازاری قاچ: هەستەوەری، شێرپەنجە، نەخۆشیی شەکرە، نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان، کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن لە قاچدا یان نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دەوروبەر، کەمخوێنی، چارەسەر بە دەزگای گورچیلەی دەستکرد Dialysis لە حاڵەتەکانی پەککەوتنی گورچیلە، نەخۆشیی کۆئەندامی هەرس، پەککەوتن یان مۆمبوونی جگەر، نەخۆشیی کۆئەندامی هەناسە، برینداربوونی پەتکە دەمار، سستبوونی گلاندی دەرەقی، ڕاهاتن لەسەر خواردنەوە ئەلکهولییەکان، هەروەها زیانی لابەلای دەرمان وەکو دەرمانەکانی دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵ.




# سیستەمی GPS بێ سیمک




ئەو خزمەتگوزارییەی سیستەمی GPS واتە ئامێری دۆزینەوەی شوێنەکان دەیکات، یەکجار گرنگە. لەراستیدا مرۆڤ لە شوێنە ناشارەزاکان وەك نابینا دەچێت، بەڵام بەهۆی ئامێری GPS لە هەر شوێنێکی گۆی زەوی بێ هیچ گرفتێکی بۆ نایەتە پێش.

بۆ سوود وەرگرتن لە سیستەمی GPS دەبێ سیمکارتی ئەو شوێنەت پێبێ یا هێڵی ئینتەرنێتت هەبێ. بەڵام ئامێری goTele XQUAD ئامێرێکی بچووکە، پێویستی نە بە سیمکارتە و نە بە ئەنتەرنێت، ڕاستەوخۆ لەگەڵ مانگە دەستکردەکان لەپەیوەندی دایە. ئەو ئامێرە بۆ



# پاوەربانکێک لە ستایل و توانادا ناوازە

پاوەربانك واتە ئەو ئامێرەی کۆگای هەڵگری وزەیە بۆ بارگاوی کردنی گشت ئەو ئامێرانەی پێویستیان بە شەحنە، لە گەشت و گەڕان و شوێنەکانی دوور لە کارەبا گرنگی خۆی هەیە. پاوەربانکان هەموویان یەك ئەرك ئەنجام دەدەن ئەویش بارگاوی کردنی ئامێرەکانە. بەڵام هەندێك لە پاوەربانکەکان لە ستایل و توانادا جیاوازن لەیەکتر. بۆ نموونە پاوەربانکی جۆری shargeek 170 کە لە ستایلدا جیاوازە.

هەموو شتەکان لەوێدا بە ڕوونی دەبیندرێن، شاشەیەکی بچووکی هەیە بۆ نیشاندانی ڕێژەی وزە و هەروەها دەرچوونی وزە و کاتژمێر. پاوەربانکەکە چەندین کەلێنی هەیە بۆ شەحنکردنەوە وەك: کەلێنێك بۆ USB-A و دوو شوێنیش بۆ USB-C. پاوەربانکەکە خێرایە و دەتوانێت دوو لاپتۆپی ماك پڕ شەحن بکاتەوە. دژە تەرپوونە و تۆز و خۆڵ کێشەی بۆ دروست ناکات. خێراییەکەی ١٤٠ واتە. خۆی لە ٤٥ خولەکدا شەحن دەبێتەوە.


# ماوسێک جیاواز لە هەموو م



ماوسی کۆمپیوتەر ئامرازی سەرەکی جێبەجێکردنی فەرمانەکانە لە کۆمپیوتەردا. کارکردن لەسەر کۆمپیوتەر بەبێ ماوس تا ڕادەیەکی زۆر ئەستەمە.

قەبارە و توانای ماوسەکان ڕەنگە هەموویان وەك یەك نەبن، بەڵام لە شێواز و ستایلدا وەك یەکن و هەندێکیان بڕێك جیاوازیان هەیە لەگەڵ هەندێکی دیکەیان. ماوسی جۆری RollerMouse لەگشت ئەو ماوسانەی کە تا ئێستا بەکارت هێناون جیاوازە. جیاواز لە ستایل و شێوازی کارکردندا.

ماوسەکە دەکەوێتە خوار کیبۆرد و بە کیبۆردەوە پەیوەند دەدرێ. ڕێك بەقەد کیبۆردێکی ئاسایی دەبێت، بەڵام سایزی پانایی بچووکترە. لە بەشی سەرەوەدا ڕۆڵەیەك



# نەوەی دووەمی ڕۆبۆتی تێسلای هاوشێوەی مرۆڤ

کۆمپانیای تێسلا ڤێرژنی دووەمی ڕۆبۆتی Optimus Gen بەرهەم هێنا، ئەم ڕۆبۆتە بە بەراورد بە ڤێرژنی پێش خۆی چەندین گۆڕانکاری تێدا پێکهاتووە:

کێشی کەمتر بۆتەوە، خێراییەکەی ٣٠٪ زیاتر بووە. جوڵەکانی زۆر سروشتیترن و زۆرتر وەك جوڵەی مرۆڤ دەچن. جوڵەی مل و پەنجەکان و هەستەوەرکانی بەرکەوتنی زۆر وەك مرۆڤ دەچێت.

تایبەتمەندییەکانی ڕۆبۆتەکە ئەمانەن: بەرزی ١٨٠ سانتە. کێشی ٥٥ کیلۆیە، خێراییەکەی ٨ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە. هەستی بینایی زۆرترە و دەتوانێت ئەو شتانەی دەیبینێت بیانناسێت و تایبەتمەندییەکانیان بزانێت. کاتێك هێلکەیەك هەڵدەگرێت بە نەرمی دەجوڵێتەوە، بەڵام کاتێك تەنێکی ڕەق هەڵدەگرێت، بە قورسی هەڵدەگرێتەوە. لە ڕێگای دەنگەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و هەروەها بە مۆبایل و ڕیمۆتی تایبەتی خۆشی کۆنترۆڵ دەکرێت.

## ـــــــارت و نێت

ناوچە چیاییەکان یا دارستانەکان ئەگەر لە گەڵ گروپێك دەبی گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەموو ئەندامانی گروپ بەهۆی ئەو ئامێرەوە لەگەڵ یەك لە پەیوەندیدان و ئەگەر مەودای دوورکەوتنەوەیان زۆر بوو ئاگاداریان دەکاتەوە. لەیەك کاتدا لەگەڵ ١٥ ئامێر پەیوەند دەدرێت. هەتا ٤٨ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. بۆ کاتی شەڕ، ڕاو، چوون بۆ کێوڕەوی گرنگییەکی زۆری هەیە.




## ـــــــاوسەکانی دیکە

هەیە دێت و دەچێت و دەسوورێت. ئەوە خودی ماوسەکەیە. لە ناوەندەکەیدا چەندین دوگمە هەن، وەك دوگمەی لای ڕاست و چەپ، هەروەها دوگمەی دەبڵ کلیك کە لە هیچ ماوسێکی دیکەدا نییە. دوگمەی لکاندن و کۆپی کردن و دوگمەیەکیش بۆ خێرایی بەخشین بە ماوسەکە. بەرهەمهێنەرانی ماوسەکە دەڵێن بەکارهێنانی ماوسەکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئازاری جومگەکان کەم بێتەوە و هەروەها بەکارهێنەر بەردەوام ماوسەکەی لەبەردەست دابێت.



# پرۆگرامێک بۆ شیکاری و ڕێکخستنی هارددیسک

هارددیسك گرنگترین پارچەی كۆمپیوتەرە. كۆمپیوتەر یانی هارددیسك! كۆگا و داتای گشت زانیارییەكانی سەر كۆمپیوتەرە. لەكاتی سووتان و تێكچوونی كۆمپیوتەردا هەموو پارچەكان بسووتێن، كێشەی گەورە بۆ بەكارهێنەر پێكنایەت، بەڵام بە سووتانی هارددیسك هەموو داتاكانی لەناو دەچن.

پرۆگرامی Ashampoo Disk Space Explorer پرۆگرامێكی بەهێزە بۆ ڕێكخستنی و شیكاری كردنی هارددیسك. بەكارهێنانی زۆر ئاسانە تەنانەت بەكارهێنەرانی ناشارەزاش دەتوانن بەكاری بێنن.




زۆر پرۆگرام هەن بۆ ڕێكخستنی داتاكانی ناو هارددیسك، بەڵام ئەوەیان لە هەموویان باشتر و وردبینترە. زانیاری لەبارەی قەوارەی فایلەكان، مێژووی دوایین دەستپێڕاگەیشتن، ڕێكخستنی فایلەكان بەپێی قەوارە، جۆر و ڕێكەوت. بەكارهێنەر بە ئاسانی دەتوانێت فایلە كۆن و نا پێویستەكان بدۆزێتەوەو بسڕێتەوە.

تایبەتمەندییەكی دیكەی پرۆگرامەكە پشتیوانی كردن لە جۆر و سیستەمی هارددیسك و فلاش میمۆرییەكانە. هەموو جۆرە هاردێك چ دەرەكی بێت و چ ناوەكی شیكاری دەكاتەوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت، ئێستا كە كەش و هەوا بەرەو گەرمی دەچێت، ئایا كەش و هەوای گەرم كێشە بۆ لاپتۆپ و كۆمپیوتەر دروست ناكات؟**

خوێنەری بەڕێز لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین، بەڵێ كەش و هەوای گەرم كێشەیەكی زۆر بۆ لاپتۆپ و دیسكتۆپ دروست دەكات، بەتایبەتی لاپتۆپ. هەربۆیە لاپتۆپەكان جگە لە (فەن) پانكەی خۆیان، ستاندی تایبەتیان بۆ دادەنێن كە لە ژێرەوەی پەنكە هەیە.

كەش و هەوای گەرم دەبێتە هۆی ئەوەی CPU واتە پرۆسیسەر زۆر گەرم دابێت و گەرم داهاتنی ئەو پارچەیەی كۆمپیوتەر دەبێتە هۆی دابەزینی خێرایی كۆمپیوتەر. بۆ ئەوەی لاپتۆپ گەرم دانەیەت، كەش و هەوای ژوورەكەت هەمیشە لە نێوان ١٠ بۆ ٣٥ بێت. ئەو شوێنەی لاپتۆپەكەی لێدادەنرێ خۆر ڕاستەوخۆ لێینەدات.

# GPT-4o گۆڕانکارییەکی مەزن لە وەرگێڕانی زماندا

كەمترە لە ساڵێك دەبێت ژیریی دەستكرد بەتایبەتی ChatGPT پەرەی سەند و بوو بە ڕۆژەڤ و دەنگدانەوەیەكی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا. لە سەرەتادا GPT.3.5 بەبێ تێچوون و بەخۆڕایی خەڵك سوودی لێوەرگرت و پاشان كۆمپانیای OpenAI ڤێرژنێكی بەهێزتری بەناوی GPT.4 بڵاوكردەوە، ئەم ڤێرژنە بە خۆڕایی نییە، بەڵام لە گشت بوارەكاندا زۆر دەوڵەمەندترە لە ڤێرژنی پێش خۆی.

لەم ماوەیەدا ڤێرژنێكی نوێی ChatGPT بڵاوكرایەوە كە بە ڤێرژنی GPT-4o ناسراوە، ئەم ڤێرژنە زۆرتر لەگەڵ دەنگ لە پەیوەندیدایە و بە دەنگ فەرمانەكان جێبەجێ دەكات بۆیە زیاتر بۆ مۆبایل گونجاوە. لە وەرگێڕانی زماندا لە لوتكەدایە. بۆ نموونە كاتێك دەڵێت ئەم قسانەی ئێستا دەیكەم بە زمانی ئیتالی وەربگێڕە، بە هەمان فۆنەتیكی دەنگی خۆت و بەو حاڵەتە ڕووحیەی بەكارهێنەر تێیدایە وەك تووڕەیی و شادی و خەم و بەگشت بە هەموو حاڵەتێك بەم شێوەیە دەریدەبڕێ. لەو ڤێرژنەدا ChatGPT ڕۆڵی زیندوو دەگێڕێ وەك ئەوە وابێ كەسێك لەلات بێت، بۆ نموونە لێی دەپرسی ئێستا دەوربەری من چی لێیە؟ هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرتن بە وردی بۆت باس دەكا.




# تیشێرتی TV تابلۆی ڕیکلام کردن

لە سەردەمی ژیریی دەستکرددا ئامرازەکانی ڕیکلام کردن یەکجار زۆرن، تورە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕیکلامکردندا پشکی شێریان بەردەکەوێت، جگە لەوە پۆستە و بانەریش بەشێکی ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە ڕیکلام کردن.

لەم دواییەدا T-shirtی زیرەك بەرهەم هاتووە لە ناوەندی تیشێرێتەکە شاشەیەکی بچووکی دە ئینجی هەیە کە لە شاشەکەدا ئەوەی مەبەستتە بۆ ڕیکلام کردن نیشان دەدرێ. وەك تەلەڤزیۆن وایە هەر خودی تیشێرتەکە بە T-shirt TV ناسراوە. هەموو سایزێکی هەیە و هەروەها تایبەت بە هەردوو ڕەگەزیش هەیە. لەکاتی شوردندا بەشی شاشەکە لێدەکرێتەوە. باترییەکی بچووکی تێدایە کە هەتا پێنج کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. هەروەها دەکرێت لە ڕێگای فلاش میمۆری و مۆبایلەوە دەتوانیت فایلە ڕیکلامییەکان بگۆڕدرێ.



## ماڵپەڕی زیرەکیی دەستکرد بۆ گۆرانی و مۆسیقا

ژیریی دەستکرد هیچ پیشە و ئەرکێك نییە دەستی بۆ نەبردبێ. تەنانەت بواری مۆسیقا و گۆرانی و لایەنەکانی دیکەی هونەریش. چ لەدانانی گۆرانی بێت و چ لە ئاوازدانان بێت ئەویش لە ژیریی دەستکرددا تاقیکراونەتەوە.

ماڵپەڕی suno.com یەکێك لە ماڵپەڕە بەهێزەکانی ژیریی دەستکردە بۆ دانان ئاواز. لەوێشدا وەك زۆربەی بەشەکانی دیکە زمانی کوردی بێبەشە. بەڵام زمانەکانی وەك فارسی و عەرەبی و تورکی و .... تێدایە. بەهۆی ژیریی دەستکردی suno.com هەم تێکستی گۆرانییەکەت بۆ دادەنێ و هەمیش ئاوازی گۆرانییەکە. بەکارهێنەر دەتوانێت بە دڵخوازی دەقێکی شیعری بداتە بۆ گۆرانی. دەنگی ژن و پیاوی تێدایە.










# ڕەقترین ماددەی سرووشتی


یەکێك لەو ماددانەی کە بۆ بەکارهێنانی تاشین و بڕین و تەنانەت لەتکردنی کەرەستە و ئاسنەکان بەکار دێت ماددەی ئەڵماسە، کە بەهۆی ڕەقییەکەیەوە نرخیشی گرانە، بەمەش ڕیزبەندی ڕەقترین ماددەی سەر زەوی دەگرێت، بەپێی پێوەرەکانی مۆهس (ئەڵماس) ڕەقترین ماددەی سرووشتییە، هۆکاری ڕەقبوونی ئەڵماسیش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی ناوەوەی بەو پێیەی ئەڵماس لە نزیکەی ٪٩٩,٩٥ کاربۆن پێك دێت، و ٪٠,٠٥ یەك یان چەند توخمێکی دەگمەنی تێدایە، کە ڕەنگە کاریگەریی لەسەر ڕەنگ یان شێوەی هەبێت.



## یاسا

**ناوزڕاندن (تشهير)**

قسە و باسی ناو خەڵك زۆر جار وا دەکا ببێتە هۆی ناوزڕاندنی کەسێك، کە ئەمەش نە لە شەرع و نە لە یاسادا ڕێگەپێدراو نییە کە باسی کەسێك بکرێ و ڕووداوێکی یان حاڵەتێکی بخەنە پاڵ، مەرج نییە ئەو ڕووداوەی باس دەکرێت ڕاستی بێت، بەڵکو دەکرێ دروست کراویش بێت، بەڵام هەر دەبێتە هۆی ناوزڕاندنی کەسێك، هەر کەسێك ببێتە هۆی ناوزڕاندنی کەسێك سزادەدرێ بە حەپسکردن یان غەرامەکردن بە پێی مادە (٤٣٣) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩، سزاکەش بە پێی حاڵەتی تاوانەکە دەگۆڕێت.




## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە ژیانی ئافرەتان دەکات، ئەوانەی دەیانەوێت بە خەون و ئاواتەکانیان بگەن، کەچی لەلایەن خەڵك و کەسانی دیکەوە ڕێگرییان لێ دەکرێت.



## دیمەنە سەیرەکان

**دیمەنی مانگی دەستکردی دار**

ئەمە دیمەنی مانگی دەستکردی دارە، کە لەلایەن وڵاتی ژاپۆنەوە دروست کراوە و یەکەم وڵات دەبێت مانگێکی دەستکرد هەڵبدات کە بەشی زۆری لە دار دروست دەکرێت، ئەو هەنگاوەی ژاپۆن بۆ ئەوەیە زبڵ و خاشاکی کانزایی لە خولگەکانی زەوی کەم بکەنەوە.



**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

پێش ئەوەی دەست بە چارەسەری هەر کێشەیەك بکەیت، لە هۆکارەکەی بکۆڵەرەوە، بۆ ئەوەی دووبارە نەکەویتەوە ناو هەمان کێشە، گرنگی نەدان بە خۆراك وا دەکات وزەی پێویستت نەبێت و ئەمەش گرفتی تەندروستیت بۆ دروست دەکات.



**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بۆئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت کۆتایی بە ناکۆکییەکانت بێت، پێویستە بە جددی گفتوگۆ بکەن، ئەمڕۆ ئاسان نییە کۆنترۆڵی تووڕەییەکانت بکەیت، هەوڵ بدە خۆت لە کەسانی دیکە بەدوور بگریت، دەنا زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت دەگەیەنیت.



**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەمڕۆ ئامانجەکانت ڕوونن و دەزانیت بۆ چی هەوڵ دەدەیت، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆئەوەی زووتر بگەیت بەو شتانەی دەتەوێت، کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی پاڵپشتیی خێزانەکەت لەدەست بدەیت، وریای ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بە، تەندروستیت جێگیرە.



**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

کەسانی چواردەورت کاریگەریت لەسەر دروست دەکەن، هەربۆیە وریابە لەوەی لە نزیکی کێ و بۆچی دەمێنیتەوە، لە کەسانی نەرێنی دوور بکەوەرەوە، لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەدوای شوێنێکدا بگەڕێن کە تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن.



**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئێستا کارکردن زۆر ئاسانە، دەتوانیت کاتەکانت بەسەر ئەرکەکانتدا دابەش بکەیت و چانسی ئەوەت دەبێت لە کاتی خۆیدا بە ئەنجامیان بگەیەنیت، لەگەڵ خێزانەکەت خۆت بگونجێنە، کێشەکان لە ئێستادا بە ئاسانی چارەسەر دەبن.



**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی سۆزدارییەوە هەوڵ بدە هەموو شتێك وەکو جارانی لێ بکەرەوە و پەیوەندیتان بە باشی بهێڵەرەوە، لە لایەنی پیشەییەوە بەهۆی زۆریی ئەرکەکانتەوە هەست بە ماندوێتی دەکەیت، سەرنجت لەسەر ئامانجەکانت لا مەدە، ڕەنگە پێویست بکات بڕیارێکی سەخت بدەیت.



## پەند و وتە

بلەیز پاسکال، ماتماتیکزانی فەڕەنسی و فەیلەسووف و نووسەری بواری کاسۆلیك، لە ساڵی ١٦٢٣ لە شاری کلێمۆنت لە فیراند لە فەڕەنسا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٦٦٢ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ئازاری هەستەکان دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێت هەستەکانمان ئازارمان نەدەن، پێویستە وا ژیان بەڕێ بکەین وەك ئەوەی تەنیا هەشت کاتژمێر ماوە لە ژیانماندا و، هەر ئەوەندە بۆ داهاتوومان دابنێین».




## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا مرۆڤێك هەیە، هەوڵ بدە لە ماوەی (٣٠) چرکەدا بیدۆزیتەوە.

## بۆ زانیاریت


## هەستکردن بە تەزووی کارەبا



هۆکاری سەرەکیی تەزووی کارەبا لە کاتی بەرکەوتن لەگەڵ کەسەکان یان شتەکان گواستنەوەی بارگەی کارەبایی بچووکە لە جەستەی کەسێکەوە بۆ جەستەی کەسێکی دیکە، کە لە ئەنجامی بەرکەوتن لەگەڵ هەر شتێکی دی، وەکو جلوبەرگ و کانزا کۆمەڵێك کەرەستە دەبنە هۆی دروستبوونی ئەم تەزووانە، لەوانە: - لەبەرکردنی جلوبەرگ کە لە قوماشی خوری یان ڕیشاڵی دەستکرد دروستکراوە، خواردنی بڕێکی زۆر خۆراکی خوێ، کەمیی ئاستی شێ لە بەرگەهەوای دەوروبەردا، وشکبوونەوەی پێست، ئەمانە ئاسانکاری دەکات بۆ گواستنەوەی بارگەی کارەبایی بۆ جەستە یان وەرگرتنی لە جەستەیەکی ترەوە، هەروەها نزیکی لە ناوچەیەکی کارۆموگناتیسیی بەرز، وەك وەرگری شەپۆلی پەیوەندیکردن یان ژمارەیەکی زۆر ئامێری ئەلیکترۆنی لەماڵەوە. ئەم جۆرە تەزووە تەوژمی کارەبایی ڕۆیشتوو نییە بەڵکو کارەبای نەگۆڕە، کە بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی دانراوە ئەم بارگاوییانە بە بەرکەوتن بە ئاو، دەستنوێژ، یان بە دەست لێدانی پیسی کانزایەك، یان ڕۆیشتن بە پێخواسی لەسەر زەوی بۆ ماوەی چەند خولەکێك لە جەستەدا نامێنێت.

## فیلم

## بیرکردنەوەکانی تۆ - The Idea of You




فیلمێکی ڕۆمانسی و کۆمێدییە، باس لە ئافرەتێکی تەمەن (٤٠) ساڵ دەکات، کە دەکەوێتە داوی خۆشەویستی لەگەڵ گەنجێکی گۆرانیبێژی ٢٤ ساڵ، جیاوازیی تەمەنیان چەندین بیرۆکەی سەیریان بۆ دروست دەکات، هەروەها ئاماژە بە جیاوازیی تەمەنی هاوسەران دەکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٥٥) خولەکە، لە دەرهێنانی مایکل شاولتەر، لە نووسینی جیم فرۆنا، لە نواندنی: ئان هیتەوای، نیکۆلاس گالتزین، ئیلا بوبین، پێری ماتفیڵد، ڕەید سکۆت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە لایەنی سۆزدارییەوە ڕوونکردنەوە بۆ خۆشەویستەکەت بدە، هچ شتێك بە ناڕوونی جێ مەهێڵە، دەنا لە یەکتر دوور دەکەونەوە، زۆر نزیکیت لە گەیشتن بە ئامانجەکانت، لە ڕووی تەندروستییەوە خۆت بەدوور بگرە لەو خۆراکانەی بۆ هەرسکردن قورسن.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

وریای ئەو کەسانە بە کە شایەنی متمانە نین، ئەمە وا دەکات دواتر تووشی شۆك نەبیت، ئەم ماوەیە چارەسەری کێشەکان ئاسانن، هەر بۆیە شتەکان لە خۆت گەورە مەکە، خاڵی لاوازی خۆشەویستەکەت بەکار مەهێنە و سوودی لێ مەبینە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ژیانی پیشەیی و ژیانی تایبەتیت هەموو کارەکانت بە باشی بەڕێوە دەچێت، هیچ گرفتێکی گەورە نییە کە خۆتی بۆ نیگەران بکەیت، هەوڵ بدە پارێزگاری لە ئارامیت بکەیت، ڕەنگە ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی داهاتوو زۆر ئەرێنی نەبن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


متمانەیەکی زۆرت بە خۆت هەیە، ئەمەش دەتگەیەنێت بەوەی کە دەتەوێت، هەوڵ بدە یارمەتیی هاوپیشەکانت بدەیت و لە خۆپەرستی دووربکەوەرەوە، متمانە بە هاوڕێکانت بکە و گومان لە هەموو ڕەفتارێکیان مەکە، ئەم ماوەیە کەمێك هەستیاریت و بچوکترین وشەی نەرێنی نیگەرانت دەکات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە لایەنی پیشەییەوە تەنیا بە یەك ئاراستەدا مەڕۆ، ڕێگە جیاوازەکان تاقی بکەرەوە، ئەمەش دەتگەیەنێت بە ئامانجەکانت، وزەیەکی زۆرت هەیە و چالاکیت، ئەمەش یارمەتیت دەدات دەست بە ئەنجامدانی ئەو پرۆژەیە بکەیت کە خەونی لەمێژینەتە، پاڵپشتی کەسانی چواردەورت هەیە.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

دوای خەونەکانت بکەوە و هێزێکی زۆرت هەیە، پشت بە تواناکانی خۆت ببەستە، ئەم ماوەیە بە هەڕەمەکییانە بڕیار مەدە و بە وردی و ژیرانە بیر بکەرەوە، بەهرەکانت نیشان بدە لە لایەنی پیشەییەوە، لە بەرژەوەندیتە لە ئێستادا.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media

# TCR100 4G WI-FI ROUTER

دیزاینێکی بەهێز و پراکتیکی بۆ ئەوەی پەیوەندیەکی خێرا و متمانەپێکراوی 4G دەستەبەر بکەیت



- دەتوانیت ئەم ئامێرە بۆ مەبەستی تایبەتی و شوێنی گشتی بە کاربهێنرێت
- دەتوانیت بە سیم کارد یان بە کەیبلی ئینتەرنێتی شوێنەکەت بە کاری بهێنیت و خێرایی ئینتەرنێتەکەت دوو هێندە بکەیت.
- بۆ خاوەن هۆتێل و کافێ و کۆمپانیا و ڕێستۆرانتەکان بە تەواوی گونجاوە و بەرگەی پلەی گەرمی –٤٠ و ٧٥ دەگرێت،ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە چەند بە تۆکمەیی دروست کراوە.
- بۆ ئەو کەسانەی کە شاخەوانین و خولیای کامپینگن لەگەڵ هاوڕێکانیان،دەتوانن بە یەک سیم کارد هاوبەشی ئینتەرنێتەکە بکەن کە دەتوانن بە یەک راوتەر زیاتر ٥٠ بەکارهێنەری هەبێت.

**Strong and practical design to ensure a fast and reliable 4G connection**

- You can use this device for private and public purposes
- You can use it with your SIM card or cable to double your internet speed.
- Perfect for hotel owners, cafes, companies and restaurants and can withstand temperatures of -40 and 75 degrees, which proves how solidly built.
- For mountaineers and camping enthusiasts with friends, you can share the internet with a single SIM card that can have more than 50 users with a single router.

www.gulanmedia.com

**Contact with us :**

07502749592 - 07502749591

www.time-net.net

khabat stree, Erbil,Iraq



Weekly Gulan
June 3, 2024 Issue,No.1416

